

ڕۆژنامە

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە گۆمپانیای وشە دەرێدەکات

ژمارە 513 پێنجشەممە 16/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.513 Thu 16/ 7/ 2009

(١١) هەزار سەرباز لە دەرەوەی هەرێم لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەنگدەدەن



بەهادین یوسف

کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: زیاتر لە (١١) هەزار لە سەربازو هێزە چەکدارەکان لە دەرەوەی سێ پارێزگاکەی هەرێم بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەنو سندوقی دەنگدانیان بۆ دەبرێتە بەغداو موسڵو ئەنبار، سەرەڕای ئەوە زیاتر لە (١١٩) هەزار کەس لە هێزە سەربازییەکانو هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسی ناوخۆ دوو ڕۆژ پێش دەنگدان، بەشداریی دەکەن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

بەپێی ڕاگەیاندنێکی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، (١٣٢) بنکەی دەنگدان بۆ هێزە چەکدارەکانو هێزەکانی ناوخۆ بەندییەکانو نەخۆشخانەکان دەکرێتەوەبۆئەوەی(٧/٢٣)بەدەنگدانی تایبەت دەنگ بدەنو لەوژمارەیەش (١٢٠) بنکەی لە ناوەوەی هەرێمو (١٢) بنکەی لە پارێزگاکانی بەغداو موسڵو ئەنبار دەکرێتەوە بۆ دەنگدانی هێزە چەکدارەکان، کە ژمارەیان (١١٩) هەزارو (٤٠٢) دەنگدەری هێزە چەکدارەکان لە ناوەوەی هەرێمو (١١) هەزارو (٩٢٣) سەرباز لە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان».

حەمدییە حسەینی سەرۆکی بازنەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: کۆمسیۆن هەموو پێداویستییەکانی دەنگدانی بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکردووەو جیاکردنەوەی ئەو دەنگانەش بە ئامادەبوونی نوێنەری قەوارە سیاسییەکانو چاودێرانو هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەبێتو کۆمسیۆن ڕێوشوێنی گرتووەتە بەر بۆ ڕێگرتن لە دەنگدانەوەی دووبارەی ئەو کەسانەی کە لە هێزە چەکدارەکاننو ناوەکانیان لە تۆماری گشتیی دەنگدەران دەرهێنراوە، بۆئەوەی (٧/٢٣)، دوو ڕۆژ پێش دەنگدانی ئاسایی بە دەنگدانی تایبەت بەشداریی دەکەن.

بۆ ل٢

بەڕێوەبەرێتی شەهیدان بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی دەکات

ڕۆژنامە

بەڕێوەبەرێتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوان هەریەکەو بڕی (١٠٠٠) دۆلار دەداتە نزیکەی (١٠٠) منداڵی شەهیدو داوا لە کەسوکاریان دەکات، کە دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێڕێ لە کۆبوونەوەیەکدا لە بەڕێوەبەرێتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی سلێمانی، بەبیانووی خەڵاتکردنی منداڵانی شەهید، بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی کراو تێیدا نزیکەی (١٠٠) منداڵی شەهید هەریەکەو بڕی (١٠٠٠) دۆلاریان پێدراوەومەرجەی خێزانەکانیان دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەن، ئەوەش لەکاتێکدایە هەزاران خێزانی دیکە لەو بڕە پارەیە بێبەشدەکرێن.

سۆزان کەریم لێپرسراوی پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرێتی شەهیدانو ئەنفالکراوان نکوڵی لە بوونی ئەو حاڵەتە نەکردو وتی: «ئەو منداڵانە سەرجەمیان خوێندکار بوونو..

بۆ ل٢

«ئەو کەسانەی کە داواکارییان پێشکەش بە پارێزگای سلێمانی کردووە، دانامەزرێن»

شارا عەبدولڕەحمان

جێگری سەرۆکی حکومەت ئاماژە بەوە دەکات، سەرجەم ئەو فۆرمانەی لە پارێزگای سلێمانی کە بە مەبەستی دامەزراندن پڕکراونەتەوە، کاریان پێناکرێتو دامەزراندن تەنیا لە ڕێگەی وەزارەتەکان خۆیانەوە دەبێت.

لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا پارێزگای سلێمانی نزیکەی (١٨) هەزار داواکاری دامەزراندنی لە هاوڵاتیان وەرگرت، ئەمەش دوای ئەوەهات کە لە کۆبوونەوەی تاووتوێکردنی بودجەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان وەزیری دارایی ئاشکرایکرد، کە (١٥) هەزار کەس لە هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان دادەمەزرێنێت، هەرچەندە ئەو (١٨) هەزار کەسەی لە پارێزگای سلێمانی فۆرمی داواکاری دامەزراندنیان پێدرا، زۆربەیان بڕوانامەو پشکنینی چاویان لێوەرگیرا، تائێستا دانەمەزرێنراونو وەلاّمیان نەدراوەتەوە.

ئاراس ئەحمەد بەڕێوەبەری کارگێڕیی پارێزگای سلێمانی ئەوەی خستەڕوو، کە ئەنجومەنی وەزیران ئاگاداریکردوونەتەوە دامەزراندن بە ڕەزامەندی ئەوان دەبێتو دەبێت مامەڵەکان بنێردرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وتیشی: «لە پارێزگا هەر چوارسەد کەسو لە لیستێکدا کۆیاندەکەینەوە دەیانێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندن، نووسراویشمان بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی سنووری سلێمانی کردووە تابزانین چەندیان فەرمانبەر دەوێت،کەکەمترین پێداویستی فەرمانگەکان (٢٦) فەرمانبەر بووەو چەندین فەرمانگە زیاتر لە (١٠٠) فەرمانبەریان پێویست بووە، بەڵام جێگری سەرۆکی حکومەت ڕایگەیاند: ئەو کەسانەی کە داواکارییان پێشکەش بە پارێزگای سلێمانی کردووە هیچکامیان دانامەزرێن، عیماد ئەحمەد وتیشی: «دامەزراندن لە ڕێگەی وەزارەتەکانو پێویستییان بۆ فەرمانبەر دەبێتو پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندیی لەسەر نیشان بدات».

ئاماژەی بەوەشکرد، کە پارێزگا دەبێت بەپێی پلان خەڵک دابمەزرێنێتو میلاکی وەزارەتەکان نادرێتە پارێزگا بۆ دامەزراندنی فەرمانبەر بۆیان، بەڵام پارێزگا دەسەڵاتی هەیە بەپێی میلاکی خۆی کارمەند دابمەزرێنێت.

عیماد ئەحمەد:

سوودی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە کە هەموومان کەوتوونەتە خۆمان ئیشی باش بکەین



ل ٦و ٧

لەهەولێر، لیستی کوردستانی بەزۆر پارەو پۆستەر بەسەر مالاّندا دابەشدەکات

سامان بەشارەتی

موختاری چەند گەڕەکێکی شاری هەولێر بەسەرمالاّندا گەڕاونو پۆستەری لیستی کوردستانییان دابەشکردووەو داوایان لە خەڵک کردووە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، لەلایەکی دیکەوە مەڵبەندی سێی یەکێتی لە هەولێر زیاتر لە (١٠) هەزار دۆلاری بەسەر چەند کۆمیتەیەکی خۆیدا دابەشکردووە بۆ ئەوەی بیدەنە ئەو مالاّنەی دەنگ بە لیستی کوردستانی دەدەن.

لەکاتێکدا تەنیا نۆ ڕۆژ ماوە لە بەردەم قەوارە سیاسییەکاندا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵام پارتیو یەکێتی کەوتوونەتە کرینی ویژدانی خەڵک و بەرتیل دەدەنە خەڵک بۆئەوەی دەنگ بە مەسعود بارزانیو لیستی کوردستانی بدەن.

دانیشتوویەکی گەڕەکی شادی لە هەولێر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «موختاری گەڕەکەکەمان هاتو چەند پۆستەرێکی لیستی کوردستانی پێداینو وتیشی: «دەبێت دەنگ بە مەسعود بارزانیو لیستی کوردستانی بدەن»، ئێمەش پێمانڕاگەیاند «دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەین، دواتر لەلایەن موختارەکەوە هەڕەشەمان لێکرا».

هاوکات سەرچاوەیەکلەمەڵبەندیسێی یەکێتی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «مەڵبەندی سێ لە هەولێر هەستاوە بە پێدانی بڕی (١٠) هەزار دۆلار بۆ هەرکۆمیتەیەک کە بگەڕێن بەسەر مالەکانداو هەرکەسێک دەنگی بەلیستی کوردستانی دا پارەی بدەنێ.

حاکم سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «دابەشکردنی پارە بەسەر هاوڵاتییاندا بەپێی یاسای کۆمسیۆن خروقاتی هەڵبژاردنەو ئەگەر بسەلمێندرێت ئەو لایەنە سزا دەدرێت لەلایەن کۆمسیۆنەوە».

وتیشی: «هیچ کەس بۆی نییە بەزۆر داوا لە هاوڵاتییان بکات دەنگی بۆ بدەن، ئەگەر کاری واش ڕووبدات هەرکەس سکاڵای کرد لە کۆمسیۆن، ئێمە سزای ئەو لیستەدەدەین».

ئەوەییەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا



سەرۆک بارزانی دەنگدانە بە گەڕاندنەوەی ناوچە دابراوەکانو بەرژەوەندیی بالای گەلەکەمان، د.بەرهەمیش لە هەمان کۆبوونەوەی لە چەمچەماڵ رایگەیاند: «ئەو راستییە لەلای سەرجەمی کۆمەڵانی خەڵک شاراوە نییە، کە یەکێتیو پارتی دوو هێزی سەرەکیو تێکۆشەرنو سەرقافڵەی کاروانی ئاوەدانیو بەرگرین لە خاکو گەلو مافەکانی گەلی کوردستان، لەو پێناوەدا خاوەنی رووبارێک خوێنو تۆمارێکی بەرگری درێژنو ئەم ئازادییو دیموکراسیو ئاوەدانییەیان لە کوردستان رەخساندووەو نابێت ئەو دەستکەوتانە نادیدە بگرین، چونکە ئەو دوو هێزە بە سیاسەتی حەکیمانەی خۆیان بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیان رزگارو ئازادکردو تاوانبارانی جینۆسایدو لەناوبردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردیان بە ئەنجامی هەقی خۆیان گەیاندو لە ماوەی رابردوودا حکومەتی هەرێم سەدان خانووی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دروستکردووە.

ئەدهەم بارزانی ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیش، لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی پەیامنێر دەڵێت، دەنگدەدەم بە لیستی کوردستانی، چونکە لیستی (٨) هەزار ئەنفالی بارزانیو (٥) هەزار فەیلیو (١٨٢) هەزار ئەنفالی گەرمیانو ناوچەکانی دیکەیە.

بانگەشە بەناوی خوێنی شەهیدانەوە

یەکێک لە دروشمەکانی لیستی کوردستانی ئەوەیە، کە خۆی بە لیستی خوێنی شەهیدان لە قەڵەمدەدات.

رۆژی (٧/١١)لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی لە کۆبوونەوەیەکدا بەرهەم سالح سەرۆکی لیستی کوردستانی وتی: «چاوەڕوانی ئێوەی دڵسۆزی شەهیدانین، کە رۆژی (٧/٢٥) بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بڕۆنو پشتیوانی لە لیستی کوردستانیو کاندیدای سەرۆکایەتی هەرێم بکەنو بیکەنە جەژنو درێژەپێدانی رێبازی پیرۆزی شەهیدانی کوردستان»و لە هەمان کۆبوونەوەدا د.ڕۆژ نوری شاوەیس نوێنەری سەرۆکی هەرێم لە وتارێکدا وتی، «ئەمڕۆ لەسەر مەزاری شەهیدان دووپات دەکەینەوەو وەفاداریی بۆ شەهیدان دووپات دەکەینەوەو داوا لە بەشداربووان دەکات، لە رۆژی دەنگداندا پشتگیریی لیستی کوردستانی بکەن.

رۆژی (١٣)ی مانگیش لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ جەماوەری دەربەندیخان جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق وتی: «حکومەتی داهاتوو هەوڵدەدات بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانو شوقەی شایستە بەوان جێبەجێ بکات» لە کۆبوونەوەی لە کفریش هەمان وتەو بەڵێنی بۆ کەسوکاری گەرمیانو ئەنفالکراوان دووبارە دەکاتەوەو بەڵێنی خانوو و شوقەیان پێدەدات.

منەتکردن بە دەستکەوتەکانی هەرێمەوە

(٢٠٠٩/٧/١٣) د.فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ناحیەی ئاشتی سەر بەقەزای کۆیە لە بەردەم جەماوەری ناحیەی ئاشتیو گوندەکانی دەشتی کۆیە، وتی: «ئێمە بەڕێبەرایەتی هەردوو سەرۆک دەستکەوتی زۆرمان بۆ گەلەکەمان بەدیهێناوەو هەقی خۆشمانە شانازی بەو دەستکەوتانەوە بکەین، بۆیە پێویستە هەموومان لیستی کوردستانی بۆ پەرلەمانو مەسعود بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێم هەڵبژێرین».

هەمان رۆژ لە کۆبوونەوەیەکی هۆڵی سەیرانگەی شارۆچکەی سێمێل لە دهۆک مەسرور بارزانی سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، وتی: «گرنگی هەڵبژاردن هەر ئەوە نییە دەنگ بدەین، بەڵکو گرنگە بزانین دەنگ بەکێ دەدەینو کێ زیاتر خوێنی رشتووەو خەباتی کردووە».

رۆژی (٧/١٢)یش لە کۆبوونەوەیەکیدا لە بازیان بەرهەم سالح وتی: «تەنیا یەکێتیو پارتی وەک دوو هێزی شۆڕشگێری سەرەکی دەتوانن پاریزگاریتان لێبکەن».

«بێ ویژدانیی ناهەقییە»

لەتیف فاتح فەرەج



لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە کە بانگەشەی هەڵبژاردنو ئەو زیندوویتییەی لە سلێمانی هەیە فەوزاو هەراو هوریایەو ئەو بێدەنگییەی هەوڵێریش گوایە نیشانەی مەدەنیەتە، ئەو ڕۆژنامەیە تا دوێنێ پروپاگەندەی سەربەخۆیی دەکردو ئێستا مینبەری جنێوە، ئەو هێرشێکی ناڕەوا دەکاتە سەر خەڵکی هەمیشە زیندوو هەمیشە شۆڕشگێڕی سلێمانی، ئەو شارەی لە مێژووی خۆیدا بۆ چرکەیەک ستەمی قەبوڵنەکردووەو بەعسیەکانیش جەللادترین خەڵکی خۆیان بۆ ناردووە، ئەو شارەی خاوەنی نالیو سالمو کوردیو مەحویو پیرەمێردو مەلیک مەحمودو داهێنانەکانی خۆپێشاندانی ناو شارو هەزاران سەروەریو نەمریو بەردەوامییە، ناهەقییە خوێن بە بەردا کردنەوەی گیانی بەشداریو کێبڕکێ بە فەوزا لێکبدرێتەوە، دەکرێت تێبینیو سەرنج هەبن، بەڵام ناکرێت ئەو شارە زیندووە ناوو ناوبانگی بزڕێنرێتو ناشرین بکرێت، خەڵکی سلێمانیو قەزاو ناحیەو گوندەکانی سەر بەو پارێزگایەو گەرمیانیش کە جۆشو خرۆشیان زیاترە نیشانەی بوونی ئازادییو نەترسانو بوونی دیموکراسییەتی کێبەرکێیە، نەک بە پێچەوانەوە، هێرشکردن بۆ سەر سلێمانیو گشتاندنی هەندێ هەڵەو کەموکوڕیی ستەمێکی گەورەیەو هەق نییە خەڵکی ڕۆشنبیرو هۆشیارو هەمیشە زیندووی سلێمانی لێی بێدەنگ بن، سلێمانی ئێستا پایتەختی ڕۆشنبیریو هەڵبژاردنە کە گەمەکەی زیندووترە لە هەر شوێنێکی دیکە، ئەمە دەستکەوتە نەک کەموکوڕیی.

سەبارەت بە شارەقەشەنگو هۆلاکۆ بەزێنەکەش، بێدەنگییەکە پەیوەندی بە بارودۆخی تایبەتی ئەو شارەوە هەیە، خەڵکی ئەو شارە کە بەتایبەتی لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێک بە ناخۆشترین بارودۆخدا تێپەڕین، نایانەوێت چیتر خوێن لە پەنجەی هیچ هاوڵاتییەکی ئەو شارە بێت، بە بڕوای من ئەمەش نیشانەی زیندووێتییەکی دیکەیە، هەقە پارتیو یەکێتیو سەرجەم حیزبو لایەنەکانی دیکە شانازی بەو دۆخەشەوە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەوە خەڵکی هەوڵێرن نایانەوێت ڕووداوە تاکو نەخوازراوەکانی ساڵی (٢٠٠٥)ی بادینان دووبارە ببنەوە، من پێموایە هەوڵێرییەکانو سلێمانییەکان هەردوولا زیندوونو هەردوولا هەریەک بە شێوازێ دەیانەوێت ئەم جەژنی هەڵبژاردنە بەبێ تووندوتیژیی بەڕێ بکەن، پێویستە دەسەڵاتدارانی کورد دوای (٧/٢٥) سوپاسی هەدوولا بکەنو ڕێزیان لێ بنێن، جێی خۆیەتی لەم کورتە نووسینەدا ئاماژە بە هەڵوێستێکی جێگری سەرۆکی حکومەت «کاک عیماد ئەحمەد»یش بدەین کە لە هەوڵێر وەک پیاوی حکومەت مامەڵەی لەگەڵ لیستەکان کردو سەردانی هەموو بارەگاکانی دیکەی کرد، جگە لە بارەگای لیستی کوردستانی، خۆزگە بەرپرسە باڵاکانی دیکەی حکومەتیش بەتایبەتی سەرۆکی کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆکی هەرێمو جێگرەکەیو سەرۆکی حکومەتیش بەوشێوازە پرۆسەکەیان جوانتر دەکرد، ئەوەی لە بارەگاکانی لیستی گۆڕانو چاکسازیو خزمەتگوزاریو کوردستانی پێشوازیان لە جێگری سەرۆکی حکومەت کرد دیسان نیشانەی زیندوێتی هەوڵێرو هەوڵێرییەکان دەگەیەنێت، کە ئێستا دەنگە نەشازو نەیارەکان دەیانەوێت هەوڵێرو سلێمانی وەک دوو کانتۆنو دونیای جیاواز تەماشا بکەن، هەڵبژاردن بە تەنیا مانای دیموکراسییەت ناگەیەنێت، ئەگەر هەڵبژاردن گۆڕان دروست نەکات، ناکرێت هەموجارەکان هەر «عەمرو زەید» دەربچنو ئەمەش ناوبنرێت هەڵبژاردن، بۆیە لە خەڵک گەڕێن با هەرکەس چۆن هەنگاو دەنێت، هەنگاو بنێت دوای (٧/٢٥) سندووقەکان حەقیقەتمان پێ دەڵێن، نەک ئێستا....

بەهۆی ئەوەی بێلایەنانە کاریکردووە، هەفتەنامەی بارزان دادەخرێت

ئیبراهیم عەلی

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، هەفتەنامەی بارزان دادەخرێت، بەهۆی ئەوەی کە لە ماوەی ڕابردوودا ڕوومالی هەواڵەکانی کۆمپانیای وشەیان کردووەو لە هەمان کاتدا دیداریان لەگەڵ هەڵوێ ئیبراهیم ئەحمەد کردووە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە هەفتەنامەی بارزان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەلایەن فەیسەڵ دەباغ سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی هەرێم تەلەفۆن بۆ عەبدولقادر حەمەدەمین کراوەو پێیڕاگەیاندراوە، چۆن دەبێت کە ئێوە بودجە لە حکومەت وەردەگرنو ڕێکلام بۆ لیستەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتی دەکەنو دیدار لەگەڵ کاندیدەکانی لیستی گۆڕان دەکەن، لە هەمان کاتدا دیدارتان لەگەڵ ئەو کەسانە کردووە، کە دەیانەوێ ململانێی مەسعود بارزانی بکەن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم».

ئەو سەرچاوەیە وتیشی، نازانرێت کە کێ ئەو فەرمانەی دەرکردووە کە دەبێت هەفتەنامەی بارزان بووەستێت، بەڵام بە خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەکە وتراوە نابێت چیتر ئەو هەفتەنامەیە دەربچێت، بەهۆی ئەوەی کە ئەو هەفتەنامەیە هیچ جیاوازی نەبووە لە ڕوومالکردنی هەواڵەکان لەگەڵ میدیا ئەهلییەکان.

نەجات ئەحمەد جێگری سەرنووسەری هەفتەنامەی بارزان بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەکاتێکدا ئێمە لە ڕۆژنامەی بارزان سەرقاڵی ئامادەکردنی لاپەڕەکانی ژمارە (١٢٩)ی هەفتەنامەکەمان بووین لە ڕێگەی خاوەن ئیمتیازەکەمانەوە پێمانڕاگەیەندرا، کە بودجەکەمان بڕدراوە، بەبێ ئەوەی هۆکارەکانی ئەو بڕینە بۆ ئێمە ڕوون بکەنەوە، بەڵام ئەوەی بەشێوەیەکی نافەرمی زانیومانە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەکاتی بانگەشەکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ئێمە ڕێکلامی بازرگانیمان بۆ چەند لیستێکی جیاواز کردووە».

جێگری سەرنووسەری بارزان ئەوەشی وت: «خاڵێکی دیکە ئەوەیە، کە ئێمە لەماوەی ڕابردوودا کارێکی زۆری ڕۆژنامەوانیمان لەسەر لیستی گۆڕان کردووە، بۆیە ئەوان ئەمەیان پێناخۆش بووە، بەڵام ئامانجی ئێمە لە کارکردنمان لەسەر لیستی گۆڕان لەسەر ئەو بنەمایە بووە، کە خەڵک حەزی لەزانیاری بوو لەسەر ئەو لیستە کە مۆدێلێکی نوێ بوو لە هەڵبژاردنەکان».

هەروەک وتیشی: «لە ڕۆژنامەکەماندا بەهۆی ئەوەی کە زۆر کارمان لەسەر کەشفکردنی گەندەڵییەکان کردووەو چەند جارێک بەڵگەنامەی گەندەڵی بەرپرسانمان بە بەڵگەوە خستووەتەڕوو، ئەمەش بووەتە جێگەی نیگەرانی حکومەت».

نەجات ئەحمەد لەبارەی شێوازی ڕێکلامکردنیان بۆ لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووز وتی: «لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەکردن بۆ لیستەکان، ئێمە وەک هەفتەنامەی بارزان ئاگادارمان بڵاوکردەوە کە ئامادەین ڕیکلام بۆ سەرجەم لیستەکان بکەین بە مەبەستی بارزگانیو تەنانەت خۆشمان پەیوەندیمان کرد بە سەرجەم لیستەکانو لەلایەن زۆرینەی لیستەکانەوە ڕیکلاممان پێدرا تەنیا لیستی کوردستانی نەبێت».

پێداگریی لەوەشکرد کە ئەوان هیچ ئامانجێکی سیاسییان نەبووە لە بڵاوکردنەوەی ڕیکلام بۆ ئەو لیستانەو تەنیا ئامانجی بازرگانییان هەبووە، هەروەها وتیشی: «دەبوو دەسەڵات یارمەتی ئێمە بدات کە وەکو کۆمەڵێک گەنج بە جدی کاری ڕۆژنامەوانیمان دەکردو چەندین بەڵگەی گرنگمان لەسەر گەندەڵی بڵاوکردەوە، نەک بودجەکەمان ببڕێت».

یەکەم ژمارەی هەفتەنامەی بارزان لە ساڵی (١٩٨١) لە وڵاتی ئەمریکا لەلایەن عەبدولقادر حەمەدەمین دەرچووەو ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە بە بودجەی حکومەتی هەرێمو بەشێوەیەکی هەفتانە لە شاری هەولێر دەرچێت، هەروەها خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەکە لە وڵاتی ئەمریکا گەڕاوەتەوە کوردستان بۆ ئەوەی ئەو هەفتەنامەیە دەربکات، عەبدولقادر حەمەدەمین باوکی هێرۆ مستەفایە کە لەکاتی ئازادکردنی عێراقدا نوێنەری پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنی عێراق بووە لە باکووری عێراقو ئێستا ڕاوێژکاری جۆزێف بایدنە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دوکاندارانی بازاڕی نیشتمان خۆپیشاندانیان کرد

سامان بەشارەتی

ژمارەیەک لە دوکاندارانی بازاڕی نیشتمان بەهۆی گرانی دوکانەکانیانەوە کە بۆ هەر دوکانێک بڕی (١٠٠) هەزار دۆلار دانراوە بە زۆری دەزانن، بۆ ئەم مەبەستەش خۆپیشاندانیان کردو دوایان لە حکومەتی هەرێم کرد ئەو بڕە پارەیەی زۆرەو کەم بکرێتەوە، لەلایەن دادگاشەوە ئاگاداری ئەو دوکاندارانە کراوەتەوە ئەگەر ئەو پارەیە نەدەن دوکانەکانیان لێدەسەنرێتەوە.

لەلایەن کۆمپانیای شەرقولئەوسەتەوە بازاڕی نیشتمان لە شاری هەولێر دروستکرا، ئەو دوکاندارانەی لە بازاڕی شێخەڵا دوکانیان هەبوو ناچاربوون بچنە ئەو بازاڕەو بۆ هەر دوکانێکیش بڕی (١٠٠) هەزار دۆلار لەو خاوەن دوکاندارانە وەرگیراوە بەشێوەی قیستی مانگانە کە بۆ هەرمانگێک بڕی (٢٥٠٠) دۆلار بدەن، ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایی ئەو دوکاندارانە بەم هۆیەشەوە خۆپیشاندانێکیان سازکردو داوایان لە حکومەتی هەرێم کرد کە ئەو پارەیە زۆرەو بۆیان کەمبکرێتەوە، چونکە ناتوانن مانگانە ئەو پارەیە بدەن.

محەمەد عەبدوڵڵا یەکێک لە خۆپیشاندەرەکان ئاماژەی بەوەکرد «کاتێک لە بازاڕی شێخەڵا بووین هیچ گرفتێکمان نەبوو، هاتن بە بیانووی ئەوەی شار جوان دەکەن بازاڕەکەیان تێکدا، چەند بەرپرسێک هاتن ئەو بازاڕەیان دروستکردو بە ئێمەیان پڕکردەوە».

وتیشی: «لەلایەن دادگاوە ئاگادارکراوینەتەوە گەر ئەو پارەیە نەدەین دەبێت دوکانەکان چۆڵ بکەین».

هەروەها شەست کەسی دیکە ئامادەی خۆپیشاندانەکە بوون کە خاوەنی ئەو میزانەن کە بڕیاربوو لەبەردەم بازاڕی نیشتمان شوێنی کارکردنیان پێبدرێتو لە بەرامبەردا بڕی (٨) هەزار دۆلاریان لێوەرگیراوەو ماوەی پێنج مانگە شوێنیان پێنەدراوە لە کاتێکدا دەبوو لە ماوەی (١٥) ڕۆژ ئەو شوێنانەیان پێبدرایە.

کاسبکارانی هەڵەبجە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێن

بەرهەم عومەر

ڕۆژی (٧/١٤) سەندیکای کاسبکارانی کوردستان لقی هەڵەبجە، ئاگاداری سەرجەم کاسبکارەکانی شاری هەڵەبجە دەکات کە بە مەبەستی وەرگرتنی ژمارەو ناونیشانی زەوییە تەرخانکراوەکانی ناوچەی بازرگانی هەڵەبجە لە هۆڵی (ئامادەیی ئەحمەد موختار جاف) ئامادەبن، بەڵام دواتر کۆبوونەوەکەیان دەکرێتە کۆبوونەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن.

یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ماوەیەکی زۆرە بڕیاردراوە کە زەوییەکانی ناوچەی پیشەسازیی نوێ لە هەڵەبجە لەکۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا بە تیروپشک دابەشبکرێت بەسەرماندا چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد ئاگادارمان بکەنەوە، بەڵام کاتێک کۆیانکردینەوە تەنیا وتاریان پێشکەشکردین بۆئەوەی دەنگ بدەین بە لیستی کوردستانی.

لە کۆبوونەوەکەدا (فازیل بەشارەتی، بەرپرسی لقی (١٢)ی پارتی)و (خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە)و (ئەنوەری رابە، بەرپرسی لقی هەڵەبجەی کۆمەڵەی کاسبکارانو کاندیدی لیستی کوردستانی) وتاریان پێشکەشکردو کۆتاییان بە دانیشتنەکە هێنا بەبێ ئەوەی باسی مەبەستی کۆبوونەوەکە بکەن.

نشینگەی تەوێڵە بەناوی هاوڵاتییەکەوە ڕوونکردنەوە دەدات

هەستیار قادر

هاوڵاتییەکی ناحیەی تەوێڵە ڕوونکردنەوەیەکی نشینگەی ناحیەکە ڕەتدەکاتەوە، کە تیایدا بەناویەوە لێدوانیان داوە سەبارەت بە کێشەی کاندیدێکی لیستی گۆڕان لەگەڵ ئەو نشینگەیەدا.

لە ژمارە (٤٩٩)ی ڕۆژنامەدا هەواڵێک بڵاوکرایەوە سەبارەت بە بیانووگرتنی ئەفسەرێکی ئەو نشینگەیە بە (فەهمی عەبدولقادر) کاندیدی لیستی گۆڕان بەوەی کە بازگەیەکی ئەو نشینگەیەی لە تەوێڵە تێپەڕاندووەو لە ژمارەی دوێنێی ڕۆژنامەشدا ڕوونکردنەوەیەکی نشینگەی تەوێڵە بڵاوکراوەتەوەو تیایدا هاتووە، کە مامۆستا سەرکان سەرتیپ یاوەری کاندیداکەی لیستی گۆڕانی کردووە لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا دانی بە هەڵەکەیدا ناوە، بەڵام ناوبراو ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە دانی بە هەڵەیەکی لەوجۆرەدا نابێتو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «من دانم بەوەدا نەناوە کە هەڵەمان کردووە وەک ئەوەی لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووەو ئێمە سەردانی چەند باخێکی سەرسنوورمان کردووەو بەڕەو ئێران نەڕۆیشتووینو ئەو ڕووداوەش بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کردوویانەتە کێشە».

ئەو هاوڵاتییەی ناحیەی تەوێڵە وتیشی: «بەبێ پرسی من ئەو لێدوانەیان بەناوی منەوە بڵاوکردووەتەوەو گەر ناویشیان هێنام وەک شێوازێکی ڕۆژنامەوانی دەبوو بە پێت ناوەکەیان بهێنایە».

کوردستان هەڵدەبژێرێت

هەڵبژاردنەکانی کوردستانو کەمپەینی لیستە جیاوازەکان، سەرنجی زۆرێک لە میدیا جیهانییەکانی بۆخۆی ڕاکێشاوەو زۆرێک لە ڕۆژنامە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان لەسەر هەڵبژاردنەکان دەنووسنو باس لە ململانێو کێبڕکێی نێوان لیستە جیاوازەکانو کێشەی گەندەڵی و ناشەفافیەتو خراپ بەڕێوەبردن دەکەن، لەم هەفتەیەدا ڕۆژنامەو ئاژانسە هەواڵییەکان چەند ڕاپۆرتێکیان لەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەم مانگەی کوردستان بڵاوکردەوە.

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز

لە ڕاپۆرتێکدا باس لە بێزاریی دانیشتووانی هەرێم دەکات لەباسکردنی زیاد لە پێویستی کێشەی کەرکوکو ناوچەکێشە لەسەرەکانو لەهەمان کاتدا بوونی گەندەڵییەکی زۆر لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕۆیتەرز ئاماژە بەوە دەدات: کوردەکانی عێراق لەم مانگەدا بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بەڕێدەکەونو دەیسەلمێنن کە گرنگی زیاتر بە چارەسەری گەندەڵی دەدەن وەک شەڕکردن لەسەر خاکو نەوت، لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەیدا ڕۆیتەرز باس لەوەدەکات کە کوردەکان ئەمجارە بە ئاسانی دەنگی خۆیان بە (چارەسەری کێشەی کەرکوک) نافرۆشن، بەڵکو خزمەتگوزاریی زیاترو چارەرسەری گەندەڵییان دەوێت. دواتر باس لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی «گۆڕان»دەکاتو دەڵێت کە هەندێک لە کوردەکان ڕازی نین لە دۆخی ئێستایان و تورەن لە گەندەڵی. لەمبارەیەوە لێدوانی شاهۆ سەعید، وتەبێژی لیستی گۆڕان وەردەگرێت کە باس لەبوونی چەندەها کێشەی جدی وەک گەندەڵیو خراپ بەڕێوەبردن دەکات، ئاماژە بەوەدەدات کە لیستی گۆڕان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دروستبووە. ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمریکیش هەمان ڕاپۆرتی ڕۆیتەرزی دەربارەی هەڵبژاردنەکان بڵاوکردووەتەوە.

سایتی بی.بی.سی باس لەبوونی ڕکابەرییەکی بەهێزی نێوان لیستی گۆڕانو کوردستانی دەکاتو باسیش لە دروستبوونی بۆ متمانەیی بە دەسەڵاتی ئێستای کوردی دەکات بەهۆی گەندەڵییەوە، لە ڕاپۆرتەکەیدا (بی.بی.سی) دەنووسێت: هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان ململانێو ڕکابەرییەکی بەهێزی تێدا دروستدەبێتو ئاماژە بەوەدەدات کە لەم ساڵانەی دواییدا نیشانەکانی بێمتمانەیی شەعبی بە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لە بەرزبوونەوەدایە بەهۆی گەندەڵییەوە. «گۆڕان گروپێکە کە پێدەچێت دەسەڵات لەو دوو پارتە وەربگرێت».

ڕۆژنامەی ئیلافی ئەلیکترۆنی

دوای ئاماژەکردن بە ژمارەی دەنگدەرانو ژمارەی چاودێرانی بیانی کە بەنیازن لە هەڵبژاردنەکاندا ئامادەبن، ئیلاف پەیامی نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕانی بەکارهێناوە دەربارەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان کە باس لەوە دەکات سەرکردایەتی شۆڕش تەواو لە ئەولەویاتەکانی خۆی لایداوەو حیزبی تێکەڵ بە حکومەت کردووەو لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەم مانگەی هەرێمدا، لیستی گۆڕان کار بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت دەکاتو دەیەوێت لە ڕێگەی پەرلەمانێکی نوێوە دەسەڵاتی حیزبەکان لە حکومەتدا کەمبکاتەوە.

منەتو بەڵێنو بەکارهێنانی هێما نەتەوەیی

ستارە عارف

لە ڕۆژی (٦/٢٢)ەوە کە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەستپێکردووە، ئاستی پێشلکارییەکانیش لەلایەن دەسەڵاتەوە لە بەرزبوونەوەدایەو بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی نارەزایی خەڵک، ڕەمزە نەتەوەییەکانو خوێنی شەهیدان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکار دەهێنن و منەتکردنی ئەرکەکانی حکومەتیش بەسەر خەڵکدا بووەتە دیاردەیەکی دیکەی لیستی دەسەڵات لە بانگەشەکردنەکاندا.

لەمیانەی ئەو بانگەشەیەشدا، دەسەڵات هەموو هەوڵێک دەخاتە کار بۆ ڕازیکردنەوەی دەنگە نارازییەکان، بۆیە بەرتیلو پارە بەخشینەوەو بەڵێندان لەلایەن سەرکردەکانەوە بەچڕپی دەستپێکردووەو ڕۆژانە پۆستی حکومیی و ڕەمزو هێما نەتەوەییەکانیش بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردێت، لە نموونەی بانگەشەکردن بەناوی خوێنی شەهیدانو ئەنفالو کیمیاباران و ناوچە دابراوەکانو مادەی (١٤٠)و ئالای کوردستانو پێشمەرگەو زۆر شتی دیکەوە هەر وەک چۆن لە دروشمەکانی لیستی کوردستانییدا هاتووە، کە لیستی کوردستانی لیستی خوێنی شەهیدانە، لیستی پێشمەرگەیە، لیستی کوردستانی خانەوادەی شەهیدان خزمەت دەکاتو ناوچە دابراوەکان دەگەڕێنێتەوە، کار دەکات بۆ قوربانیان و ئەنفالکراوان و هتد.....

ئالای کوردستان

ڕۆژانە ئالای کوردستان وەک سیمبولێکی نەتەوەیی لەلایەن لیستی کوردستانییەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێت، کە بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن دەچێتە خانەی سەرپێچییەوەو بەپێی پەیڕەوی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) نابێت کارمەندانی حکومەتو دەسەڵاتە ناوخۆییەکان لە هەر پلەو پایەیەکدابن، لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بۆ بەرژەوەندی هیچ پاڵێوراوێک یان هیچ قەوارەیەکی سیاسی پلەو پایەکانیان بەکار بهێنن.

قەدەغەیە قەوارە یان هەر هاوپەیمانێتییەکی بەشدار لە هەڵبژاردنەکاندا هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان هەڵگری ئەو جۆرە بیروباوەڕانە بن، کە ببنە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوەپەرستی، ئایینی، تایەفەگەریی و عەشیرەتگەریی و خێڵەکی یان ناوچەگەریی لەناو هاوڵاتییاندا، چ لەڕێگەی دروشم، وێنە، پۆستەرو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، یان هەر ئامرازێکی دیکەی ڕاگەیاندنەکانو پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانەوە بێت، قەدەغەشە لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دیاریی، بەخشش، یان هەر سوودێکی دیکە یان بەڵێن بدات بە بەخشین بە مەبەستی کارتێکردن لە دەنگەکانی هەڵبژاردن.



بە کارهێنانی مادەی (١٤٠) بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن

لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ستافی وەزارەتی خوێندنی بالاو تۆژینەوەی زانستیو مامۆستایانی زانکۆ سازیکردبوو، ڕۆژی (٧/١٣) مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم لەبارەی سنووری هەرێمی کوردستانو مادەی (١٤٠)ەوە دەڵێت، ئەوانەی وا بیردەکەنەوە مەسەلەی کەرکووکو جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) زەمەن چارەسەری دەکات، یان لەبیری دەباتەوە، با ئەوانە لە بیری خۆیان دەربهێنن، هەزار ساڵی دیکەش بێت ئەو مادەیە هەر دەبێت جێبەجێ بکرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی ڕۆژی (٧/١٥) لە شارۆچکەی چەمچەماڵ، کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری سەرۆکی هەرێم وتی: «دەنگ بە لیستی کوردستانیو خەباتو تێکۆشانی مەسعود بارزانی بدەن»، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، کە ڕۆژ نوری شاوەیس و بەڕەهەم سالح ئامادەبوون، د.ڕۆژ دەڵێت: دەنگدان بەلیستی کوردستانیو

پاشماوەی ل١

(١١) هەزار سەرباز لە دەرەوەی هەرێم...

سەبارەت بەو هێزە چەکدارانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و بەشداریی دەکەن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لیوا جەبار یاوەر ئەندامو وتەبێژی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو کەسانە دانیشتووی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانو تۆماری ڕەگەزنامەو کۆبۆنی خۆراکیان لەسەر هەرێمە، بەڵام ئەرکو فەرمانەکانیان لە دەرەوەی هەرێمەو سەر بە وەزارەتی بەرگری عێراقن، لە چوارچێوەی هەردوو لیوای تایبەتی پارێزگاری سەرۆک کۆمار لە بەغدان، کە ژمارەیان نزیکەی (٦) هەزار کەسە، هەروەها لیوای (١٦)ی سلێمانی فیرقەی (١٢)ی کەرکوک لە نزیک حەویجە جێگیرنو فیرقەی (٢) لە موسڵو فیرقەی(٣) لە مەخمورو دێبەگەو فیرقەی (٤) لە تکریتو فیرقەی (٥) لە دیالە، پاسەوانی بەرپرسانی کورد لە بەغداو بارەگای سەرۆکی هەرێم لە بەغدا، ئەمانە دەکەونە چوارچێوەی ئەو (١١) هەزار سەربازەی کە لە دەرەوەی هەرێمنو بەشداریی هەڵبژاردنەکاندا دەکەنو ناتوانن کارەکەیان جێبهێڵنو بگەڕێنەوە هەرێم بۆ دەنگدانو سندووقی دەنگدانیان بۆ دەبڕێت بۆ شوێنی واجبەکانیان».

دەربارەی ئەو ژمارە پێشمەرگەیەش کە ناتوانن لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەت بەشداریی بکەن لیوا جەبار وتی: «ناوی هەموو هێزەکانی پێشمەرگە دراوەتە کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانو ئەوانەی نفوسو کۆبۆنی خۆراکیان هەرێمە ناویان گەڕاوەتەوە، بەڵام ژمارەیەکی دیکەیان ئەو کەسانەی لە چوارچێوەی هێزی پێشمەرگەدانو پاسەوانی مەڵبەندەکانی دووزو داقوقو خانەقینو کەرکوکو موسڵنو کۆبوونی خۆراکیان دەرەوەی سێ پارێزگاکەی هەرێمە ئەوان ناتوانن بەشداریی بکەنو هەندێکیشیان تەنیا پاسەوانن و لە چوارچێوەی هێزە نیزامییەکان نینو لە ڕۆژی دەنگدانی ئاساییدا بەشداریی دەکەن، نەک بە دەنگدانی تایبەت».

بەڕێوەبەرێتی شەهیدان..

بەهۆی سەرکەوتنیان لە خوێندن خەڵاتکراون هەریەکەو بڕی (٥٠٠) هەزاری وەرگرتووە نەک (١٠٠٠) دۆلار، ئەو خەڵاتەش ساڵانە لە دەزگای شەهیدانەوە پێشکەش بە منداڵی شەهیدانی کەمدەرامەت دەکرێتو لیژنەیەک ئەو منداڵانە دیاریدەکات».

هەرچەندە ئەو لێپرسراوە سەبارەت بە بانگەشەکردن بۆ لیستی کوردستانی هیچ لێدوانێکی نەدا، بەڵام سەرچاوەکەی ڕۆژنامە تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە، کە لە کۆبوونەوەکەدا داوا لە کەسوکاری منداڵەکان کراوە دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەن، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی بالا نابێت داموددەزگای حکومیی بۆ بانگەشە بەکار بهێنرێت هاوکات هیچ لیستێکیش بۆی نییە بەپارە وا لە خەڵک بکات کە دەنگی بۆ بدەن.

شالاو فەتاح

دەنگدانەوەی میدیایی

REUTERS | Hürriyet | WSJ.com | Les Echos | الأهرام | The Economist | CNN | Christian Science Monitor | AFP | BBC | TIME



ـــی ٢٠٠٨دا مانگـــانە بەشـــە ـــۆستایـــەک ١٠٣٧دۆلار بـــووە

هەموو فەرمانبەرانی حکومەت پێکدەهێنن.

هەموو بەرپرسانی حکومەت باسی ئەوە دەکەن کە ٧٠٪ بودجەی حکومەت بۆ مووچە دەڕوات، کە لە راستیدا وا نییە.

ئێستا ئـەگـەر بـەشـی مامۆستایان جیابکەینەوە، دەبێت ٨٩٦ملیۆنو ٦٠٦هەزار دۆلار بێت، بەو پێیەش

پێویستە لە ساڵی ٢٠٠٨دا حکومەتی هەرێم وەک پارەی کاش ١٢هەزارو ٤٥٣دۆلاری دابێت بە تەنیا یەک مامۆستا، واتە مووچەی هەر مانگێکی مامۆستای باخچەکانی ساوایان تا مامۆستایانی ئامادەیی، ١٠٣٧دۆلار بووبێت.

مامۆستایانی بەڕێز ئێستا ئێوە بپرسن

کە ئەو پارەیەی بەناوی ئێوەوە دێتە هەولێرو سلێمانی، چۆن دابەشکراوەو چەندی ئەو مافە گەیشتووەتە گیرفانی ئێوە تا ژیانی خۆتانی پێخۆشبکەنو ئاسوودەبن تا خزمەتی زیاتر بە قوتابییەکانتان بکەن؟

بەپێی ئـەو ئـامـارەی کە وەزارەتـی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردووەتەوە، پێویستبوو لەسەر بودجـەی ساڵی ٢٠٠٨ لـەنـاو شـاری هەولێرو قەزاو ناحیەکاندا ١١٨ خوێندنگە دروستبکرێت.

بەپێی هەمان ئامار دەبوو لە پارێزگای سلێمانی ٤٨ خوێندنگە دروستبکرایە کە بەپێی نەخشەکانیان زۆرینەیان ١٨ پۆلینو لە پارێزگای دهۆکیش ٤٧ خوێندنگە کە ئەویش بەشی هەرەزۆریان ١٨ پۆلین.

ئـەگـەر ئێمە تەنیا پـارێـزگـای هەولێر وەربگرین لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئامارە ڕەسمییانەی کە دەزگا پەیوەندیدارەکان بڵاویانکردووەتەوە، بودجەی کوردستان لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٧ زیاتر لە ١٤ ملیار دۆلارە، (کە بودجەی ئەو چوار ساڵە بەقەدەر بودجەی ساڵەکانی ٢٠٠٨و ٢٠٠٩) یە ئێستا ئەگەر پرۆژەکانی حکومەتی هەرێم لە کەرتی پەروەردە لە پارێزگای هەولێر وەربگرین، دەبینین حکومەتی هەرێم لە پایتەختەکەی خۆی کە بەڕوونی زۆر پێشکەوتووترە لە سلێمانیو دهۆک، لەو چوار ساڵەدا ٣٦٩ پرۆژەی بە بەهای ١٧١ ملیۆنو ٨٨٣ هەزار دۆلار دروستکردووە.

پرۆژەی کۆریو ئەمریکاییەکانیش لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا بریتیبووە لە ٩٧ پرۆژە، کە بە بەهای ٤٧ ملیۆنو ٦١٠ هەزار دۆلاربووە.

بەوەش تێدەگەین زیاتر ٢٥٪ی هەموو ئەو پرۆژانەی لەو پارێزگایە دروستکراون، دوورو نزیک پەیوەندییان بە بودجە زەبەلاحەکەوە

ئەگەر ئەو قوتابخانانە لەناو شارو شارۆچکەکاندا دروستکراون، بۆچی هەر قوتابخانەیەک ٣ دەوامی تێدایەو ئەگەر دروستیش نەکراون، کە نەکراون، کوا پارەکەیان؟





قەیرانی پەروەردە بە ٦٪ی ئەو بودجە زەبەلاحەی گەیشتووەتە دەست یەکێتیو پارتی چارەسەردەکرا

لە سایەی بودجەیەکی ٣١ ملیار دۆلاریی ٦ساڵی رابردوودا بۆ سێ شاری بچووکی وەک هەولێرو سلێمانیو دهۆک، ١٣٪ی منداڵان لە خوێندن بێبەشن

١٠٠٢ گوند لە کوردستاندا بینای قوتابخانەیان نیەو هەرێمی کوردستانیش بە شێوەیەکی گشتیی پێویستی بە٣٠٠٠ هەزار بینای قوتابخانەیە

مامۆستایان ڕێژەی ١٥٪ی هەموو فەرمانبەرانی حکومەت پێکدەهێنن

ژمـــارە (513) پێنجشەممە 2009/7/16
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

بودجەیەک لە تاریکیدا

لـە بودجەی سالّـ
موچەی هەر مامـ

لە ٦ ساڵی ڕابردووەوە زیاتر لە ٣١ ملیار دۆلار لە بەغداوە گەیشتووەتە دەستی هەردوو وەزارەتی دارایی هەولێرو سلێمانیو بەپێی ڕاپۆرتێکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمانیش دانیشتووانی کوردستان پێویستیان بە ٣ هەزار قوتابخانە هەیەو تائێستاش ١٠٠٢ گوند بینای قوتابخانەی تێدا نییە، لەکاتێکدا ئەو ٣ هەزار قوتابخانەیە بە ٦٪ی ئەو بودجە زەبەلاحە دروستدەکرا.

فازڵ نەجیب
محەمەد شێخ فاتح

بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ کەبڕیتییە لە ٨ ملیارو ٢٥٨ملیۆن دۆلارو بەشی هەر یەکێک لە خوێندکارانی کوردستان لەو بودجەیە کە یەک ملیۆنو ١٧٦هـەزارو ٣٣١ قوتابین، تەنیا بۆ یەک ساڵی خوێندن، نزیکەی ١٧٠٠دۆلارە،ئەویش بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی لە بوارەکانی خوێندنگەو کتێبو ساردکەرەوەو گەرمکەرەوەو ڕێگاوبانو ئاسایشو بوارەکانی دیکە.

سەرەڕای ئەو بودجە زەبەلاحە، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردە لە قۆناغی ٩ی بنەڕەتی ڕێژەی دەرچوون بۆ ساڵی ٢٠٠٧– ٢٠٠٨ (٥٥,٣٢٪)ە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئاستی خوێندن بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزیوە.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ساڵی ڕابردوو، لە شاری هەولێر بۆ تاقیکردنەوەی بەشی زانستی لە خولی یەکەمدا بۆ پۆلی ١٢ی بنەڕەتی ڕێژەی دەرچوون کەمترە لە ١٦٪و لە سلێمانییش کەمترە لە ٢٥٪.

ئێستا ئێوە بپرسن..

لە قوڵایی شارەکان، لە ناحیەو قەزاکان، لە لادێ دوورەدەستو پەراوێزەکان

چ خوێندکارێک بە بڕی نزیکەی ١٧٠٠دۆلار خـزمـەتـگـوزاریـی پێشکەشکراوە؟ بەوەش ئەگەر خێزانێک ٣ منداڵی بخوێنن، پێویستە لەماوەی یەک ساڵدا حکومەت بە بڕی زیاتر لە ٥ هەزار دۆلار خزمەتگوزارییان پێشکەش بکات، بەڵام ئەگەر پێشکەشیشکراوە، بۆ ئاستی خوێندن بەو جۆرە نزمە؟

خوێندنگەکانی کوردستان:

لەسایەی ئـەو بودجە زەبـەلاحـەی کوردستاندا بەپێی ڕاپۆرتێکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان، تائێستا ١٠٠٢ گوند لە هەرێمدا بینای قوتابخانەیان نییە، ئـەوە لەکاتێکدایە وەزارەتی پەروەردە باسی ئەوە دەکات کە سیستمی خوێندنی سویدی لە کوردستان پەیڕەو دەکات،

ئەمەیە سیستمی سویدی؟

زرار تـاهـیـر، سـەرۆکـی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا ڕایگەیاندبوو: بەپێی ئامارەکان بۆیان دەرکەوتووە کە (١٠٠٢) گوند لە کوردستاندا بینای قوتابخانەیان نییەو (١٦٣٧) قوتابخانەش (٢ یان ٣ یان ٤) دەوامی تێدا دەکرێت....

دایکانو باوکانو مامۆستایان ئێوە بپرسن داخۆ کێ بەرپرسە لەم حاڵەتە؟

بەپێی ڕاپۆرتی لایەنە بەرپرسەکان بۆ جێبەجێکردنی سیستمێکی تەندروستی خوێندنو

چارەسەرکردنی کێشەی بینا، پێویستە نزیکەی (٣) هەزار قوتابخانە لەشارو شارۆچکەکانو گوندەکانی هەرێمدا دروستبکرێنو ئامارە ڕەسمییەکانیش دەڵێن ئەو ٣ هەزار قوتابخانەیە بە ١ ملیارو ٦٣٣ ملیۆنو ١٢٦ هەزار دۆلار دروستدەکرێن.

لە ٦ ساڵی ڕابردووەوە ئەو پارەیەی کە بە کاشی لە بەغداوە هاتووەتە سلێمانیو هەولێر، زیاتر لە ٣١ ملیار دۆلارە کە ئـەگـەر کەمتر لـە ٦٪ی ئـەو بودجە زەبەلاحە تەرخانبکرایە بۆ دروستکردنی قـوتـابـخـانـەکـان، ئـەوکـات تـەواوی گەڕەکەکانی شارو شارۆچکەو گوندەکان لەسەر شێوازێکی نوێ قوتابخانەی بۆ دروستدەکرا..

ئێستا ئێوە بپرسن

کوردستان کە هێشتا پێویستی بە ٣ هەزار قوتابخانەیەو ٦٪ بودجەش بۆ دروستکردنی قوتابخانە تەرخان نەکراوە، ئەی چی لە ٩٤٪ی بودجەکە کراوە؟

دروستکردنی ٣ هـەزار خوێندنگە بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ سەردەم، بڕی ١ ملیارو ٧٥٠ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، ئەویش بەم شێوەیە:

- دروستکردنی ١٠٠٠ خوێندنگەی ١٢ پۆلی کە بەهای هەر خوێندنگەیەک ٧٥٠ هەزار دۆلار بێت(واتە ٧٥ دەفتەر دۆلار)، دەکاتە ٧٥٠ ملیۆن دۆلار.
- دروستکردنی هەزار خوێندنگەی ٩ پۆلی کە بەهای هەر دانەیەکیان ٦٢٥ هەزار دۆلار بێت(واتە ٦٢ دەفتەرو ٥٠ وەرەقە)، دەکاتە ٦٢٥ ملیۆن دۆلار.
- دروستکردنی ١٠٠٠ خوێندنگەی ٦ پۆلی کە بەهای هەر دانەیەکیان ٣٧٥ هەزار دۆلار بێت (واتە ٣٧ دەفتەرو ٧٥ وەرەقە) دەکاتە ٣٧٥ ملیۆن دۆلار.
- بەوەش کۆی گشتیی هەر سێ هەزار خوێندنگەکە ١ ملیارو ٧٥٠ ملیۆن دۆلارە.

ئێستا ئێوە بپرسن کە حکومەتی هەرێم قوتابخانەی بۆ منداڵەکانتان دروست نەکردووە، بەو پارەیە چ جۆرە کۆشکـو تەلارێکی دروستکردووە؟ بۆ کوردستان خوێندن پێویستە یان بارەگای مەڵبەندو لقەکانی یەکێتیو پارتی؟

بەپێی ئەو زانیارییە بڕواپێکراوانەی لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتییەوە دەرچوون، مانگانە هەریەک لە یەکێتیو پارتی ٣٥ ملیۆن دۆلار لە بودجەی حکومەت دەبەن بۆ چالاکییە حیزبییەکانیان، سـەرەڕای ئەوەی کە مووچەی زۆرینەی کادیرەکانی حیزب لەسەر بودجەی حکومەتە، بەوەش ئەو دوو حیزبە سالآنە ٨٤٠ ملیۆن دۆلاریان لە پارەی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو ستایلە حیزبایەتییە بەکارهێناوە کە لەهیچ وڵاتێکی دیموکراتیدا بوونی نییە.

ئەگەر ئەو دوو حیزبە لەبەرخاتری خوێنی شەهیدانو قوربانیدانی نیوسەدەی ئەم میللەتە، تەنیا دوو ساڵ دەستیان بەسەر ئەو بڕە پارەیەدا نەگرتایە، ئەوا یەک ملیارو ٦٨٠ ملیۆن دۆلار دەگەڕایەوە خەزێنەی حکومەتو بەو بڕە پارەیەش ٢٩٣٠ خوێندنگە لە کوردستاندا دروستدەکرا.



داخۆ بۆ پێشخستنی کوردستانو دواڕۆژی منداڵەکانتان کۆمیتەو مەڵبەندو ناوچەو لقی یەکێتیو پارتی پێویستن یان قوتابخانەو دابینکردنی ژیانێکی باش بۆ مامۆستایان؟

بێبەشبوون لە خوێندن

جـگـە لـەو گـونـدانـەی کـە بینای قوتابخانەیان تێدا نییە، زۆرێـک لەو گوندانەش کە قوتابخانەیان تێدایە، خانووی هاوڵاتیانو هیچ مەرجێکی خوێندنیان تێدا نییە، قوتابخانەی شارو شارۆچکەکانیش دوو دەوامو سێ دەوامی تێدا دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش بودجەی ئەو میللەتە لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە دەستی بەسەردا گیراوەو هەزاران کەس لە زۆربەی خێروبێرەکانی ئەم کوردستانە بێبەشن، لەکاتێکدا ئەوان شەریکی هەموو ناوخۆشیو ماڵوێرانیو قوربانیدانێک بوون. ئەو حاڵەتە وایکردووە کە

نزیکەی ١٣٪ ی منداڵی هەرێمی کوردستان لە خوێندنی سەرەتایی بێبەشن.

سایتی وەزارەتی پلاندانان ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان دەگاتە ٧ ساڵو دەرفەتی خوێندنیان بۆ دابین نەکراوە، بەمجۆرە بڵاوکردووەتەوە:

پارێزگای هەولێر: ١٦،٤٪
پارێزگای دهۆک: ١٢،٧٪
پارێزگای سلێمانی ٩،٢٪

پرسیارەکە ئەوەیە

لە سایەی بودجەیەکی ٣١ ملیار دۆلاریی ٦ساڵی ڕابردووەوە بۆ سێ شاری بچووکی وەک هەولێرو سلێمانیو دهۆک، ١٣٪ منداڵەکانتان لە خوێندن بێبەشبن، چی لەو پارەیەی ئێوە دەکرێتو پلانی ئەم حکومەتە چیی بووە بۆ پێشخستنی کوردستان؟

ژمارەی مامۆستایان

بەپێی ئامارەکەی وەزارەتی پلاندانان، ژمـارەی مامۆستایان بۆ باخچەکانی ساوایانو قوتابخانە سەرەتاییو ناوەندییو ئامادەییەکان، ٧١هەزارو ٩٩٥مامۆستایە، بەپێی ئەو ئامارەی کە وەزارەتەکانی دارایی حکومەتی هەرێم ناردوویانە بۆ بەغدا بۆ پێدانی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨، ژمارەی فەرمانبەران نزیکەی ٤٦٤ هەزارە. بەو پێیەش مامۆستایان ڕێژەی ١٥٪ی



ـەوەیە کە هەموومان کەوتوینەتەخۆمان ئیشی باش بکەین

رۆژنامە: ئێمە وەک رۆژنامەنووس قسەدەکەین، بەڵام پێمانوایە رۆژنامەنووس زیاتر لە ناوخەڵکدایەو نزیکە لە خەڵکەوە وەک لە بەرپرسان..

* تۆ رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆنیت، بۆ رەوتێک ئیشدەکەیت.

رۆژنامە: لەوبڕوایەدایت، رۆژنامەنووسی سەربەخۆ کێیە؟

* بۆنموونە ئاوێنەو هاوڵاتیو لۆین سەربەخۆن.

رۆژنامە: کەواتە تۆ ئەو گومانانە دەرەوێنیتەوە کە دەڵێن سەربەخۆ نینێ؟

* من نایڵێم بەرەهایی سەربەخۆن، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئێوەدا ئەوان لە ئێوە سەربەخۆ ترن.

رۆژنامە: ئەوە بۆچوونی بەرێزتانە، ئێوە لەلایەن هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەو حکومەتەوە، لەماوەی دوو مانگدا بەڵێنی پێنج ترلیۆن دینارتان داوە، ئەمە بە پلانەو وەزارەتی پلاندانان ئاگادارییەتی؟

* من ئەوانە نازانم، لەورۆژەوە کە هاتووم‌و بەڵێنماوەو کارمکردووە، ئەو بەڵێنانەی کە داومن، میزانییە هەیە، یان جێبەجێکراون یان جێبەجێیاندەکەین. هەندێکی بە هەماهەنگی نێوان وەزارەتی پلاندانان‌و وەزارەتی ئابووری، هەندێکی هەماهەنگی نێوان من‌و وەزارەتی دارایی، هەندێکیان من‌و وەزارەتەکان.

رۆژنامە: کەواتە ئێوە بەڵێنی دروستدەدەن کە ئەو پرۆژانە لەداهاتوودا جێبەجێبکەن؟

* ئەوەی کە بریارماناداوە ئەگەر نەکرا گلەیی بکەن، ئێمە نەمانوتووە، ئێستا مانگی دەستکرد بەرەو ئاسمان هەڵدەدەین، وتوومانە جادەکان قیرتاو دەکەین، ئێستا خەریکین، وتوومانە کارەبا چاک دەکەین، ئەوە ئەمڕۆ هاتە بواری جێبەجێکردن‌و پرۆژەی ٢٥٠ و ٧٥٠ میگاواتیمان کردەوە.

رۆژنامە: ئەمانە بەڵێنی پێشترن، مەبەستم لەو بەڵێنانەیە کە ئێستا دەیدەن؟

* وەک چی؟ بۆنموونە وتوومانە تاپۆدەکەین ئەوە دەستمانپێکردووە، وتوومانە خەڵک تەعیندەکەین، بەپێی میلاکات خەڵکانمان تەعینکردووە، وتومانە کەرەسەتەی نەخۆشخانەکان دابیندەکەین، دابینمانکردووە، چی ماوە. وتوومانە ئەمساڵ ٢٠٠ ملیۆن دۆلارمان داناوە بۆ گەرمیان ئەوە دەستمانپێکردووە.

رۆژنامە: ئەی شکستی پرۆژەکان؟

* هەیە راستە، پرۆژە هەیە شکستیهێناوە، وا ئێستا سەرگەرمی چارەسەرکردنین، بۆنموونە نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێلەییەکە، خۆ ئینکاری ناکەین، بۆنموونە هەندێک پرۆژەی دیکە هەن کراون، بۆ نموونە تونێلی پێشرەو لە ئەزمر.

رۆژنامە: لەماوەی ١٧ ساڵی حوکمرانی حکومەتی هەرێمدا، تائێستا گلەیی لە کەمیی پرۆژەکان دەکرێن، حکومەتیش باسی کۆمەڵێک دەستکەوت دەکات، بۆنموونە کارەبا، کەچی کەرتی تایبەت جێبەجێیکردووەو هاوڵاتییان پارەی کارەبا دەدەن.

* بۆچی هێنانی کەرتی تایبەت هێزە یان لاوازییە، چۆن توانیومانە کەرتی تایبەت رازی بکەین بێتە کوردستان‌و بە ملیارەها دۆلار خەرج بکات، بۆئەوەی شەریک بێت لە ئیدارەکەمان، دوبەی وا پێشکەوتووە، لە وڵاتان وایە، حەقوایە دەستخۆشی لە حکومەت بکرێت، کە زەمینەیەکی وای دروستکرووە کەرتی تایبەتی هێناوەو خستویەتیەگەڕ.

رۆژنامە: ئەمە جێی دەستخۆشییە، بەڵام زەوی‌و سووتەمەنی‌و شتی دیکەی بۆ دابیندەکات، بۆ حکومەت نەیکردووە، لەکاتێکدا سااڵنە بودجەیەکی زۆر لە وەزارەتەکان دەگەڕێتەوە؟

* نا وانییە، ئێمە تائێستا عەجزمان لە میزانییە هەیە، تائێستا هیچ ساڵێک نییە میزانییەکە خەرج نەکرابێت.

رۆژنامە: بەڵام نرخ زیاد دەکات، بۆچی؟

*بۆ هەروەحدەیەک کارەبا، حکومەت بە ١٣٠ دینار دەیکڕێت، ئێمە ١٨ دینار لە خەڵک وەردەگرین، ئێمە لیژنەمان دروستکردووە لە وەزارەتەکانی کارەبا، ئابووری، کشتوکاڵ، گشتوگوزار، پیشەسازی‌و ژووری بازرگانی، کە بڕێن دانیشین، ئێمە چەند خەرجدەکەین‌و چەند پارە دەدەین بە وەبەرهێنان‌و چەند کارمەندمان هەیە، وەحدەیەک چەند دەکەوێت‌و چەند پارە لەهاوڵاتیان وەردەگرین، ئێمە ئامادەین نیوەی هەڵگرین، وەک حکومەت دەعمی بکەین، بەڵام ئێمە لەوە زیاتر دەکەین، جا تۆ تەسەور دەکەیت غەدر لە هاوڵاتیان دەکەین، پارەوەرگرتنی کارەبا بۆئەوەیە دەستپێوەبگیرێت‌و رێنوێنی بکەین. ئێستا لەبەرئەوەی قیمەتەکەی کەمە حساب بۆ وەحدەکان ناکەین، لەبەرنامەماندایە کارەبا بکەینە کارت، لەوانەیە لەکابینەی شەشدا جێبەجێبکرێت.

رۆژنامە: بەپێی راپۆرتی دەستەی وەبەرهێنان، زیاتر لە ٧ ملیار دۆلار لە هەولێر خراوەتەگەڕ، بەڵام لە دهۆک تەنیا ١٥ ملیۆن دۆلارو لە سلێمانیش یەک ملیارو ٥٥٠ ملیۆن دۆلارە، بۆچی سلێمانی وا دواکەوتووەو کەمتر گرنگی پێدراوە؟

* هیچ پەیوەندی بە حکومەتی پارتی‌و یەکێتییەوە نییە، وەبەرهێن لەشوێنێک پارەکەی دەخاتەگەڕ کە قازانجی لێبکات، دەبێت زەمینەی بۆ خۆش بکەیت، وەبەرهێنان لە سلێمانیش هەیە.

رۆژنامە: بەڵام بەراورد بە هەولێر، هەولێر شەش ئەوەندەیە، بۆچی وا کەمە؟

* هەولێر پایتەختە، لەوانەیە درێژکراوەی سااڵنی دیکە بووبێت، کە لەئیدارەی هەولێر کراوە، لەوانەیە ئیدارەی سلێمانی بارودۆخی وای نەبووبێت، ئەم ملاملانێیەی کە ئێستا دەکرێت وەبەرهێن هانادات لێرە وەبەرهێنان بکات، ئەمە دەبێتە مایەی غەدرکردن لەشاری سلێمانی، لەوانەیە ئێستا درک بەوە نەکرێت، ئەو ملاملانێ تونددەی لەسەر جادەکان هەیە وادەکات وەبەرهێنەر نەیەتە سلێمانی، دەڵێت ئەگەر حاڵەتی شارەکە وابێت بۆنەچم لە هەولێرو دهۆک بیکەم کە ئارامیی زیاتری تێدایە.

رۆژنامە: کەواتە بۆچی هەموو قاعیدەو قەواعیدی یەکێتی لەسلێمانی دابەزیون‌و هەڵمەتەکەیان گەیاندووەتە ئێستا، لەکاتێکدا لە هەولێرو دهۆک وەک خۆت وتت هەستدەکەین ئارامیی زیاتر هەیە؟

* ئەوە لیستی گۆڕانە.

رۆژنامە: بۆ حکومەت ئەو ئارامییە ناپارێزێت؟

* ئێمە ئارامیمان پاراستووە، ئێمە پێشئەوەی کە لیستی گۆڕان بێتە پرۆسەکەوە، هەڵبژاردنی دیکە هەبووە، بۆ ئەوە نەبووە، ئەمە بەڵگەی چییە، ئەگەر ئێمەین وەک یەکێتی بۆ لەسااڵنی دیکە نەبووە.

رۆژنامە: ئەوە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا پەیدا بووەو دەیەوێت بێتە پێشەوەو کەمتر قبوڵدەکرێت؟

* چوار حیزبەکەش ئۆپۆزسیۆنن، لیستەکانی دیکەش ئۆپۆزسیۆنن، بۆ لیستی گۆڕان وان‌و خەڵکانی دیکە وا نین.

رۆژنامە: بەڵام چۆن ئۆپۆزسیۆنێک؟

* خۆ لە لیستی گۆڕان وجودی زیاتر هەبووە، کورسی زیاتری هەبووە، ئەوە وەک حەقێکی سروشتی هەموومان بۆمان هەیە بەشداربین لە بریاردا، بەڵام بەشێوە ئسوڵییەکەی، نەک بەشێوەی رەتکردنەوەی تەواو، ئەوەی لەسلێمانی هەیە، زیاتر لەناو یەکێتیدا رویداوە، قورسایی یەکێتیش زیاتر لە سلێمانییە، ئەم رەوتەش کە دروستبووە زیاتر لەچوارچێوەی ئەم ناوچەیەدایە، بۆ ئەوەش لیستی گۆڕان دەستپێشخەرە نەک ئێمە. من وەک حکومەت، جارێک تەحدیدی رۆژەکەی نەکرابوو، ئێوە وتتان کارمەند دەردەکرێت، بەڵام تەحەدا دەکەم هیچ کارمەندێک دەرکرابێت.

رۆژنامە: کەواتە بۆ ئەوەی کە خەڵک لەسەر بیروڕای جیاواز دەرکراوە تۆمەتە؟

* لە حکومەت، یەک کارمەند لە سەر بیروباوەڕ لەسەر لیستی گۆڕان دەرکرابێت لەتۆ زیاتر دیفاعی لێدەکەم، بەڵام لەپۆستێک پۆستی من‌و یەکێتی بێت‌و لەشوێنێک بێت بۆ حکومەت ئیش نەکات لەو پۆستە لایدەبەم. کاتێک وەزارەت تەشکیلدەکرێت هەرکەسێک خەڵکی خۆی لەو وەزارەتە دانەنێت، ئەگەر یەکێتی نەبێت من لەو پۆستە دانانرێم.

رۆژنامە: قسەکەت راستە، هیچ بەڵگەیەکی نووسراو نییە، کەواتە زۆر بەلێزانانە خەڵکتان دەرکردووە؟

* هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ خەڵک دەرکردن. خۆم، بە شەخسی بزانم شتی واهەیە، قەت قبوڵی ناکەم.

رۆژنامە: با بچینە سەر مەسەلەیەکی دیکە، ماوەیەک لەمەوبەر حکومەت وتی ٢٥ هەزارکەس دادەمەزرێنین، لەپارێزگای سلێمانیش دەستکرا بەناونووسین، نزیکەی ٢ هەزار کەس، ئەوانە دادەمەزرێن؟

* نا، بە پارێزگاریشم وتووە، دامەزراندن بە ئسوڵە، دامەزراندن ئەوەیە، هەر وەزارەتێک خەڵک دەچێت بۆی، میلاکەکەی بۆ دانراوەو ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی لەسەر دەکات‌و پێیدەوترێت معامەلە بکات. لە فەرمانگەکەی خۆی دادەمەزرێت.

ئەوەی ئێستا کراوەو ئیستیمارەیەکیان بە٥٠٠دینار بڵاوکردووەتەوە، پڕی بکاتەوەو دادەمەزرێت، شتی وا نییە.

رۆژنامە: بە بۆچوونی تۆ بۆچی ئەمە کراوە؟

* لەگەڵ کاک دانا قسەمکردووەو چارەسەرمکردووە، وتم واناکرێت، خۆ هەر ئەمجارە دامەزراندن نەبووە، هەموو ساڵێک خەڵکمان دامەزراندووە، بەڵام لەرێگەی وەزارەتەکەوە.

رۆژنامە: کەواتە پارێزگا دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە خەڵک دابمەزرێنێت؟

* دەبێت لەچوارچێوەی پلانێکدا بێت، میلاکی وەزارەتەکان نادرێتە پارێزگا، لەهەولێر ئەمە بووە، لەدهۆک بووە. بەڵام پارێزگار دەسەڵاتی هەیە بەپێی میلاکی پارێزگاکەی.

رۆژنامە: ئێستا کۆمەڵێک خەڵک بە تەنسیب نێردراونەتە فەرمانگەکان، ئەوانە چی لێدەکەن؟

* وتوومانە موباشەرەیان پێ مەکەن. ئەگەر تازەبووبن، موباشەرەیان پێ ناکەن.

وەزارەتی دارایی رێنمایی دەرکردووە بۆ هەموو وەزارتەکان‌و فەرمانگەکانی سلێمانی، پێیانوتراوە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی لەسەر نەکردبوو، لەوەزارەتی دارایی پارەکەی بۆ دانانرێت، دانامەزرێت.

رۆژنامە: باسی ئەوەتکرد، بۆ لە سلێمانی وایەو لە هەولێر وا نییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سلێمانی پێشتر پشتگوێخراوەو وەک هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ ئاشتکردنەوەی خەڵکەکە، بەتایبەت یەکێتییەکان، بۆ نموونە زیاتر لە ١٠٠٠ خوێندکاری زانکۆ هەریەکەیان ١٠٠ هەزار دینارتان پێداون؟

* یەکەمجار ١٠٠٠٠ بوونو دوایی وتیان زیاترن، ٢٥٠ مان زیادکرد، وتیان کۆمەڵێک خوێندکاری هەژار هەن، بۆ کاتی تاقیکردنەوەکان ئەوەمان خەرجکرد.

رۆژنامە: ئەی لە هەولێرو دهۆک هەژار نییە؟

* لەسلێمانی هاتن‌و پێشنیازیان کرد بۆ خۆیان، ئەمەشمان لەسەر بودجەی حکومەت کردووە.

رۆژنامە: ئەی ئەوانی دیکە خوێندکار نین؟

* ئەوانەی هاتوونەتە لای من، هەندێک شت هەیە لە دهۆک دەکرێت‌و لە سلێمانی ناکرێت.

رۆژنامە: ئەمە دڵنەوایی خەڵکی سلێمانی نییە؟

* دەکرێت لەمە زیاتر بکرێت بۆ سلێمانی، ئەوەی لە توانامانداە بووە دریغیمان نەکردووە، بەڵام بارودۆخی سلێمانی، ململانێکانی، وای لێکردووە جار هەیە دوابکەوێت، شەڕی ناوخۆ کاریگەریی خۆی جێهێشتووە، نەبوونی میزانییە کاریگەریی خۆی هەیە، زۆری سەرچاوەی بڕیاردان، سەردەمانێک لە سلێمانی تا بڕیارێک دەردەچوو دەبوو ٣-٤ لایەن موافەقەتی لەسەر بکردایە، لەهەولێر یەک بڕیاردەر هەیە.

رۆژنامە: ئێستا ئەوە نەماوە؟

* ئینشائەڵڵا نامێنێت، ئەگەر بەرچاومان رونتربێت‌و یەک بڕیاردەرمان هەبێت باشترە لەوەی تەرەدودت هەبێت‌و سەرچاوەکانی بڕیار تێکبدرێت.

رۆژنامە: ئەم گرفتە لەناو یەکێتیدا بووە یان لەناو حکومەتدا؟

* ئیدارەی یەکێتی کێ بووە، ئەوانەی قیادەی یەکێتی بوون، لەحکومەتیشدا بوون، بۆ ئەوانەی جیابوونەتەوە، شەریک نەبوون لەبریار، یان خاوەن بڕیاری راستەقینە نەبوون، ئەوانە لەکوێبوون کە کابینەکان پێکهێنراون؟

رۆژنامە: کەواتە کێشەکانی ناوحیزب کاریگەریی لەسەر پرۆژەکانی حکومەت هەبووەو زیانی بەخەڵک گەیاندووە؟

* بەڵێ.

رۆژنامە: وەک جێگری سەرۆکی حکومەت سەردانی بنکەکانت کردبوو، لەهەولێر، لەچاوپێکەوتنی ئاوێنەدا وتووتە بۆئەوە بووە بزانم چییاندەوێت، هیچ داواکارییەکیان هەبووە؟

* هیچ داواکارییەکیان نەبووە، پێمخۆشە ئەو بارەودۆخی دژایەتیکردنە بگۆڕین‌و لەناوخۆماندا وازیلێبهێنین، یەکتر قبوڵبکەین‌و گوێ لەیەکتر بگرین، زیادەڕەوی لە بۆچوونی خۆماندا نەکەین، چونکە قابیلی گۆڕانە، ئێوە دەڵێن گۆڕان، ئێوەش قابیلی گۆڕانن، دەبێت ئێوەش بگۆڕڕێن، دەبێت گۆڕان لەخۆتانەوە دەسپێبکات، ئەگەر خۆتان گۆڕانتان نەکرد، ناتوانن گۆڕان بەخەڵک بکەن، ئایا ئێوە گۆڕاون، ئەو برادەرانە گۆڕاون، سیستمەکە گۆڕاوە؟

رۆژنامە: ئەوان دەیانەوێت بیگۆڕن..

* ئەو مەبدەئە گرنگە، دەبێت گۆڕان لەخۆتەوە دەستپێبکەیت، کاتێکیش چوومە لای بنکەی گۆڕان‌و سەردانی بنکەکانی



دەکرێت لەمە زیاتر بۆ سلێمانی بکرێت، نەبوونی میزانییە کاریگەریی خۆی هەیە، زۆری سەرچاوەی بڕیاردان، سەردەمانێک لە سلێمانی تا بڕیارێک دەردەچوو دەبوو ٣-٤ لایەن موافەقەتی لەسەر بکردایە، لەهەولێر یەک بڕیاردەر هەیە

عیماد ئەحمەد: ئۆپۆزسیۆن سوودو زیانیشی هەیە، سوودی ئـــ



عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان خۆی بە میراتگری جێگری پێشوو دەزانێتو لەوبڕوایەدایە، حکومەت بەردەوام پێویستی بە گۆڕانکاریو چاکسازیی هەیە.

جێگری سەرۆکی حکومەت لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا تیشکدەخاتە سەر ئەو گەرموگوڕییەی لە بانگەشەی هەڵبژاردن لە سلێمانی هەیەو دەڵێت: ئەوەی لەسلێمانی هەیە، زیاتر لەناو یەکێتیدا رووپداوەو قورسایی یەکێتیش زیاتر لە سلێمانییە، ئەم رەوتەش کە دروستبووە زیاتر لەچوارچێوەی ئەم ناوچەیەدایە، بۆ ئەوەش لیستی گۆڕان دەستپێشخەرە نەک ئێمە. هەروەک ئەوە رەتدەکاتەوە کە خەڵک لەسەر بیروڕای جیاواز لە حکومەت دەرکرابێتو دەڵێت: لە حکومەت یەک کارمەند لە سەر بیروباوەڕی جیاواز، لەسەر لیستی گۆڕان دەرکرابێت لە تۆ زیاتر دیفاعی لێدەکەم، بەڵام لەپۆستێک کە پۆستی منو یەکێتی بێتو لەشوێنێک بێتو ئیش بۆ حکومەت نەکات لەو پۆستە لایدەبەم. کاتێک وەزارەت تەشکیلدەکرێت هەرکەسێک خەڵکی خۆی لەو وەزارەتە دادەنێت، ئەگەر یەکێتی نەبێت، من لەو پۆستە دانانرێم.

سازدانی
هیوا، سەنگەر، بەرهەم

رۆژنامە: دوای ئەوەی بویت بەجێگری سەرۆکی حکومەت لەسەر چ پلانێک ئیشت کردووە؟

* بەپێی ئەو پلانەی کە پێشتر هەمان بووە، حکومەت لە کابینەی پێنجەمدا بەرنامەو پلانی خۆی هەبووە، لە چوارچێوەی وەزارەتەکەی خۆم (ئاوەدانکردنەوە) کارمکردووە، کە هاتمە ئەم پۆستە لەگەڵ کاک نێچیرڤان چی هەبووە وەک پێویست جێبەجێمانکردووە، هەوڵمداوە ئەگەر چاکسازییەک بکرێت جێبەجێی بکەین، دژایەتی گەندەڵی بکەین، خەڵکی شیاو لەشوێنی شیاو دانێین، ئەوپڕۆژانەی کە پێویستی بە هاوکاری بووە هاوکاری بکەین، هەندێک پڕۆژەی خزمەتگوزاریی کە ئێستا لەئارادایە جێبەجێیبکەین، هەوڵبدەین رۆتین کەمبکەینەوە، ئەمانە هەمووی هەوڵدانن، لەم ماوە کورتەدا ناتوانیت بڵێیت کودەتایەک لە سیستمی ئیداریدا دەکەم، زیاتر مەیدانی بووینو سەردانی خەڵکمانکردووەو گوێمان لەخەڵک گرتووە، لەگەڵ چینو توێژەکاندا دانیشتووینو بۆ گلەییو گازندەکانیان چیمان پێکرابێت لەداواکارییەکانیان جێبەجێمانکردووە، ئەوەشی پێویستی کردبێت بە بڕیارێکی بەکۆمەڵ داومانەو لەگەڵ کاک نێچیرڤانیش تێگەیشتنێکی باش هەیە لەنێوانماندا.

رۆژنامە: ئێوارەی رۆژی ٢/٢٥ کە مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردیانیتە جێگری سەرۆکی حکومەت، لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا وتت تائێستا هیچ پلانێکی کارکردنم نییە، بەدیاریکراویی پلانی خۆت بۆ ئەم ماوەیە چی بووە؟

* زیاتر بەپیر داواکاریی خەڵکەوە چووم، زیاتر خەڵکو گەرەکە هەژارەکانم بەسەرکردووەتەوە، بەشەخسی خۆم ویستوومە کێشەی ئەوانە چارەسەربکەین؟

رۆژنامە: هیچ کێشەیەکتان چارەسەرکردووە؟

* بەڵێ؟

رۆژنامە: وەک چی؟

* وەک کێشەی وشکەسااڵیی کە ئێستا هەیە؟

رۆژنامە: چۆن چارەسەرتانکردووە؟

* میزانییەمان بۆداناوەو قایمقامو بەرێوەبەری ناحیەو شارەوانیمان راسپاردووەو بە ملیۆنان دینار خەرجکراوە بۆ ئەوەی تەنکەر بکڕدرێتو بە کڕێ بگیرێتو بیری ئیرتیوازی لێبدرێت.

رۆژنامە: ئەمە پلانی شەخسی خۆت بووە یان هی حکومەت؟

* نا، پلانی حکومەت بووە، من بەشێکم لە حکومەت، چونکە ناتوانیت وەک تاک پلان دانێیت، دەبێت لە چوارچێوەی حکومەتدا داراییم مسۆگەر بکەم، بۆ پلانی من دەبێت کاک نێچیر رازی بێتو ئەو وەزارەتەی کە ئیشەکەی بۆدەکەم موافەقەت بکات، کارمەندەکانی ئیشوکارەکانی بکەن، بەڵام من وەکو شەخسی خۆم کارمکردووە بۆ ئەوەی پرۆژەکان زیندوو بکەینەوەو خێرا جێبەجێیان بکەین، مەیدانییەن شوێنەکان بە چاوی خۆمان ببینینو گرفتەکان بزانین، دەستبەجێ چارەسەری بکەین، کادیرەکانمان فێربکەین کە بڕیار لە بەرژەوەندیی گشتی بدەن.

ئێمە گرفتێکمان هەیە کە سەرچاوەی بڕیار یان زۆروبۆرە یان دەترسێت بڕیار بدات، زیاتر وەک مەبدەئی خۆم لەسەر ئەو بەرنامەیە رۆیشتووین، کە پێشتر هەبووە، بەڵام خێراترو کاراترو مەیدانیتر.

رۆژنامە: هەرئەو ئێوارەیەی بوویتە جێگری سەرۆکی حکومەت وتت یەکێک لە کارەکانی من دانانی کەسی شیاوە لەشوێنی شیاو، ئەوانەش کە لەشوێنی شیاو نین لایان دەبەین، ئێستاش هەمان قسەت دووبارەکردەوە، دوای پێنج مانگ لەدەستبەکاربوونت، چیت لەو قسانە جێبەجێکردووە؟

* خەڵکی زۆرمان لاداوە..

رۆژنامە: ئەوانە هیچیان کەسی شیاو نەبوون؟

* ناتوانم حاڵەتەکان رووبنکەمەوە، ئێمە ئەوەمان بە بەرژەوەندی زانیوە، ئاڵوگۆڕمان لە شوێنەکان کردووە، خۆم ئەوەم بە باش زانیوە، هەندێک ئاڵوگۆڕ لە هەندێک دامەزراوەدا بکەین، هەندێک دەموچاو بگۆڕین.

ناشتوانم بەو پێنج مانگە بزانم چاکمکردووە یان خراپ.

رۆژنامە: کەواتە ئەو ئاڵوگۆڕکردنە لەسەر بنچینەی قەناعەتی تۆبووە نەک لێکۆڵینەوەو دیراسەرکردن؟

* نا ... پێشتر هەبووە، دیراسەکراوە، ئێستا دەرکەوتووە کە لەهەندێک شوێن خەڵکێک هەبێت دەستکاری بکەین، نزیکەی ٢٠-٣٠ پۆست گۆڕدراوە.

رۆژنامە: کەواتە بە بڕوای ئێوە ئەو کەسانە خەڵکی شیاو نەبوون لەشوێنەکانیاندا؟

* هەندێکیان ماوەیەکی زۆربوو لەو شوێنانە مابوونەوە.

رۆژنامە: واتە پیر بووبوون؟

* پیرنەبوون، بەڵام دەتوانین لەشوێنی دیکە بەکاریانبهێنین. لەوانەیە هەندێکیان سەرکەوتوو نەبووبن لەبوارەکەیاندا، لەوانەشە هەندێکیان لەشوێنێکی دیکە رۆڵێکی زیاتریان پێنبێت، هەندێکیشیان لێپرسینەوەیان لەگەڵداکراوە.

رۆژنامە: ئەوگۆڕانکارییانەپێویستن، بەڵام چاودێران لەوبڕوایەدان گۆڕینی سیستم پێیوستە نەک دەموچاوەکان، ئەی بۆ ئەوە چیتانکردووە؟

* ئەو مەبدەئە راستە، دەبێت گۆڕان، (نەک گۆڕانەکەی ئێوە، گۆڕانی ئێمە) لە سیستمەکەدا بکرێت، دەبێت هەندێک یاسا هەموار بکرێت، هەندێک لە نیزامی وەزارەتەکان دەستکاریی بکرێت، دەبێت هەندێک ڕێنمایی دەستکاریی بکەین، هەندێک تەشکیلەی وەزارەتەکان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دەستکاریی بکەین، دەبێت حکومەت بچووک بکەینەوەو تەرشیقی بکەین.

بەشێکی دیکەی عەقڵییەتەکان بگۆڕین، ئەو سیستمو رۆتینەی کەجاران هەبووە دەبێت ئێمە گۆڕانکاریی تێدا بکەین، ئێمە لەڕێگەی ڕێکخراوی پی دەبلیو سی ئەمریکی کە لەگەڵیان دانیشتووینو داتای خۆیان لایەو بەشی یەکەمیان تەواوکردووەو بەشی دووەمیش بەرنامەیەک دادەنێین، بۆ گۆڕینی ئەم سیستمەی لەکوردستان هەیەو قۆناغی سێیەم دەیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە.

قۆناغی یەک، کۆکردنەوەی زانیارییە، قۆناغی دووەم دانانی بەرنامەیە، نەخشەی ڕێگا، قۆناغی سێیەم جێبەجێکردنەکەیەتی.

رۆژنامە: واتە کوردستان پێویستی بە گۆڕانە؟

* ئێمە ناوی دەنێین، گەشەکردنو چاکسازیی، ئەوەی ئێوە لای خۆتانەوە کردووتانە شتێکی راستە، ئێمە دەبێت لەپەرلەماندا بەیەکەوە دانیشینو یاساکان دەستکاریی بکەین، شانبەشانی ئەوە خەڵکی شیاویش پێویستە.

رۆژنامە: دەکرێت ئەو چاکسازییانە بکرێن، لەکاتێکدا زۆربەی یاساکان لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە دانراون؟

* زۆربەی یاساکان هی سەردەمی حکومەتەکانی دیکەی عێراقن، ئەو یاسایانەی ئێمە ئیشی پێدەکەین یاسای عێراقە.

رۆژنامە: واتا پێویستیان بە گۆڕین نییە؟

* هەندێکیان پێویستیان بەگۆڕانەو پەرلەمان کردوونی، بەڵام زۆریان ماوە، ئەوانەی ئێمە دەبێت هەموارییان بکەین، هەمووی لە حکومەتی عێراقەوە بۆمان ماوەتەوە، ناکرێت ئێمە لە سفرەوە دەستپێبکەینەوە.

ئەگەر بڵێیت بەئاڕەزووی خۆم

لەم ماوە کورتەدا ناتوانیت بڵێیت کودەتایەک لە سیستمی ئیداریدا دەکەم، زیاتر مەیدانی بووینو سەردانی خەڵکمانکردووەو گوێمان لەخەڵک گرتووە، لەگەڵ چینو توێژەکاندا دانیشتووینو بۆ گلەییو گازندەکانیان چیمان پێکرابێت لەداواکارییەکانیان جێبەجێمانکردووە

شتەکە دەگۆڕم بەس بەدەم خۆشە، ئەگەر بیخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە زۆری دەوێت، هیوادارین بیگۆڕێن، ئێمە پێمانخۆشە لەکابینەی شەشەم خەڵکی زۆر بێزو بەشداری لە حکومەتو پەرلەماندا بکەن، با ئەوەی دەیەوێت بیخاتە بواری پراکتیکەوەو بیگۆڕێت.

رۆژنامە: باسی گۆڕانکاریت کرد لە کابینەی حکومەت، چی وایکرد بکەوێتە ئەم چەند مانگەی تەمەنی حکومەتەوە؟

* پێشتریش کردوومانە.

رۆژنامە: بەڵام بەم چرپییەی ئێستا نا..

* من لەناو وەزارەتەکەی خۆم (وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە) زۆربەی بەرپرسەکانم گۆڕیوە، شێوازی ئیشکردنی ناو وەزارەتەکەگۆڕیوە، بەڵام کەهاتوومەتە ئەم پۆستە، ئیشم لەسەرکردووە، بۆنموونە یەکێک لەوانە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێرییە، لیژنەیەکم بۆ پێکهێناوەو ٧٣٪ی ڕاپۆرتەکانم جێبەجێکردووە، لەم رۆژانەدا دیوانی چاودێری دەستخۆشی لە ئێمە کردووە، دەستخۆشی لە کاک فاروق جەمیل کردووە کە سەرۆکی ئەو لییژنەیەیە، ئێمە لەسەرووی ١ ملیار دینارەوە هێناومانەتەوە خەزێنە حکومەت، زۆر خەڵکمان محاسەبەکردووەو زۆر دۆسیەمان داخستووە.

رۆژنامە: پێشتر بۆ نەکراوە؟

* لەو برادەرەی پێش من بپرسە بۆ نەیکردووە. هەرکەسێک شێوازی خۆی هەیە.

رۆژنامە: کەواتە پێشتر حکومەتێکی چالاکتان نەبووە لە لێپرسینەوەدا؟

* ئێمە دەڵێین میراتگری ئەو حکومەتەین، باشبووە شەریکین، خراپبووە شەریکین.

رۆژنامە: پێشتر باست لە چوونە ناو خەڵک کرد، بەڵام پێتاندەوترێت ئەمە بۆ خاڵیکردنەوەی تورەیی خەڵکە، بۆیە جۆرێک لە بێسیقەیی بە بەڵێنەکانتان دروستبووە، بۆچی؟

* ئەوەی ئێمە کردوومانە مەیدانییەن جێبەجێمانکردووە، بۆنموونە یەکێک لەو حاڵەتانە کە وتوومانە ئەو خانووانە تاپۆ دەکەین، کردوومانە، ئێستا لیژنەمان دروستکردووەو شەوانە ئیشدەکەن.

رۆژنامە: بەڵام ئەمە هەڵمەتی هەڵبژاردن نییە؟

* نا، ئەگەر دوای ئەوە نەبوو گلەیی بکەن، خەڵک جاران قیرتاوی جادەکانی بەشەو بینیوە، ئەگەر دوای ئەوە نەکرا گلەیی بکەن. ئێمە ئێستا مەسەلەی کارەبامان چارەسەرکردووەو پێشتر ئیشمان بۆ کردووە، کێشەی وشکەسااڵیی چارەسەری دەکەین. شتەکان بۆ گشت خەڵکە نەهاتووین بزانین کێ یەکێتیو پارتییە، ئەمە لەبەرژەوەندیی گشتیی نییە؟

رۆژنامە: ئەی بۆ ڕاکێشانی هەستو سۆزی دەنگدەر نییە؟

* ئەی ئەمە حەرامە، یەعنی خەڵک وڵاتو حکومەتەکەی خۆش بوویت یان رقی لێی بێت.

رۆژنامە: بەڵام بە پلان یان بێ پلان؟

* کێشەیەک هەبووەو بە پلان چارەسەرمانکردووە. ئێوە پێتانخۆش نییە حکومەت ئیشی باش بکات. بۆ دەیخەنە قاڵبی گومانەوە.

رۆژنامە: بێگومان پێمانخۆشە، بەڵام ئەمە گومانی خەڵکە هی ئێمە نییە؟

* نەوەڵاڵا هی خەڵک نییە، گومانی ئێوەیە، تۆ ئەگەر دەکەس ببینیت، من هەزارکەس دەبینم، تۆ ئەگەر لە شوێنێک دانیشتوویت، من زیاتر لە خەڵکەوە نزیکم، خەڵک بەرژەوەندیی خۆی دەوێت، تۆ دەبێت بزانیت چۆن بەرژەوەندییەکەی دێنیتە دی، تۆ لە دیدێکی سیاسییەوە تەحلیلی ئەمە دەکەیت، ئەوە تۆیت.

دیموکراسییانە بیردەکەنەوە، بەڵام بە عەقڵی میللیتاری ڕەفتاردەکەن



نەجات ئەسپێندارەیی

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەرپرس و دەسەڵاتدارەکان دیموکراسییانە بیردەکەنەوە و دیموکراسییانە قسەدەکەن، چەمکی دیموکراسی تاووتوێدەکەن و بۆ خەڵکی شیدەکەنەوە، بەڵام نازانن دیموکراسییانە ڕەفتاربکەن و لەگەڵ خەڵک بجوڵێنەوە، چونکە لە بنەڕەتدا دیموکراسییان سندمکردووە، بەڵام بۆ مەرامی خۆیان هەندێکجار لغاوی بەردەدەن و جڵەوی بۆ شلدەکەنەوە، واتا دیموکراسی وەکو لاستیک وایە ئەگەر بیانەوێت لێکی دەکێشنەوە و کاری خۆیانی پێتەواودەکەن ئینجا وێکی دێننەوە، دەسەڵاتدارەکان کە دێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆن ئەوەندە ماقوڵانە باسی دیموکراسی دەکەن قەرسیل دەگەیەنن چۆکان، بەڵام بە کردەوە جۆرێکی دیکەن و وێستو ئـــارەزووی خۆیان بە زۆر بەسەر خەڵکدا فەرزدەکەن، دەیـــانـــەوێـــت خـــەڵـــکـــەکـــە وەکـــو بەندەیەکی دڵسۆز لە سەمع و تاعەی ئەوان دەرنەچێت،

دەسەڵاتدارانی کوردستان کە کوردستان بەمەڵبەندی ڕەنگدانەوەی فیکری دیـمـوکـراسـی دەزانـــن دژایەتییەکی سەرسەختی هەموو ئەو حیزب و گروپ و بزووتنەوانە دەکەن کە بیروبۆچوونیان لەگەڵ ئەواندا جـیـاوازە، جۆرەها پلان لەدژیان دەگێڕن بۆ ئەوەی باری دەروونـیـان تێکبدەن و لەسەر مـومـارەسـەی کـاری سیاسیی ساردیان بکەنەوە، ئـەو جۆرە دەسەڵاتدارانە لەبەرئەوەی ڕەگێکی قوواڵیان لەنێو جەماوەردا نییە، بۆیە هەمیشە لە خۆیان بە گومانن و بە گومانەوە لە دەورو پشتی خۆیان دەڕوانـن و بە گومانەوە سەیری جموجۆڵی خەڵکەکەن، پێویستە ئەم دەسـەڵاتـدارانـە کە ئەوەندە باسی دیموکراسی دەکەن لەسەر بنەمای دیموکراسی و پێکەوە ژیان و خۆشەویستی و دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسیارێتیکردن خەڵکەکەی خۆیان پـــەروەردە بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە تائێستا سیستمێکی ساغڵەمی لـە حوکومڕانییاندا پەیڕەونەکراوە کە خەڵکەکەی لە سایەیدا بە ئاسودەیی و تەبایی بژین، بەڵکو حوکمی تاکە حیزب زاڵە بەسەر خەڵکداو تائێستا بوار لـەبـەردەم هاتنەئارای سیستمی دیموکراسی و کارکردن بە حوکمی یاسا نـــەڕەخـســاوە، گومانیش لەوەدا نییە کەوا هەتا هەستی تاک حیزبی و تاکڕەویی و دەمارگیریی زاڵبن بەسەر بیرکردنەوەو هەستو سـۆزی ئـــەو خـــەڵـــکـــەدا ناتوانن هەنگاوێک بـەرەو پێشەوە بچن، خەڵکی ئەو وڵاتە ئەوەندە تووشی سەر لێشێواندن و چەوساندنەوەو تەنگە پێهەڵچنین کـــراون، بیر کۆڵبوون و لەو ماجەرایە تێناگەن کە لە دەوروبەڕیاندا روودەدات.

لە کۆمەڵگەی میللیتاری کوردیدا هەمیشە کێشەو ململانێیەکی قوڵ لەنێوان دەســـەڵات و خەڵکەکەی لەسەر ئەوەیە کە دەسەڵاتداران بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت نوخبەی پێشکەوتووخوازو لێهاتوو بە پـەڕاوێـز بخەن و لە هەموو چالاکییەکی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دووری بخەنەوە، چونکە نەوەی نوێ یاخود نوخبەی تـازە زۆر پابەندی دابونەریتی ملکەچکردن و دەستماچکردن و دەست لەسەر سنگو بەڵێ گەورەم نییە.

بۆیە بـە هـەمـوو شێوەیەک کـار بۆ ئـەوە دەکـەن کە پێگەی کۆمەڵایەتی نوخبەی نوێ لاواز بکەن، ئەو بەرنامەیەی کە هەیەتی بـۆ ڕێکخستنی ژیـانـی خەڵک ڕێـگـە لـە گەشەکردنی بگرن و لێنەگەڕێن بەچۆرێک پەرەبسێنێت کە لە کۆنترۆڵی ئەوان دەربچێت، چونکە ئەگەر خەڵک ئاشنابوو بەو بەرنامەیەو خەڵک لە ناوەرۆکو حەقیقەتی ئەو بەرنامەیە شارەزابوو ئەو کاتە پێگەی دەسەڵاتی تاک حیزبی و تاکڕەوی لەنێو کۆمەڵگادا لاواز دەبـێـت و ئـەو متمانەیەی لەڕێگەی پروپاگەندەوە بەدەستیان هێناوە لە کیسیان دەچێت.

دەسەڵاتی زاڵو عەقڵی میللیتاری کـورد هـەمیشە کۆسپ و ڕێگرن لەبەردەم نەوەی نوێو ئازادیخواز کە بێتە سەر شانۆی سیاسیی و جڵەوی فەرمانڕەوای بگرێتە دەست بەم بیانووەی نەوەی تازە دەیەوێت نەریتو بەها بەرزەکانی کۆمەڵگە لەناوببات کـە بریتین لەبیری تەسکی حیزبایەتی و ناوچەگەریی و عەشیرەتگەریی و خەڵکەکەی بە سیستمێکی دیکەو بەدنیایەکی دیکە ئاشنابکەن، دەســـەڵات هەمیشە دەیەوێت ئەو چەمکو بۆچوونانە لەنێو کۆمەڵگەدا پەرە پێبدات کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەو دەکـــەن، لە کوردستاندا گوتاری حیزبی زاڵە بەسەر هەموو گوتارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و کلتووری و فەرهەنگیدا، بۆیە ئـەم حیزبانە پێگەیەکی قایمیان لەنێو جەماوەردا نییە، لە کوردستاندا سێبەری حیزب بەسەر هەموو داموەزگاو قوتابخانەو زانکۆو شوێنەکانی دیکەدا شۆڕبووەتەوە کە لە هەموو شوێنێکدا حیزب وجـودی هەیە، ئەوەی لەژێر چەتری حیزبدا نەبێت مافی وێرانە کە ئەمەش گومانو دڵەڕاوکێی لەنێو چینو توێژەکانی گەنجاندا دروستکردووە، ئەوەی پرۆسەی سیاسیی کـوردی لاواز کردووە ئەو بێمتمانەییو بێبڕوایی و دڵسارددییەیە کە ئەم خەڵکە بەرامبەر بە دەسەڵات هەیەتی، لە کوردستاندا سیاسەتو حوکمڕانی ڕێڕەوێکیان وەرگرتووە، ئەویش پاراستنی پێگەو سەروەتو سامانی دەسەڵاتدارانە، بـۆیـە ئـەمـڕۆ لـە کـوردسـتـانـدا پێویستیمان بە نوخبەیەکی سیاسیی هەیە کە فرچکی بە مەمکی حیزبی دەسەڵاتدار نەگرتبێت.

بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لە پەرلەمانی داهاتوو بێتە بوون

مەحمود عەبدولسەمەد

دروشمو کارنامەی ڕاگەیەنراوی هەموو لایەنو کەسایەتیە بەشدارەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا، چی بە لیستی سەربەخۆ یان بە هاوپەیمانێتی زۆر لەپەکتر نزیکن، بەڵام وروژێنەرترین بابەتی هاوبەشی هەموو بەرنامەکان هەرچەندوشە زارەکیەکانیان جیایە وەک (ریفۆرم، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئازادیە گشتییەکان، خزمەتگوزاریی، دیموکراسی.....تاد)، بەڵام دەتوانرێت چەمکو ڕەهەندی هەموویان لە وشەی (گـۆڕان)دا بەرجەستە بکرێت، ئەوەی کە گۆڕانی ناوێت لە سیستمو ئیدارەداو ریکلامیشی بۆدەکات هەر تەنیا لایەنی دەســـەڵاتـــدارە، بەڵکو دەیـــەوێت هەر بەجێگۆڕکەپێکردنی داشەکانی سەر بۆردی شەترەنجەکەی خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکەوە، وەک ڕەفتاری هەر ڕژێمێکی دکیتاتۆری کە لە هەڵبژاردنەکاندا (ڕەمز)ەکانی خۆی کاندید دەکات و ئەوسا بەلایەوە گرنگ نابێت کام لەو ڕەمزانە بە هەرشێوەیەک بێت سەرکەوتن بەدەستبێنن، چونکە هەر ئەڵقە لەمشتی دەبنو دەستەو نەزەری ڕادەوەستن، خۆ ئەوانە هەڵبژاردن ناکەن، (دەست بژێر) دەکەن، ئاماژەی بااڵنسی هەڵبژاردن تائێستاش واپیشاندەدات کە (لایەنەکانی دەســـەڵات بـــەدەســـت) کـــە خـــاوەنـــی داراییەکی زەبەالحی ماڵی و مرۆیی و ڕاگەیاندن، میلیشیاو سەربازینو سەربـاری تاوانی شـەڕە ناوخۆییە نەبراوەکانیشیان ئێستا هاوپەیمانی ستراتیژیی و چارەنووسسازیان لەنێواندایە، کە لە ڕێیدایە بەگشتیان بکەنە بردنەوەی هەڵبژاردن و نۆژەنکردنەوەی دەســـەڵاتـــە ئۆتۆلیتاریزمیەکان بۆ چەند ساڵێکی دیکە، بـــەڵام لەسەر ڕیتمی هەڵبژاردنەکانی هەندێک وڵاتی دراوسێو بە ئۆپۆزسیۆنکردنی هەموو لایەنەکانی دیکە، بەڵام باوەڕناکرێت تازە ئەو کورسیە نەرمە بێ درکەی دەسەڵاتی لەمەوپێشیان بۆ دەستبداتەوە، کە کەس نەبوو هاواربکات بەسەریانداو خۆیان بە تەنیاو بێباکانە تەخشانو پەخشانی هەموو شتێک بکەنو قۆرخی دەسەڵاتی یەک لایەنە بکەنەوەو حیزبو لایەنە کەمدەستەکانیش بخزێننەوە گۆشەی بێدەنگیو بەخێرو سەدەقەو مەکرەمە بڕێک (بەخشندە یان بابڵێین مووچە)یان بدەنێو ئیتر مافـو بواری دەمکردنەوەیان نەمێنێتو خوانەکردە ئەگەر هاوڵاتیەکی سیڤیڵو بێاڵیەنیش لەخەت دەربچێتو شتێکی دژێو بڵێت، ئەوا خۆی حازر بکات بۆ هەزارو یەک ناو زڕانـدنو با فایلیشی نەبێت هەر هەیەتی. بەهەرحاڵ هیوای ئەمڕۆی خەڵک لە هەڵبژاردن بەدەستهێنانی (نەک پێبەخشینی) ئازادیو دیموکراسیە، کە بە هەموو لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن، ئۆپۆزسیۆن ئەگەر ڕۆژرینەش بەدەستنەهێنن هەر ئومێدیان هەیە کە ژمارەیەکی باشیان لە کورسییەکانی پەرلەمان پێببڕێو ببنە خاوەنی قەبارەو قورساییەک کە بتوانن ڕێگە بگرن لە نایەکسانیو پێشێلکاریو ملهووڕی (١٨) ساڵی دەسەڵاتی بنەماڵەو گوندەیی تاکڕەویی، ڕێگە بگرن لە تێپەڕاندنی ئەو بڕیارانەی کە لە مەکتەب سیاسییو قێاڵی سەیرانگاو ژووڕە داخراوەکانی ئـــاو کـــۆشـــکـــە عەجیبەکانیانەوە دەردەکـــرانو دەیاننارنە پەرلەمانە موسەییەرەکەیانو دەستی بۆ بەرز دەکرایەوە، ڕێگە بگرن لە گرێبەستە ئابووریی نهێنیەکانیان، ڕێگە بگرن لە سەپاندنو تێپەڕاندنی دەستوورێک کە خۆیان بۆ خۆیان دانـاوەو پەرلەمانە بەسەرچووەکەیان دەنگی بۆ داوە، چیتر وەک مرۆڤ سەیرمان بکەن نەک وەک (سەگو میرووڵە). ئەم دیاردە نوێیاوەی نـاو پەرلەمانی نوێی کوردستان، دیـاردەی فرە ڕەنگیو فرەدەنگی کە بەرجەستەیە بە بەشداریکردنی چەندان قـەوارەی ئۆپۆزیست سروشت کە بە هێندەی ژمارەکەیان خاوەنی هێندەش ڕاوبۆچوونی بەدیمەن جیاوازو بە ئامانج هاوبەشن.....، کە ئەم قەوارە ناوازەیە ئەگەر دوای هەڵبژاردن، بگرە هەر لە ئێستاوە بلۆکێکی ئۆپۆزسیۆنی یەکگرتوو، یەکدەنگ، یـەک خیتاب، یـەک ئـیـرادە، بـوێـر پێک نەهێنن و هەر بە پەرتوبڵاوی بمێننەوە و دیلی ئایدۆلۆژیاو خێڵگەرایی بن، زەحمەتە هیچیان پێهەڵبسورێت لەبەردەم نەریتی واقیعی (زۆرینەو کەمینەی) پەرلەمانیداو کاریگەرییەکی وایـان نابێت لەناو پەرلەمانەکەشدا چ جای حکومەتو دەســـەڵات، ناتوانن مامەڵەی پێویست لەگەڵ مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بکەنو بگرە ناشتوانن پرۆژەی بڕیارە بەکەڵکەکانی خۆشیان بچەسپێنن و لەو بارەشدا دەستەوسان دێنە بەرچاوی دەنـگـدەران، بێئومێدیان دەکـەن، کە ئەوەش دەکێشێتە سەر دابەزینی ئاستی کەسایەتی خۆشیانو لایەنەکانیشیان، هێندەی دیکە خەڵک بێباوەڕدەبنو یاخوا میللەتی (ڕەشو ڕووت) ڕوو نەکاتە هیچ کەس، چونکە ئەو کەسە ئەگەر سوپاکەی ئەسکەندەریشی هەبێت فریای ناکەوێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر هەموو فراکسیۆنە سەرنەکەوتووەکان کە عادەتەن دەبـن بە (ئۆپۆزسیۆن) یەکبگرنو هەرتاقمێک نەکەوێتە شوێن بەرژەوەندی تایبەتیو دەستبژێرکردنی هەر ڕستەو فرێزێکی دیاریکراو لە مادەی یاسایەکی دیاریکراودا کە لە بەرژەوەندی خۆی بێت وەک ئەوەی کە بۆ تێپەڕاندنی دەستوور هەندێک لایـەن فەلسەفەی (بۆمنون ببعض و یکفرون ببعض)یان پەیڕەوکردو کردیان بە پاساو، بۆیە پێویستە ئۆپۆزسیۆنێکی تۆکمەو بوێرو لێهاتوو پێکبێنن، سـەرۆک وتەبێژی فەرمیو لیژنەو کۆمیتەی بەرنامەی کارو بەدواداچوونو تەکنۆکراتیان هەبێت، ئەوسا زۆربەی (تەداعیاتە) نێگەتیڤەکان لەبەین دەچنو خودی ئۆپۆزسیۆنیش دەبێتە جێگەی هیوای بەشخوراوانو ڕێزو شکۆی خەڵکیش بەدەستدەهێنێتو ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای گەندەلیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەرمانی (گۆڕان)ەوە، هەر لەو پەرلەمانەشەوە دیمەنێکی گەشو مەدەنی گەلەکەمان پیشانی دۆستو دوژمن دەدرێتو ئۆپۆزسیۆن دەتوانن بەوپەڕی گوستاخیەوە لە دەرەوەی پەرلەمان بێباکانە پەیوەندی گەرمو قایم بەخەڵکەوە بکەن، کۆڕو سیمینار ببەستن، گوێ بۆ داخوازییو ڕەخنەو گازندەی خەڵک بگرن، پەردەی نێوان خۆیانو میللەت بپێچنەوە، لەوحاڵەتەدا لـە دەرەوەی هەرێمیشدا هـــەر لە بەغداوە تا هەموو دنیا دەبنە خاوەنی ڕێزو ئیعتیبار، سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن بە فەرمی وەک سەرۆکی داهاتووی وڵات، هەرێم (سەرۆکی سێبەر وەک دیبلۆماسییەکان دەیڵێن) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بـەڵام ئەم ئاواتە پیرۆزانە کاتێک دێنەجێ، کە دەنگدەر هۆشیارانە دەنگی دابێتو هەڵبژێردراوەکانیش ڕێز لەخۆیان بگرن، ئەویش بە ڕێزگرتنیان لـەو دەنـگـدەرە هۆشیارانەی کە بە دەنگدانەکانیان ئەوانیان گەیاندووەتە ئەو پێگەیەو لە خۆیشیان بەرپرسن کە: بۆچی گەیەنراونەتە ئەوشوێنە!، هەروەها بە پێشخستنی بەرژەوەندی گەلو وڵات لەسەر بەرژەوەندی خودی حیزبیو ئایدۆلۆژیاو خێڵو ئایینداد.

ئا لـەم بـارەی دوایـشـدا دەشێت ئامانجە پـیـرۆزەکـان یەکبکەونو (گـۆڕان) بەهەموو ڕەهەندە مرۆییو کۆمەڵایەتیو ئابووریو پەروەردەییو سیاسییەکانیەوە ببێتە ئەو سیمبولەی کە هەموو کـەس و لایەنێک خۆی بۆ تەیاربکاتو بوار خۆش ببێت بۆئەوەی کاروانی گۆڕان بگاتە مەنزڵ، ئەوەش با ئەمڕۆ باری گونجاوو لەباری بۆ نەلوێت، خۆ دەشێت بکرێت بە بنەمای چەشنێک لە نەریتو عورفی (Traditionary) مەدەنیو دیموکراسیو کلتووری سەر مەشق بۆنەوەکانی دوای خۆمان.

گۆڕان دەسەڵات دەخاتە سەر ڕێگەی ڕاست

مەجید ساڵح



قەبوڵنەکردنی شەریک لـە دەســـەڵات یـان ڕاستر بـڵـێـن، قـەبـوڵـنـەکـردنـی ئـۆپـۆزسـیـۆن، سیفەتێکی بـەرچـاوی دەسـەڵاتـدارانـی جیهانی عەرەبیە، ئەم سیفەتە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە بیرو ڕەفتاریسەرکردایەتیئێستای هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لـە هـەرێـمـی کوردستاندا دەردەکەوێت. هەڵسوکەوتو هەڵچوونی هەردوو حیزب لەکاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەو هیستریایەی کە لە میدیاکانیانو قسەو لێدوانی سەرکردەکانی ئەو حیزبانە دەردەکەون، نیشانەن بۆ ئەوەی ئەوان تەنیا ئۆپۆزسیۆنێکی ڕووکەشو هەزیلو گوێڕایەڵیان دەوێت، ئامادەشنین لە کوردستاندا بزووتنەوەیەک هەبێت هەڕەشە لە عەرشو تەختو تاجیانبکات.

لاسـایـکـردنـەوەی وڵاتـانـی عـەرەبـیو شوێن پێهەڵگرتنی ئەمیرەکانی خەلیج، خەونێکی دێرینی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی ئێستای کوردستانە، بەڵام لە هەژدە ساڵی ڕابـردووداـ «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» لەمپەڕێکی گەورەی بەردەم هاتنەدی ئەو خەونەبوو، ئێستا کە بەشێک لە سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە نەک هەر لەمپەڕنین، بەڵکو ماندوو نەناسانە کاردەکەن بۆ هاتنەدی خەونی بە ئیمارەتکردنی کوردستانو تەسلیمکردنی بە بنەماڵەیەکی دیاریکراوی کوردستان.

پرسیاری سەرەکی لـەوەدایـە ئاخۆ زەمینەی جێبەجێکردنی ئەزموونی وڵاتانی عەرەبی لە کوردستاندا لەبارە؟ ئایا گەلی کوردستان توانای ژیانی هەیە لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتێکی ستەمکارو پاوانخواز، زۆر دوور نەڕۆین ئاخۆ ئاساییە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەزموونی پارێزگای دهۆک قەبوڵبکات کە جگە لە یەک حیزبو یەک ڕەنگو یەک دەنگ بۆ کەس نییە نوزەی لێوە بێت؟ بە واتایەکی دی، ئایا هیچ ڕێگرییەک هەیە لەبەردەم هاتنە سەرکاری نموونەیەکی وەک بنەماڵەی موبارەکو ئەلئەسەد لە کوردستاندا؟

من پێموایە ئەو پێشوازییە بێونەیەی خەڵک کردیان لە لیستی گۆڕان، دەریدەخات شەقامی کوردی گەورەترینو سەرەکیترین لەمپەڕی بـەردەم هاتنەدی خەونی چۆلەکەیی ئەو سەرکردانەیە، گەلی کوردستان، نەک هەر ئەوەی قەبوڵ نییە تا مردن یەک سەرکردەی هەبێتو دوای ئەویش کۆڕو کۆڕەزاکانی سەرەیان گرتبێت بۆ سەرۆکایەتی، نەک هەر قەبوولیان نییە، ئەزموونی وڵاتانی عەرەبی لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێت، لەوەش زیاتر لاوانی ئەم وڵاتە بە کردەوە کار بۆ بە ئەوروپاکردنی کوردستان دەکەن. گردبوونەوەی ژنانو لاوانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو ڕۆژنامەنووسو نووسەرانو سیاسەتمەدارانی بە هەڵوێست لە دەوری یەکترو پێکهێنانی بزووتنەوەی گـۆڕان، بۆ خۆی دەریدەخات ئیمارەتی بنەماڵەیی لە کوردستاندا قەبوول نییەو ڕەتدەکرێتەوە.

لەمپەڕێکی دیکەی بەردەم هاتنە نەدەی ئەو خەونە، واقعی سیاسیی ئێستای عێراقە. لە عێراقدا ئێستا دەسەڵاتێک هەیە هەڵقوڵاوی پەرلەمانەو لە شارەکاندا حوکمی زاتی هەیە، خەڵک هەڵبژاردووەتو دیموکراسیەتەکەیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشەکردنایەو دەسـەڵات بۆ هیچ حیزبو بنەماڵەیەک قۆرخنەکراوە. لەو چەند هەڵبژاردنەدا دەرکەوت کە هۆشیاری دیموکراسیی لەناو خەڵکی عەرەبی عێراقدا زۆر بە خێرای گەشە دەکاتو هەر حیزبێک، با لە ڕابردووداـ شۆڕشگێرو تێکۆشەریش بووبێت، با هەزاران شەهیدی دابێت، با سەرکردەکانیشی لە بنەماڵەی گەورەو ناوداری ئایینیو سیاسیش بێت، بەڵام ئەگەر خزمەتگوزار نەبێت، خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بە دەنگیان سزای دەدەن، بەو پێیەی ئێمەش هێشتا لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسیی عێراقداین، بۆیە ناکرێت، ئیمارەتێکی بنەماڵەیی لەم هەرێمەدا هەبێت.

لەمپەڕی سێیەمی دووبـارە نەبوونەوەی بەردەم ئەزموونی وڵاتانی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان، ئەمریکاو خۆرئاوایە. وەک دەزانین، ئەمریکیەکانو لە تەکیاندا خۆرئاواییەکان ئەو هەموو زەحمەتەیان نەداوەتە بەردەم خۆیان بۆ ئەوەی بێن سەدام بڕوخێنن، لە جێگەیدا کۆمەڵە سەدامێکی بچووکتر دابنێن. ئەوان هاتوون بۆ ئەوەی عێراق بکەن بە نموونەیەک لە دیموکراسیو پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بۆ وڵاتانی عەرەبی. ئێستا کە لە لوتکەی سەرکەوتنەکانیاندا نزیک دەبنەوە، ڕێگە نادەن لە تەنیشت دیموکراسیەتەکەی بەغدادا، نموونەیەکی عەرەبی سەرهەڵدات.

ئاسۆبینی



کێ بیر لە دادپەروەریی دەکاتەوە؟

پارێزەر تەها عومەر رەشید

پرسیارێکی گرنگ کە پێویستە ئاراستەی هەر قەوارەیەکی سیاسیو بەرنامەکەی بۆ هەڵبژاردن بکرێت، ئەوەیە کە دادپەروەریی لە ئەجێندای ئەودا چ واتایەکی هەیە؟ چۆن ئەم بیرە بڵاوو فراوانە وردەدەکەنەوە بۆ بنەمای یاسایی‌و چۆن وەک دەسەڵاتدار پابەند دەبن بە بەدیهێنانی دادپەروەرییەوە؟ لەڕاستیدا دەسەڵات گرتنەدەست لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە چەند لە بارودۆخو هاوسەنگی هێزەکان بگۆڕێت، دەرئەنجامێکی لاوەکییە بە بەراوردکردنی لەگەڵ خواستی دادپەروەریی، چونکە دادپەروەریی دەبێت وەک ئەرکێک بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنرێت. ئالۆگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵاتو دیموکراسی بێبەها دەبن، ئەگەر هاوتەریب نەبن لەگەڵ خواستی دادپەروەریی. دادپەروەریی لە سادەترین واتایدا بریتییە لە ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤو پاراستنی مافەکانی‌و بەیەکسانی سەیرکردنیان لەلایەن دەسەڵاتەوەو جیاکاری نەکردن‌و تێگەیشتن لە پێداویستی هەر تاکێک بە جیا لە ناو پێداویستی گشتیداو رەنگدانەوەی تۆخی ئەمانەش لەو یاسایانەدان کە لە پەرلەمانەوە دەردەچن.

دیارترین مەجالی بێمانا‌کردنی دادپەروەریی لەوەوە دەردەکەوێت کە وەکو دروشم نمایش بکرێت‌و بکرێتە وێنەیەک لە وێنەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بە بێ ئەوەی خودی ئەو هێزەی بانگەشەی بۆ دەکات بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەبێت بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی، چونکە دادپەروەریی مەسەلەیەکی بابەتی‌و لەهەمانکاتدا ئیجرائیشە، کە تەنیا وەسیلە بۆ هەر هێزێکی سیاسی ئەوەیە لە ناو یاساکاندا لە شێوەی بنەمای گشتیدا دایبڕێژێت. بۆیە بۆ هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، بەدیهێنانی دادپەروەریی پێویستی بە بوونی ڕوئیایەکی دیاریکراو هەیە بەرامبەر مرۆڤ بەگشتی‌و هاوڵاتی بەتایبەتی، پێویستی بە تێگەیشتنە لەو خولیا ئینسانیانەی لەداهاتوودا دەبنە خواست، دادپەروەریی هەرچەندە وەک ئامانجێکی دوورمەودای سیاسەت سەیر بکرێت لەوە دانابڕێت کە پێداویستییەکە شیاوی دواخستن نییە، سەرچاوەی دادپەروەریی لە بیرێکی سیاسیی مرۆڤانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو کایەی یاساو ئەخلاق، هەریەک لە یاساو ئەخلاق هەڵگری بنەمای جیاوازن بۆ دادپەروەریی، ئەوەی بە یاسا دەکرێت لە پێناوی دادپەروەریدا بریتییە لەوەی کە مرۆڤ بکاتە دوا ئامانجی خۆی، لەناو ئەخلاقیشدا دادپەروەریی بریتییە لە فەزیلە. یاسا کاتێک دەتوانێت دادپەروەر بێت کە ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی دەریدەکات‌و لە پشت یاساکانەوەیە، ئامانجی بەدیهێنانی دادپەروەریی بێت، چونکە دادپەروەی بابەتێکی بنەڕەتی نییە لە ناو کایەی یاساییدا ئەگەر دەسەڵاتێکی سیاسی نەیکات بە خاوەنی ئەو بابەتە، یاخود ئامانجی بەدیهێنانی دادپەروەریی ئامانجێکی تاپۆکراو نییە لەسەر یاسا، بەڵکو ئەوە ئایدیایەکی سیاسییە لە دەرەوەی یاسا ئەو ئامانجە بەسەر یاسادا دەسەپێنێت.

ئەوەی لە ڕابردووی دەسەڵاتی هەرێمدا بینیمان بریتیبوو لە هەژاری ئەم دەسەڵاتە بەرامبەر هەر جۆرە ڕوئیاو بنەمایەکی دادپەروەریی، بێباکی بوو بەرامبەر ئەو متمانەو ئەرکەی خەڵک پێیدا بوو بۆ دادپەروەریی، ئەوەی لە واقیعدا کاری لەسەر دەکرد جگە لە ستەم نەیتوانی هیچ بەرهەمبهێنێت. پێداچوونەوە بەو سیاسەتەدا بەتەنیا لەوەوە دەست پێ ناکات کە ئالۆگۆڕێکی ئاشتییانەی دەسەڵات بەدیبهێنرێت، بەڵکو دەبێت دادپەروەریی ببێتە کێشەی دەسەڵات. بە گیروگرفتکردنی دادپەروەریی لە لای دەسەڵات لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەمیشە ئاگاداری ئەوە بێت فەرمانڕەواییکردن‌و بریارسەپاندن لەگەڵ دادپەروەریدا بگونجێنێت، هەروەها ئەوە دەخوازێت کە دەسەڵات بە کۆی سیستەم‌و پێکهاتەی ئیداری‌و لە سەرووی ئەمانەشەوە بە ئایدیاو فەلسەفەی سیاسیی خۆیدا بچێتەوە. خاڵێکی وەنی نێوان خەڵکو لایەنە کێبرکێکارەکان لە سەروبەندی ئەم هەڵبژاردنەدا وەک نوێکردنەوەی پەیمانێکی سیاسی، ئەوەیە هیچ کام لە قەوارە سیاسییەکان توانای شیکردنەوەی پێوەرەکانی دادپەروەریی‌و چەسپاندنیانیان نییە، تواناکە دەبێت ئەوە بێت، کە چۆن هەر کەسێک بەشی خۆی پێدەدرێت؟ چۆن پێیدەگات؟ لێهاتوویی تاکەکەس چ زیادەیەکی لە چاکەی گشتی پێدەبەخشێت؟ چۆن چاکەی گشتی دیاریدەکرێت؟ ئەو پرەنسیپانە کامانەن کە بوار بۆ تاک دەرەخسێنن ...؟ ئەگەر قەوارەیەک ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری دیکەی لە بەرنامەیدا ورد نەکردبێتەوە هەرگیز ناتوانێت پێناسەیەکی هەبێت بۆ دادپەروەریی. بۆیە پێدەچێت کێبرکێکاران بەم حاڵەی ئێستایانەوە نەتوانن دادپەروەریی لە دۆخی دروشمەوە بگۆڕن بۆ بنەمای یاسایی دادپەروەر.

بۆچی دەستوور وا بە سانایی تێپەڕێندرا؟

رەفیق نەجمەدین

پاش هەژدە ساڵی تەواو لە تەمەنی پەرلەمانی کوردستان دواجارو پاش هەژدە خولەک گفتوگۆو دوای تێپەڕینی هەژدە ڕۆژ بەسەر تەمەنی خۆیدا، پەرلەمان دەستووری هەرێمەکەمانی پەسەند کرد.

دواتریش سەرۆک ئۆبالی نەبوونی دەستووری لە هەژدە ساڵی تەمەنی هەرێمەکەماندا خستە ئەستۆی ڕەعیەت‌و بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە پرسی کە بۆچی دەستوورمان نەبێت؟

هەڵبەتە هۆکارەکانی تێپەڕاندنی دەستوور بەوجۆرەو لە هەلومەرجێکی ئاوادا کەم نین، بەڵام لێرەدا هەوڵدەدەم تەنیا هۆکارێکی ئەو تێپەڕاندنە بە کورتی باسبکەم.

ئاشکرایە کە چۆنێتی بەکارهێنانی دەسەڵاتە گشتییەکان لە دەوڵەتدا سێ جۆری سەرەکی سیستمی سیاسیی لێدەکەوێتەوە کە ئەوانیش:

١ ـ سیستمی تاکە کەس.

٢ ـ سیستمی کەمینە.

٣ ـ سیستمی زۆرینە «دیموکراسی».

کە هەریەک لەو سیستمانەش چەندین جۆرو شێوازیان هەیەو بۆ دیاریکردنی شێوازی کارکردنی سیستمی سیاسیش لەهەر وڵاتێکدا دەبێت بگەڕێنەوە بۆ یاسای دەستووری ئەو وڵاتە، واتە ئەو چوارچێوە یاساییەی کە سیستمی سیاسیی پێوەی پابەندە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە قسەی لێبکەین سێیەم سیستمەو هەوڵدەدەین لە میانەی قسەکردنمانەوە یەکێ لە هۆکارەکانی ئەو پەسەندکردنە کتوپڕە بزانین.

لە ڕاستیدا ئەم سیستمە پێشکەوتووترە لە دوو سیستمەکەی دیکەو واتای وشەی دیموکراسیش ئەوەیە کە «حوکمی گەل بە گەل وە بۆ گەل» بێت، ئەم سیستمە لە میژووی خۆیدا سێ جۆری بەخۆوە دیوە:

١ـ سیستمی دیموکراسی ڕاستەوخۆ.

٢ـ سیستمی دیموکراسی ناڕاستەوخۆ.

٣ـ سیستمی دیموکراسی بە ڕاستەوخۆ چوو.

یەکەمیان، بە تەنیا لە شاری ئەسینا‌و لە میژوویەکی دێرینی پێش زایندا پەیڕەوی لێکراوە «هەڵبەتە ئەو شارەبە پێوەری ئێستا شارۆچکەیەک بووە» لەو شارەدا خاوەن کۆیلەکان پێکەوە کۆبوونەتەوەو هەموو پێکەوە هەم بڕیاریانداوەو هەم حوکمیان کردووە، بۆیە لەگەڵ فراوانبوونی سنووری دەسەڵات‌و زۆرتربوونی ژمارەی دانیشتواندا پەیڕەوکردنی ئەم سیستمە بووەتە کاری نەکردە، هەربۆیەش ئەو ئەزموونە بە تاقانەیی چووەتە میژووی دێرینەوە.

دووەمیان، گەل لە ڕێگەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانییەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام دەنگدەران پاش هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان دەسەڵاتیان بەسەر ئەو نوێنەرانەدا نابێت‌و بە درێژایی ئەو خولی هەڵبژاردنە دەبێت لە چاوەڕوانیدا بن بۆ خولێکی دیکە، بە دەنگەکانیان دەسەڵاتیان لێ وەربگرنەوە، لەم سیستمەدا دەکرێ دیموکراسی هەر بە تەنیا لەو چەند کاتژمێرەی هەڵبژاردندا کورتبکرێتەوە زۆرجاریش لەڕێی هەڵبژاردنێکی بەوجۆرەوەو لە سایەی سیستمێکی ئاوادا تاقمێکی وا دێنە سەر حوکم کە لەماوەیەکی کورتدا سیستمەکە دەگۆڕنە سەر سیستمێکی تاکە کەسی یان سیستمێکی کەمینەی داپڵۆسێنەر، هەربۆیە بۆ ڕێگەگرتن لە ڕووداوێکی بەوجۆرەو بۆ چارەسەرکردنی خەوشەکانی ئەم سیستمە، جۆرێکی دیکەی پێشکەوتووتر لە سیستم هاتە ئاراوە کە جۆری سێیەمیانە واتە «دیموکراسی بە ڕاستەوخۆ چوو».

کە لەم سیستمەیاندا چەماوەری گەل نوێنەرەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت هەتا کاروباری حوکم بگرنە دەست، بەڵام لێرەدا ڕۆڵو کاری دەنگدەران هەر ئەوەندە نابێت کە دەنگبدات‌و تەواو، بەڵکو لە ڕێگەی چەندین میکانیزمەوە بەردەوام دەنگدەران چاودێری دەسەڵات دەکەن‌و خۆشیان فەرمانڕەوایی دەکەن.

لێرەدا زۆر بە کورتی هەندێک لەو ڕێوشوێنانە باسدەکەین کە لەم سیستمەدا دەگیرێنەبەر، بۆئەوەی بتوانرێت ماف بدرێتە گەل‌و جەماوەر کە بڕیار لەسەر زۆر بابەتی گرنگو ستراتیژی بدات، نەک هەموو بابەتە گرنگو ستراتیژییەکان بە میزاجی کەسێک‌و دووان بڕیاری لێبدرێت، دیسان هەندێک ڕێوشوێن پیادە دەکرێن کە لە ڕێیانەوە بتوانرێت لەم سیستمەدا پەیوەندی نێوان جەماوەرو پەرلەمان پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵ بەردەوام بێت‌و لە یەکتری دانەبڕێن، نەک هەریەکەیان لە دۆڵێکدا بەدووی کاری خۆیەوە بێت.

لەم سیستمەدا دەنگدەران دەتوانن لە دەسەڵات‌و حوکمڕانی وڵاتدا هاوبەشی بکەن‌و مافی چاودێریکردنی پەرلەمان‌و هەڵوەشاندنەوەشیان هەبێت، نەک پەرلەمان بە میزاجی کەسانی دەرەوەی پەرلەمان چەند بیانەوێت دریژبکرێتەوە.

هەندێک لەو میکانیزمو ڕێوشوێنانەی بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستانەو ئەکتیڤکردنی ئەو جۆرە سیستمە دەگیرێنەبەر، ئەمانەن:

١) ڕاپرسی گەل «الأستفتاء الشعبي» مەبەست ئەوەیە کە پێش ئەوەی کە بڕیارێک یان یاسایەک بە فەرمی لە پەرلەمانەوە دەربچێت، چەندین دامەزراوەی ڕاپرسی هەڵدەستن بە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی دەنگدەران لەسەر ئەو بابەتەو دواتریش لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپرسیانەدا پەرلەمان بڕیار لەسەر دەرچوون یان دەرنەچوونی ئەو بڕیارو یاسایە دەدات.

٢) بەرهەڵستی گەل، لێرەدا بڕیارەکە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت یاساکە دەردەکرێت، بەڵام هەتا ماوەیەکی دیاریکراوی گونجاو ڕادەگیرێت‌و ناخرێتە بواری جێبەجێکردن‌و کار پێکردنەوە، لەو ماوەیەدا کە لەلایەن پەرلەمانەوە دیاریدەکرێت جەماوەری دەنگدەران تاوتوێی بابەتەکە دەکەن‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و زانکۆو دامەزراوە یاسایی‌و ڕۆشنبیرییەکانی کۆڕو سیمیناری لەسەر دەگرن‌و دواتر یاداشت لەبارەیەوە بۆ پەرلەمان بەرز دەکرێتەوەو لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاداشت‌و سەرنجو ویستەی جەماوەرەوە پەرلەمان بڕیاردەدات یاساکە بخرێتە کار یان دەستکاری بکرێت‌و چاکسازی تیابکرێت یان بۆ هەتا هەتایە ڕابگیرێت‌و لابببرێت.

٣ ـ پێشنیازی گەل «الأقتراح الشعبي» هەندێک کێشەو گرفت هەن لە جێگەیەک لە جێگەکان لە ناوچەیەک لە ناوچەکانی وڵات پەرلەمان یان ئاگای لێیان نییە یان بەباشی وردەکارییەکەی نازانێت وەک کێشەی ئاو، تەندروستی، بازار، خوێندنگاو هتد...

لەم حاڵەتەدا دانیشتووانی ئەو ناوچەیە پەرلەمان لەو کێشەیە ئاگادار دەکەنەوەو شێوازی چارەسەرکردنەکەش بۆ پەرلەمان پێشنیاز دەکەن.

٤ ـ لابردنی نوێنەر لەلایەن دەنگدەرانەوە

ئەوانەی لە ناوچەیەک دەنگیان داوە بە کەسێکو بووە بە نوێنەریان یان بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو کەسە نوێنەرایەتی ناوچەیەک دەکات ئەو دەنگدەرانە لەو ناوچەیەدا، مافی ئەوەیان هەیە کە لە ڕێگەی یاداشت‌و کۆکردنەوەی ئیمزاوە کە بۆ پەرلەمانی بەرز دەکەنەوە داوای لابردنی ئەو نوێنەرە بکەن‌و لای ببەن، جا لەو حاڵەتەدا یان هەڵبژاردن لەو ناوچەیەدا دەکرێتەوە یان پەرلەمان کەسێکی دیکە لە جێگەکەی دەستنیشاندەکات، یان جێگەکەی هەروا بە بەتاڵی دەمێنێتەوە هەتا خولێکی دیکەی هەڵبژاردن.

ئەوەش بەپێی ئەو دەستوورەی کە پەرلەمان پێوەی پابەندە.

٥) لابردنی ئەندامانی پەرلەمان‌و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە سەرۆکی پەرلەمانیشەوە.

لە حاڵێکدا کە پەرلەمان کاروبارەکانی خۆی بەباشی جێبەجێنەکرد ئەوا ماف دەدرێتە جەماوەری گەل کە لەڕێی بەرزکردنەوەی‌داواکاری‌بۆسەرۆکی وڵات، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان‌و لابردنی سەرۆکەکەی‌و هەڵبژاردنی پێش وەختە بدەن.

دواجار ماوەتەوە بپرسین، ئایا ئەگەر سیستمی حوکمڕانی هەرێمەکەمان کەمێک بۆنی ئەم سیستمەی لێبهاتایە.

* تائێستا چەندجار پەرلەمان هەڵدەوەشێنرایەوە؟

جورئەت دەکرا دەستوورێکی کەس نەویرە بەوجۆرەو لەو کاتەدا پەسەند بکرێت.

* سەرۆکو ئەندامانی پەرلەمان هێندە بێ ئیرادە دەبوون لەبەردەم سەرۆکەکانیاندا کە نقەیان لێوە نەیەت.



دادی کۆمەڵایەتی لە هەگبەی(گۆڕان)دا

دانا سلێمان

پاکانە دەکەی بۆ هەوەسی
نەوسن‌و برسی
گوایە لەبەر خاتری
خزمەتی گەلە ئارەزووی کورسی
«هێمن»

ڕەنگە زۆرێک لە دەستەواژەکان بکرێنە دروشمی سیاسیی‌و لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا زۆرێک لەو دروشمانە بەر گوێمان بکەوێت یان بیانخوێنینەوە، هەندێکجار دەکرێنە بەرنامە‌و لە هەمانکاتدا دەبینین لەلایەن چەند قەوارەیەکی جیاوازەوە ئەو دروشمانە دووبارە دەکرێنەوە، یەکێک لەو دروشمانەی کە خاڵی هاوبەشی چەند لیستێکە بریتییە لە(دادوەری کۆمەڵایەتی)، لیستی گۆڕان وەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەری سیاسیی گۆڕانخواز، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کە کاری لەسەر دەکات وەکو دروشم‌و بەرنامە «دادی کۆمەڵایەتی»یە، بە لەبەرچاو گرتنی ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستانی عێراق‌و خوێندنەوەی بارودۆخەکە‌و لەحاڵەتی نەبوونی دادی کۆمەڵایەتی‌و فراوانبوونی جەمسەرەکانی نێوان هاوڵاتییان‌و بەرپرسانی حکومیی‌و حیزبی‌و پێدان نمرەی هاوڵاتی پلە یەکو هاوڵاتی پلە دوو زۆربوونی جیاوازییەکانی نێوان چین‌و توێژەکان بۆ دوو کۆمەڵ، کۆمەڵێکیان سەرجەم پێداویستییەکانی ژیانی مەیسەرەو کۆمەڵێکیش لەژیانێکی کوللەمەرگیدا دەگوزەرێن، پرۆبوونی گیرفانە بەتاڵەکان بەڕێگاو شێوازی نائاساییو ناشەرعیی، کارێکی خراپی کردووەتە سەر بارودۆخی ئابووری تاکەکەس لەم هەرێمەدا، لە واقیعدا ئەگەر شتێک کەموکوڕیی نەبێت، ئەوا نابێتە خواست‌و داواکاری زۆرێک لە گروپ‌و لایەن، لیستی گۆڕان بە لەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوازییانە‌و چەندین خاڵی لاوازی دیکەی تایبەت بە بژێویی تاکی کوردی بە پێویستی زانیوە لەنێو کارنامەکەیداو توێژ لەسەر ئەم دەستەواژەیە بکات، لە پرۆژەی هەڵمەتی ڕاگەیاندنی هەڵبژاردندا بە هەوڵەوە تاک هۆشیار بکاتەوە کە کێ دەیەوێت نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بێت، داکۆکی لە مافەکانی بکات، لە وڵاتێکدا کە بیمەی کۆمەڵایەتی بوونی نەبێت، گرەنتی ژیانی تاکەکان لای کەس نییە‌و کەس خۆی بە بەرپرسیار نازانێت سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی تاک، ئاخۆ چی چاوەڕوان بکرێت لە دەسەڵاتێک کە ئەم بارودۆخە نەگونجاوە وەکو خۆی بهێڵێتەوەو گۆڕان بە ڕووخان ناوزەند بکات، دادی کۆمەڵایەتی بە دادی نێوان توێژە دەسەڵاتدارەکە بچوێنێت؟! ئێمەی تاک دەمانەوێت گۆڕان لە چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەو دروشمانەدا بکرێت کە تاکی بۆ ئاڕاستە دەکرێت، لێرە حکومەت پلانی بۆ «تاک» نییەو گرفتی سەرەکی تاک بریتییە لە نەبوونی یەکسانی، لەم وڵاتەدا کرێکاریش پێویستی بەواستەیە! دەسەڵات پێمان دەڵێت هێڵی هەژاریی لە شارەکانی هەرێمدا ڕێژەیەکی کەمی تۆمارکردووە لەچاو شارەکانی دیکەی عێراقدا!! ئاخۆ ئەم دەسەڵاتە بۆچی خۆی لەگێلی دەدات، خۆی بە درۆ دەخاتەوە کاتێک ناوی دامەزراندن دەهێنێت ئەوا هەزاران بێکارو هەژار داوا پێشکەشدەکەن، بەڵکو ئەو لاوانەی کە پرۆسەی هاوسەرییان هەڵپەساردووە ئاهێک بێتەوە بە بەرياندا، لەم وڵاتە بێنازەدا تا گیرفانی تایبەتی وەستابێت، ئەوا گیرفانی گشتی گرنگ نییە کێ برسییە، چونکە بیریانچووە کە چینی هەژار بووە سووتووی شۆڕشەکانی کوردستان، بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی گۆڕانکاریی لە کوردستاندا زۆرن، یەکێک کە بە بێئەوەی کاربکات موچە وەربگرێت ئیدی چۆن گۆڕانی دەوێت کە داوای دادوەری کۆمەڵایەتی بکات بە بێ جیاوازی.

رۆبۆتەکانی پەرلەمان و تێپەڕاندنی دەستوور

فەرەیدون غەریب

شارەزایانی بواری قانوونی دەستووری لەپێناوی نەتەوەو گەل و ووڵاتەکانیاندا پەنا دەبەنەبەر هەموو ئەو ئەزموونو خاڵە پۆزەتیڤانەی لە تیۆری سەروەری گەل، دەوڵەت، فەلسەفەی حوکمڕانی هتد.. کە خزمەت بە دەستوورێکی وا دەکات خواستو ئیرادەو ئایندەی نەوەکانی ئێستاو ئایندە لە خۆی بگرێت. دەستوورە پێشکەوتووەکانی دنیا بۆ نموونە ئەمریکا کەسانی ئەوەندە شارەزاو بێلایەنو موجەردە دایانڕشتووە کە لە ماوەی دەیان ساڵدا پێویستی بە پێداچوونەوەو هەمووارکردنو گۆڕین نییە.

دەستووری هەرێمی کوردستان هەقوابوو دوای یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو پێکهێنانی حکومەت کاری بۆ بکرایە، ئێستا لەبەردەم دەستووریکدا بووینایە کە لانی کەم بە کەموکوڕییەکانیدا بچووینایەتەوە، نەک بەپەلەو بەم تەنگە نەفەسییەی ئێستاو لە ماوەی نەمانی شەرعیەتی یاسایی پەرلەماندا، دەستووریکی پڕ کەموکورتیو بۆ بەرژەوەندی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بسەپێنن.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان با دەنگی بەشێک لە دەنگدەرانی هەرێمیشیان وەرنەگرتبێت، دەبوو خۆیان بە نوێنەری گەلو نەتەوەو هەموو هاوڵاتییانی کوردستان بزانیایە، پێویستبوو بۆ بەرژەوەندی گشتی کاربکەن، نەک هی حیزبو سەرکردەکان. تێپەڕاندنی دەستوور بەو شێوازەی بینیمان هەمووانی تووشی سەرسوڕمانو نائومێدی کرد.

من تائێستا ڕەشنووسی ئەو دەستوورەم «هەڵبەت فۆرمی ئێستای دوای دەستکاری» نەبینیوە، دڵنیام برگەو خاڵی باشی تێدایە، بەڵام دەکرا لە خولی داهاتووی پەرلەماندا کاتێکی زیاتری پێبدرایە تا زۆربەی شارەزایانو هاوڵاتی ئەم نیشتمانە شارەزایی و هوشیاریان لە بارەیەوە هەبووایە. ناهەق نییە. بە گومانەوە سەیری هەموو کارێکی ئەم دوو حیزبە بکرێت کە بەرژەوەندی حیزبو بنەماڵەی بەسەردا زاڵەو حاکمەکانی کوردستان وەک سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەها خۆیانو حیزبەکانیان بە خاوەنی هەموو سەروەریو دەسەڵاتێک دەزانن، ئەی ئەوە نییە لە هەموو بۆنەیەکدا باش لە رابردووی پڕ سەروەریو شۆڕشو هتد.. دەکەنو حیزبو حکومەتو خەڵکیش بە مووڵکو کاڵای خۆیان دەزانن!

خۆ ئەگەر بۆیان بچێتەسەر وەک سیستمە شمولیەکان دەیانەوێت گشت خانە مەعنەوی و مەتریالیەکان داگیربکەن...

لە سۆنگەی ئەمجۆرە دەسەڵاتو سیستمی حوکمڕانیەوە کە لە دنیادا نموونەی ڕەنگە هەر لە سوریاو سۆماڵدا هەبێت، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان «جگە لە ژمارەیەکی کەم» لە پرۆسەی دەنگداندو پەنجە بەرزکردنەوەدا بە ئیعازی مەکتەبی سیاسی کارێکیان کرد کە سیستمی نوێنەرایەتی و دیموکراسیان شەرمەزارکرد، کاتێک (م.س) کلیکی لەسەر ئایکۆنی تێپەڕاندنی دەستوور کرد ڕۆبۆتەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان جگە لەو ژمارە کەمەی ئەندامان دەنگیان بۆ تێپەڕاندنو ریفراندۆمی دەستووردا.

قوربەسەر ئەو میللەتەی دەیەوێت لەڕێگەی نوێنەرانی واوە ژیانو ئایندەی نەوەکانی داهاتوو مسۆگەربکات! چ جای ئەوەی ئەمانە چاودێریو موحاسەبەو موسائەلەو سزای دەسەڵاتداران بدەن.

بۆ ئەم خولەی پەرلەمانو ئەو هەڵبژاردنەی چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە دەڵێم با لیستەکان شانازی بەوەوە نەکەن کە کەسانی پسپۆڕو ئەکادیمیو سیاسیو شاعیرو تێکۆشەریان لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆیان، دەنێرنە پەرلەمان، خۆ ئەگەر ئەمانیش نوێنەری مەکتەبی سیاسی بن نەک خەڵک، ئەوا دیسانەوە دەوری ڕۆبۆت دەبینن، خۆ لەناو ئەندامانی ئێستاشدا خەڵکانی پسپۆڕو ئەکادیمیو ئازایان تێدابوو، ئەی بۆ وایان بەسەرهات؟!

دوای ئەو ئەزموونانە، ئەو ڕاستییە بەرجەستەدەبێت کە کۆی سیستمی سیاسیو یاسایی و ئابووریو ئیداری ئەم هەرێمە لەژێر ڕەخنەو پرسیاردایە، دەبێت بگۆڕێت. گۆڕانێک ئێستاو ئایندەمان جوانتربکات.

گۆڕانو گەمەی دیموکراسیش بەبێ دەنگو ڕەنگی جیاواز بەبێ ئۆپۆزسیۆن نابێتو ناکرێت، نابێت هەمووان لە پێناوی بەرژەوەندی تەسکدا ڕێکەوینو بەرژەوەندی گشتیو ئایندەی میللەتێک بەرەو نادیاریی بەرین.

دەسەڵاتی ڕەها، گەندەڵی ڕەها دەهێنێت

عەلی قەڵادزەیی

پرسی گەندەڵی ئەمڕۆ کە یەکێکە لەو پرسە پەتائامێزەی کە توانیویەتی هەموو تخوبە دەستکردەکانی نێوان دەوڵەتان ببڕێتو ببێت بە میوانێکی ڕەزا قووڕسی زۆرێک لەکیانو دەوڵەتە سەربەخۆکانی جیهان، بە واتا عەقڵانیە ئەگەر ئامادە بەو خاڵە بکەم کە پرسی گەندەڵی ئەمڕۆکە بووەتە دیاردەیەکی جیهانیو لە ئەوپەڕی وڵاتێکی پێشکەوتووی دونیای مۆدێرنی خۆڕئاواوە بیگرە تاکو وڵاتانی تازەگە شەسەندووی دونیای سێی لەمەڕ خۆمان، لەهەر یەکێک لەم وڵاتانەبە ڕێژەگەلی جیاواز گەندەڵی بوونی هەیە، بەڵام پاش ئەمەو لێرەوە ئەو خاڵانەی بەلای منەوە مایەی لەسەر وەستانی جدیو ئاماژەپێدانە ئەو خاڵەپە کە وەک گوتمان حەقیقەتێکی نکۆڵی لێنەکراوە کە پەتای گەندەڵی هەڵگری شوناسێکی جیهانیە، بەڵام لەگەڵ ئاماژەدان بەم حەقیقەتە خۆناشکرێت ئاماژە بە حەقیقەتێکی دیکە نەدەین بەوەی کە ئەم پەتا جیهانیە لە کێرفۆو ڕێژەدا بوونی جیاوازە بەجۆرێک ئەگەر خۆڕئاوای ئەمڕۆ پشکی مێرووڵەی لە پەتای گەندەڵی بۆ خۆی بردبێت، ئەوا لە بەرامبەردا بە پێچەوانەوە زۆرێک لە وڵاتانی دونیای خۆرهەڵاتی بە کوردستانی خۆشمانەوە پشکی شێرمان لەم پەتایە بۆ خۆمان بردووە، لێرەشەوە ئەگەر هەرکامێکمان بخوازین بگەڕێین بەدوای دۆزینەوەی وەڵامی ئەم جیاوازەیە کێرڤی پەتای گەندەڵی لەلای ئێمەی شەرقیو ئەوانی غەربی، ئەوا بەر لە دۆزینەوەی ئەم وەڵامە دەبێت باش دەرکی ئەو حەقیقەتە عەقڵانیە بکەین کە ئەوە دەسەڵاتی سیاسیە لەهەر کۆمەڵگایەک پەتای گەندەڵی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی سیستمی سیاسی حکومڕانی کۆمەڵگاکان جیاوازی ڕێژەی بەرزیو نزمی گەندەڵی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بە جۆرێک بەردەوام دەسەڵاتی سیاسی حکومڕانی ڕەهای تاکەکەسیو بنەماڵەیی و تاکە حیزبی لەهەر کۆمەڵگایەک گەندەڵی ڕەهاو پشکی شێرئاسا لە پەتای گەندەڵی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بە پێچەوانەشەوە دەسەڵاتێکی سیستماتیزەکراو موتوربەکراو بە دەستووریکی مۆدێرنی دیموکراتیزەکراو کە لە سایەی وەها مۆدێلێکی دەوڵەتداریتیدا دەسەڵاتەکان دابەشکرابن، سەر هەرسێ دەسەڵاتی یاساداناندا جێبەجێکردنو قەزائی ئۆتۆنۆمی خۆیان وەرگرتبێت، بێگومان سەرئەنجام ئەم دەسەڵاتە سیاسیە حکومڕانەبۆکۆمەڵگاکەی پشکی مێروولە لە گەندەڵی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، چونکە ڕۆشنە ئەو چرکەساتەی کە کۆی گشتیی هەرسێ دەسەڵاتەکان لە وڵاتێکدا لەژێر هەژموونو عەقڵیەتی پاوانخوازیی تاکە سیاسەتوانێک یاخود تاکە بنەماڵەیەک وەیا تاکە حزبێکو مەکتەب سیاسییەک کۆدەبێتەوە، بێگومان هەر ئەو چرکەساتەشە کە تخوبەکانی هەرسێ دەسەڵات تەواو ئاوێتەی یەکتری دەبنو هیچ جیاوازیەک لەنێوانیاندا نامێنێتو ئەوسا بەتەواوی دەکەونە ژێر ڕەحمەتی هەژمونخوازی تاکە سەرکردەو مەکتەب سیاسی حیزبەوە، لە سایەی هەر ئەو چرکەساتەشدایە کە ئەرکو مەهامی پەرلەمان هەر بەتەنیا لە شەرعاندنو بە یاسایکردنی ئەو بڕیارو ڕاسپاردانەدا کورت دەکرێتەوە کە لەلایەن مەکتەب سیاسی حیزب کۆپی سەوزی بۆ هەڵکراوەو لە بەرامبەردا مەهامەکەی دیکەی کە بریتییە لە پرسی چاودێریی و لێپرسینەوە لە حکومەتو وەزیرەکانو دەسەڵاتداراتی وڵاتێکی لێدەسەنرێتەوە، دەزگای قەزایش لەم هەلومەرجەدا توانای بەرجەستەکردنی دادپەروەریو سەروەریی یاسایی بە یەکسانیو بەسەر هەموواندا بەبێ جیاوازی نامێنێت، هەر بۆیە لەم دۆخەدا هیچ دەزگایەک نامێنێت کە توانستی دانانی قەیدی یاسایی لەبەردەم دەسەڵاتی ڕەهای وەزیرو وەکیلو وەزیرو بەرپرسە بااڵکانی دیکەی کۆمەڵگای هەبێت، ڕێگا لەوە بگرێت لەڕێگای چاودێریو بەدواداچوونو لێپرسینەوەی بەردەوامەوەکە هەموو ئەم بەرپرسانە زیاتر قاچەکانیان لەبەڕەکەی خۆیان ڕابکێشنو لەڕێگای گەندەلیەوە پرۆسەی دادۆشینی بەردەوامی شەقام پەیڕەو نەکەن.

لەکۆمەڵگای خۆرئاوای سااڵنێک لەمەوبەرو ئەو چرکەساتانەی کە کاتێک ژمارەگەلێک لە بیریارو ڕووناکبیران درکی جیدیان بە حەقیقەتی بەرزبوونەوەی کێرڤی پەتای گەندەڵیو دادۆشینی خەڵکو دەولەمەندبوونی ناشەرعیو لەپڕێک ژمارەیەک لەبەرپرسانی وڵاتەکانیان کرد، ئەوا لە بەرامبەردا بە خێرایی بە دوای پرۆژەیەکی عەقڵانیدا گەڕان بە ئامانجی چارەسەرکردنو بەرگرتن لە بەردەوامێتی ئەم ڕەوشەو هەروەها ڕێگاگرتن لە سایەیدا لە سەرهەڵدانی ئەو بارەی کە دەسەڵات بچێتە ناو جیهانێکو شەقامیش بچێتە ناو دونیایەکی دیکەوەو هیچ میکانیزمێکیش نەبێت کە ئەم دوو جیهانە لەیەکتر جیاوازەی نێوان شەقامو دەسەڵاتی سیاسی جارێکی دیکە بەیەکەوە بپەستێتەوە، باشترین میکانیزمێک کە هەڵبژێردرا بۆ چارەسەری ئەم دۆخە بەر لەهەر شتێک بریتی بوو لە لێکجیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی قەزاییو جێبەجێکردنو یاسادانان لە یەکتریو ڕزگارکردنیان بوو لەژێر هەژموونی حیزبو عەقڵیەتی پاوانخوازیی سیاسییەکانی وڵات، بەجۆرێک لێکجیاکردنەوە کە ئەم سێ دامەزراوەیە بە هیچ کلۆجێک نابێت، یەکێکیان دەست بخاتە ناو کاروباری ئەوی دیکەیانەوەو دەخالەت لە بڕیارو فەرمانەکانی ئەوی دیکەدا بکات، سەرئەنجام ئەم پرۆژەی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری بووە قەیدێکی یاسایی لەبەردەم عەقڵیەتی هەژمونخوازیی سەرکردە سیاسییەکانو لەوڵاشەوە بووە فاکتەرێک بۆ ئەوەی کە پەرلەمان لەگەڵ یاسادانان کاری چاودێریو لێپێچینەوەو بە دواداچوونیش ئەنجامبدات، دەزگای قەزاش کاری بە سەروەری کردنی یاساو بەرجەستەکردنی عەدالەت هەلبسێت، بێگومان هەر ئەم پرۆژەیەبوو ئەمڕۆ وایکردووە کە پشکی ئەوان لە گەندەڵی پشکی مێروولەو بە پێچەوانەوە پشکی ئێمەش پشکی شێربێت.

پاش هەموو ئەمانە ماوە ئەوە بڵێم کە تاکە فریادرەسێکی عەقڵانی بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان بۆ چارەسەرکردنی پرسی گەندەڵی، یاخود دابەزاندنی پشکی شەقامی کوردیش لەپشکی شێرەوە بۆ پشکی مێروولە لە ئەمڕۆی واقیعی سیاسی کوردستان، ئەوا بەر لەهەر شتێک کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە گۆڕینی سیستمی سیاسی حکومڕانێتییە لە کوردستاندا، بەجۆرێک گۆڕینی لە سیستمێکی دەسەڵاتداری مەرکەزیو ڕەهای مەکتەب سیاسی حیزبەکانەوە بۆ دەسەڵاتێکی نامەرکەزی بە جۆرێک کە بریتییە لە لێکجیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکانو ڕزگارکردنیان لە هەژموونی مەکتەب سیاسیو سیاسییە بەتواناکانمان، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردی دوای هەژدەساڵ لە پرۆسەی ڕزگاری دوای ڕژێم هەر بە تەنیا کاری خۆی لە دەرکردنی بڕیارو دەست بەرزکردنەوەکاندا نەبینێتەوە، بەڵکو یەکێک لە ئەرکو مەهامەکانی دیکەی جێبەجێ بکات کە بریتییە لەپرسی چاودێریو لێپرسینەوە لە دەسەڵاتدارانو بەرپرسانی کوردی لە دامودەزگاکاندا، بێگومان ئەوکات ئەم کارایەی ئەم دامەزراوەیە چانسی ئەوە بۆ شەقامی کوردی دەرەخسێنێت کە دەسەڵاتی کوردی لە دەسەڵاتێکی کۆێخائاساوە ببێت بە دەسەڵاتێکی خزمەتکارو خزمەتگوزاری شەقامی کوردی.

کوتلەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا

نەبوونی هەماهەنگیی نێوان ئۆپۆزسیۆنو نەزموونی نێران وەک نموونە

عەبدوڵا ڕێشاوی



ئەوەی لەم خولەی هەڵبژاردنی کوردستاندا وەک دیاردەیەکی ڕوون خۆی نمایشکردووە، بوونی دەنگی زۆری جۆراو جۆری ئۆپۆزسیۆنە، هەر لە کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێمەوە تا لیستە جیاوازەکان، ئەگەرچی هەندێکیان لە حکومەتیشدا بەشدارن، بەڵام گوتاریان وەک گوتاری ئۆپۆزسیۆنە.

ئەوەی لەپاڵ ئەم دیاردەیەشدا وەک دیاردەیەکی نەشاز خۆی ڕاستکردووەتەوە، نەبوونی هەماهەنگی نێوان ئەو لیستانەی ئۆپۆزسیۆنە، لە ساحەی کوردیدا، هەر لە کاندیداکانی سەرۆکایەتی هەرێمەوە کە نەیانتوانی دەنگیان یەکبخەن، ئەو هەوڵەشیان شکستیهێنا کە دەیویست سیانیان لە بەرژەوەندی دانەیەکیان پاشەکشە بکەنو ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر، ئاستی جددی بوونیاتی لە ڕکابەریکردنی سەرۆکایەتی هەرێمی ئێستا نیشاندا، تا دەگاتە لیستەکان کە تائێستا هیچ جۆرە هاوکاریو هەماهەنگیەک لەنێوانیاندانابینرێت.

ئەزموونی ئێران:

ئەگەر سەرنج بدەین لە هەڵبژاردنەکەی ئێراندا وێڕای ئەو ساختەکارییەی باسدەکرێت، نەبوونی یەکدەنگیش لەڕیزی ئۆپۆزسیۆندا، یەکێک لەو گورزە کوشندانەبوو کە کەمەری ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی شکاند.

ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی جگە لەوەی وەک خۆی دەڵێت: «ساختەکارییلێکرا»لەهەمانکاتدادەنگی نارازیئێرانیشیدابەشکرد بەسەر چەند سندوقێکدا، لە بەرامبەرێشدا سندوقی دەسەڵات بەپێچەوانەوە هەموو دەنگەکانی لە یەک سندوقدا کۆکردەوە، هەر ئەوەش بوو خولی دووەمی هەڵبژاردنەکە ئەنجامنەدراو بەخولی یەکەم لە بەرژەوەندی ئەحمەدی نەژاد کۆتایی پێهات.

دیارە ئەگەر بۆ لیستەکانی کاندید بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان یەکسندوقی پێویست نەبێت، ئەوا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم یەکسندوقی زەرورەتێکی حەتمیە، ئەگەر ئەو کاندیدانە دەیانەوێت ڕکابەریەکی جددی سەرۆکی ئێستابن.

زەروورەتی هەماهەنگی:

بەڵام خۆ ئەگەر یەکسندوقی بۆ کاندیدەکانی پەرلەمان پێویست نەبێت، ئەوا هەماهەنگیی نێوان بەرەی ئۆپۆزسیۆنی کوردی-ئەگەر دروستبێت ئەو ناونانە لەسەر ئاستی لیستەکان زۆر گرنگو پێویستە کە بەداخەوە هەندێکجار نەک هەر هەماهەنگی نییە، بەڵکو دژەکەشی دەبینین.

ئەوەی پێویستە لەنێوان لیستەکانی ڕکابەری لیستی دەسەڵاتی ئێستادا هەبێت، هەماهەنگیو هاوکاریو لێکتێگەیشتنە، نەک توانج وەشاندن.

مەترسییەکە زیاتر دەبێت ئەگەر نەبوونی هاوئاهەنگیەکە لە ئێستادا بۆ دوای پێکهاتنی پەرلەمانیش دریژە بکێشێت، کە تائێستا ئاماژەکان بەرەو ئەوەن کە «پێدەچێت دواترو لە پەرلەمانیشدا لیستەکانی دەرەوەی لیستی دەسەڵات هەولی ئەوە نەدەن کوتلەی ئۆپۆزسیۆن دروستبکەن».

کوتلەیەکی پەرلەمانیی وەک دواچارەسەر:

خۆ ئەگەر ئەو لیستانەی ئێستا ڕکابەری لیستی دەسەڵات دەکەن لە پەرلەماندا نەبنە کوتلەیەکو پێکەوە کارنەکەن، ئەوا بە تەواوی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەتو پەت دەکەنو خۆشیان دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

بۆ ئەگەر ئەو لیستانە لە ئێستا دا لەبەر هەندێک ئیعتیباراتی تایبەت بەخۆیان هەماهەنگی لەنێوانیاندا نەبێت، ئەمەش تاڕادەیەک لێیان قبوڵدەکرێت،ئەواهیوادارمو پێویستەو داواکارملە پەرلەماندا کوتلەی ئۆپۆزسیۆن دروستبکەن، چونکە ئەگەر لە پەرلەماندا هەماهەنگ نەبن لێیان قبوڵناکرێت، دەنگی نارازی خەڵکیش پەرتو باڵودەکەن، (هەر کەس بە تەنێ.. هیچی پێناکرێ).

ئەو لیستانەی دەنگ بە فیرۆدەدەن

مەترسییەکی دیکەی لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەو لیستانەن کە ناتوانن دەنگی پێویست بۆ چوونە ناو پەرلەمان بەدەستبهێنن، ئەو لیستانە هیچ ناکەن جگە لە خواردنی چەند سەد دەنگێکی نارازیی کە ناتوانێت کورسییەک لە پەرلەماندا دروستبکات، بۆیە وا باشترە ئەمجۆرە لیستانە بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە لە ئێستاوە ببر لەوە بکەنەوە دەنگەکانی خۆیان بەو لیستانەی دیکەی ئۆپۆزسیۆن ببەخشن کە دەتوانن کورسی پێ مسۆگەربکەن.

reshawyaxt@yahoo.com

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر: عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین: ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران:
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٣٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدوڵڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن: کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر: شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

گۆڕان لێرەیە!



هێمن زاهیر

سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی میللی کەهەڵگری چەمکی گـۆڕانـــە، یـەکـەم هەنگاوی شکاندنی دەرگـــای ژووری تاریکەکان و ئازادکردنی دەنگە خەفەکراوەکانو داگیرساندنی مۆمی ژیانی نوێو ڕەهاکردنی تاک بوو لەشەرمو ترس، دووەم هەنگاوی بەگژداچوونەوەی دروستکردنی دیکتاتۆرێکی کوردیو دابەشکردنی هۆشیاری بوو بۆگەلەکەی کەچۆن ڕێگا لە دروستکردنی سەرکردەی ناکـارا بـگـرنو ڕێـگـانـەدەن بەناوی گەلێکەوە دەنگی ئەندام پارلەمانی بەسەرچوو بدرێتە دەستوورێکی تاسەر ئیسقانو ناعادل.

بۆیە دەکرێت بڵێین گۆڕان دروشمێکی هـــەروا ئاسان نییە کە ئەم ڕەوتە کردبێتییە دروشمی خۆیان، وەک کۆمەلێک بەرچاوتاریک باسی لێ دەکەن.

گۆڕانئەوچەمکەسیاسییەیە کەدەتوانیت سەرلەبەری یاسا بەزۆرو بەفێل سەپێندراوەکانی سـەر ئـەم گـەلو نیشتمانە بگۆڕێت کە پاڕێزگارانی ئەم دەسەلاتەی ئەمڕۆ دەیانەوێت دڕێژە بەپەڕەوکردنی بدەن.

گـــۆڕان ئەوپرۆسەیەیە کەداهاتی ئەم هەرێمە لەچنگی بـازرگـانـەکـانـی جـەنـگـو بنیاتنەرانی سیستمی گەندەڵی دەردەهـێـنـێـتـو دەیانخاتە سـەرپـەڕەیِ ڕۆژنـامـەکـانو بەرچاوی خەڵک.

ئیتر کاتی ئـەوە هاتووە بڵێین سەرۆکەکان بەیانیتان بـاش ئـەوە گـۆڕان لێرەیەو هـەمـوومـان پـێـشـوازی لێ دەکەین، ئیتر کاتی ئەوەت نەما مافی خەڵک زەوت بکەیتو زوڵمیان پێ ببەخشیو منەتیان بەسەردا بکەیت لەبەرامبەر بـەفـیـڕۆدانِو خەرجکردنی داهاتی ئەم وڵاتە بەناشەرعییو دابـەشـکـردنـی دەســەلاتـی دیـکـتـاتـۆری بـەسـەرکـەسو خێڵو عەشیرەتەکەتاندا، ئەو ڕۆژانـە ڕۆیشت کە ئیتر ئێوە بتوانن دڕێـژە بەگەندەڵیو وردکردنو شکاندنی کەرامەتی خەڵکی ئەم وڵاتـەبـدەن، ئیتر ناتوانن خەونی شاعیرانەببینن بـۆ دابـــەشو کـەرتـکـردنو فرۆشتنی نیشتمانەکەمان، ئیتر شەوە ڕۆمانسیەکانتان لەسەر شەرەفی خەڵکی ڕەشو ڕووت نابێت، ئیتر ناتوانن خاکی کوردستان بکەنە حەرەمسەرای خۆتان، ئیتر کەس لەسەر خوانی حەرامتان حازرنابێت. گۆڕان لێرەوەیە بۆ لەخۆتان ناپرسن ئـێـوە تـوانـای سەیرکردنی مۆمێکتان نییە ئیدی میللەت چۆن توانای سەیرکردنی ئەو هەموو ناعەدالەتییەی ئێوەی هەیە؟

کورسی کەمایەتییەکان لە بەرژەوەندی کێدایە!؟



کامەران ئیسحاق پەری

پەرلەمانی کوردستان کە لە بنەڕەتدا پێکهاتووە لە (١١١) کورسی، (١٠) کورسی بە کەمایەتییەکانی مەسیحیو تورکمانیانی کوردستان بەخشراوە، لێرەدا گەرەکمە کار لەسەر چەمکی «بەخشین» بکەم.

چونکە تۆ دەتوانیت وەک دەسەلاتێکی فەرمانڕەوا لەژێر هەر پاساو بیانوویەکدا بێت پارچە ئەرزێک، موچەیەکی خانەنشینی، ڕێزگرتنێک، کلێسایەک، پەرستگایەیک ... بۆ کەمایەتی بکەیتە دیاری، بەڵام بەخشینەوەی (١٠) کورسی پەرلەمان بۆیانو هاوکات چەوساندنەوەیان لە دەستووردا ئەمەیان ناچێتە قاڵبی بە دیموکراتیزانی دەسەلاتی سیاسیی کوردی، ئەوەندەی زیاتر دەچێتە خانەی کەم نرخاندنی پێگەی هاوڵاتیبوون..

ئەمڕۆکە لە وڵاتانی ئەوروپادا کە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لە پەناهەندەو میللەتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا بەدی دەکرێت، ڕەنگبێت کورد لە پێشینەی ئەو کەمایەتییانە بێت کە لە ئەوروپادا نیشتەجێن، نەبیستراوە نەدیتراوە کە پەرلەمانەکانیان، تەنانەت پەرلەمانەکەی ئـەوروپـاش... کـوردەکـان، عـەرەبـەکـان، تـورکـەکـان، جولەکەکانیان کەمایەتییەکانی دیکە لەژێر ناوو بەیداخی کوردبوون، عەرەبی بـوون، تورکی بوون، جولەکەی بوون بە لیستی جیاواز کاندیدی پەرلەمان بن، ئـەوان لە چوارچێوەی کارو ئایدۆلۆژیای پارتە ئەوروپاییەکان دەتوانن خۆیان کاندید بکەن بۆ پەرلەمان، هیچ کاتێکیش ئەم بۆ هەبوونو نەبوونە، بە لێسەندنەوەی مـاف، نادیموکراتی، نایەکسانی لە کایەی دەسەلاتی سیاسیدا تەفسیرنەکراوە، چونکە پێشکات دەستوورو قانوونێک هەبووە ئەم بەشداریکردنەی « هاوڵاتیان» ڕێکخستووە، نەک میزاجی سەرکردایەتییەک بەپێی خواستی هەنوکەیی کە هەردەم لە گۆڕاندایە، جارێک بە نەتەوە، جارێک بە کەمایەتی ئایینی، جارێک بە برا ناویان بهێنێت، بەڵام لای ئێمە بە ناوی لیستی مەسیحی، تورکمان، کلدو ئاشووری، .. هتد چەندین ناو قەوارەی دیکە دەبینرێت کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو(١٠)کورسییەلەپێشبرکێدان، هەبوونی ئەو چەند کورسییە بۆ کەمایەتییەکان، هەلوێستێکی بارگاوی دەسەلاتەو چەندین گومانو پرسیارکردنیش لەخۆ هەڵدەگرێت، گرنگترینیان دەکرێت لە وەدا هەڵێنجێنین کە ئەم کەمایەتیانە،لەزیهنی سەرکردایەتیو دەسەلاتی سیاسی کوردیدا، هاوڵاتی دەرەجە دوویان بۆ حسابکراوە «مواطنين من الدرجة الثانية»، بۆیە ئەمان کەمایەتین با ئەم دە کورسییەیان لە پەرلەمانەکەماندا لە بۆ جیابکەینەوە، دڵنیام دەسەلاتی کوردی بەڕووکەشو لە ڕوخساری مامەڵەکردن لەگەڵ کەمایەتییەکان ئەوەی پێ قبوڵ نییە، «ناوبردنی مەسیحیو تورکمان بەبرا» بۆ بەکەمزانی تەفسیر بکرێت، هاوکات کرۆکی جیاکردنەوەکەشیو ناوبردنیان وەک «برا» بە هاوڵاتی دەرەجە دوو دەخوێنرێتەوە .... خۆ ئەگەر کەمێک خۆمان لەو بابەتە دووربخەینەوە کە چۆن حیسابی دەرجە دوو کراوە، بچینە سەر مەسیحییەکان، یان بابڵێن کلدۆ ئاشوورییەکان، کەمە ئاینییەکان کە قبوڵیانە جیابکرێنەوە ئەم جیاکردنەوەیە، تا چەند ڕۆحی هاوڵاتیەتیِو کوردستانی بوونیان تێدا بە زیندوویی دەهێڵینەوە، ئینتیما بۆ نیشتمان لە کوێدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوا دەبێت وەڵامی گونجاومان بۆ پرسیارگەلێک هەبێت،

گرنگترینیان کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە، ئایا هیچ کام لە بەرنامەو ئایدۆلۆژیاو کاری لیستە کوردستانییەکان، قەوارە سیاسییەکان، لەگەڵ مـافـو داخـــوازی کەمایەتییەکان یەکانگیر نابێت!؟ ... ئەی باشە بۆچی کوردێک سریانییەک، تورکێک، جولەکەیەک، ئەلبانییەک لە ئەورووپادا، لە چوارچێوەیِ کارو ئایدۆلۆژیای حیزبە ئەورووپاییەکان بە بالی ڕاستو چەپیەوە جێگەی بۆ دەبێتەوە، دەتوانێت خۆی بۆ بەرزترین دەسەلاتی حیزبو فەرمانڕەوای کاندید بکات، لە هەندێکیشدا سەربکەوێت، بەڵام بۆ هاونیشتمانێکی مەسیحیو تورکمان کە لەبنەڕەتدا بـەر لەهەر ئینتیمایەکی ئایینی یان مەزهەبی هاوڵاتی کوردستانە بـەدی ناکرێت!؟ ئایا حیزبە کوردییەکان کارنامەو ئایدۆلۆژیاکانیان لە دژی خواستە ستراتیژییەکانیانە، یاخود ڕێگەیان پێنادرێت لەناو حیزبەکوردییەکان داخوازی لەمافەکانیان بکەن، خۆیان کاندید بکەن، یاخود هیچی ئەمانە نییە، ئەو جیاکردنەوەیەش مەرامێکی دیکەی دەسەلاتی سیاسی کوردستانە، بۆ بەکارهینانیانو ئیستیغلالکردنی کەمایەتییەکان هاتووەتە ئاراوەو کارکردن بە تێزی ئەوەی هەموو کەمایەتییەک بۆ پاراستنی خۆی پەنا دەباتە بەر دەسەلاتو هەمیشە لەپاڵ دەسەلاتدا دەیـەوێـت بچووکتر نەبێتەوە، لام وانییە خۆکاندیدکردن لە چوارچێوەی حیزبو گروپە کوردییەکان، مانای تواندنەوەی کەمایەتیو سڕینەوەی کلتوورو فەرهەنگی سیاسیو کۆمەڵایەتی لێبکەوەیتەوە، بەپێچەوانەوە، لە چوارچێوەی بەرنامەی حیزب یان لایەنێکی کوردستانی دەتوانێت باشتر کار بۆ بەجێهێنانی مافـو داخوازییەکان بکرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر عەدالەتو یەکسانی هەبێت، ئەی کە ناعەدالەتیو نایەکسانی لە ئاراداببێت! بڵێت بە (١٠) کورسی بتوانی مەجرای تێپەڕاندنی یاسایەک کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی تۆ بێت بگۆڕیت؟ ئایا بە (١٠) کورسی دەتوانیت چی لە دەستووریک بکەیت کە هیچ کام لەو مافانەی کە تۆی مەسیحی، تورکمانی بە مافی دەزانێت بۆتی دابینبکراوە!؟ بێگومان ناتوانێت، دەی کەواتە دەکرێت بڵێن ئەو کورسیانە لە بنەڕەتدا بۆ پشتگیریکردنو جوانکاری ڕووی بڕیارەکانی دەسـەلات هاتوونەتە دروستکردن نەک بۆ بەدەستهێنانی ماف بۆیان، ئەگەر واش نەبێت، ئەوا (١٠) دە کورسییە دەبنە پاشکۆیەکو ڕێژەیەکی مسۆگەری دەسەلات لەناو پەرلەماندا هەلبەت ئەوەندەی من لە نزیکەوە بەئاگابم، هەتا ئەم ساتە وەختە هیچ کام لەو لیستە مەسیحیو تورکمانانەی کە لە کێبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی ئەو کورسیانەی کە بۆیان دانراوە، سەرباری ئەوەی کە خۆیان هیچ پالپشتێکیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەڕێم نییە، دەنگدان بە مەسعود بارزانی وەک پالپشتی لیستی کوردستانی ڕەتنەکردووەتەوەو بگرە پالپشتیشی لێدەکەن، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو لیست پالپشتیوانە لە بنچینەدا دروستکراوی دەسەلاتی سیاسی کـوردیـن .... ئەگەر ئـەو لیستو قـەوارە کەمایەتییانە دروسـتـکـراوی دەســەلات نەبن، ئایا بۆچی بۆیان نییە یاخود ڕوونتر ئاڕەزوومەندی ئەوە ناکەن کە پالپشتیوانیان هەبێت بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەڕێم، ئایا لەڕووی قانوونییەوە هیچ مانعێکی ئاشکرا هەیە بۆ ئەوەی مەسیحییەک یان تورکمانێک ببێت بە سەرۆکی هەرێم، ئەو مانعە قانوونییە ئەگەر لە ئاراداندییە، مانعە سیاسییەکەیە کە ڕێگە نادات بە تۆی مەسیحیو تورکمان ببیتە سەرۆکی هەرێمێکی زۆرینە موسوڵمان ئەو قسەیە ناچەسپێنێت کە تۆ حیسابی هاوڵاتی دەرەچە دووت بۆ کراوە ئەمانە هەتا ئەمڕۆ کۆمەڵێک پرسیارن بێ وەڵام ماونەتەوە .

لەوانەش بترازێت دەبێت لەبەردەم ئەم گریمانەی پێوستی دەسەلات بەو دە کورسییە ئێستێک بکەین ئەگەر لیستی کوردستانی توانی (٤٢) کورسی لە کۆی (١٠١) کورسی بێنێت، نزیکترین هاوپەیمان بۆ ئەوەی حوکمەتی پێ پێکبهێنێت کورسی کەمایەتییەکان دەبێت، بەوانیش دەبنە (٥٢) کورسیو دەتوانێت حوکمەت پێکبهێنێت ... دەشێت غروری سیاسی ئەمڕۆی یەکێتیو پارتی ئەوەمان پێبڵێت کە ئەوان هێزگەلێکی وەها چەقداگرتوون لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا هەرگیز موحتاجی دەستپانکردنەوە بۆ دە کورسی کەمایەتی نین حوکمەتی پێ تەشکیلبکەن، هەرواشە لیستە مەسیحیو تورکمانەکان کە لە بنەڕەتدا دروستکراوی خۆتانن بەحوسنورەزای خۆیان داواتان لێدەکەن کە ئەوان ببن بە هاوپەیمانتان نەک حیزبو لایەنی دیکە کە ڕەنگ بێت خەونەکانیان، بەرنامەی کارەکانیان لەگەڵ هی ئێوەدا هەردەمو هەمیشە بەریەکدەکەوێت ...

پارتیو یەکێتی ناتوانن خۆیان لەو ڕاستییە بشارنەوە کە ئەو (١٠) کورسییە لە خولەکانی داهاتووی هەڵبژاردندا، تەواوی هاوسەنگییەکان دەگۆڕێتو ئەوان دەبنە بڕیار کە کێ حوکمەت بێت، جا بۆ ئەوەی ئەوە ڕوونـەدات دەبێت مەسیحییەکانی کوردستان لەو فێڵە گەورەیەی دەسەلات بە ئاگا بهێنرێنەوە کە لە مێژووی پێکهاتنی کلتوریو نیشتمانییەتیان دەکرێت هەرگیز دەنگ بە لیستو پالپشتوانێک نەدرێت کە بۆنی ئەوەی لێدەکرێت، ئایندەی خراپترو گوزەرانی هەژارترو کلتوور سراوتر دەبێت، لە باشترین حالەتیشدا با دەنگ بە لیستێکی دیکە بدەن لە دەرەوەی لیستە مەسیحییە دروستکراوەکانی دەسەلات کە تا ئەندازەیەکی زیاتر بەرنامەی کارکردنەکەی لەخزمەتی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندایە.

تێپەڕاندنی دەستوورو فۆرمی دامەزراندن لە تای تەرازووێکدا

سەیفەدین مەنمی

حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی (١٨) ساڵزیاترەبەڵێنی پیادەکردنی دیموکراسییەتو بانگەشەی دادپـەروەریـی بە هاوڵاتیانی کوردستان دەدات، دوای تێپەڕاندنی (٥) کابینەی دەسەلاتی سیاسی هێشتا نەیتوانیوە مافە سەرەتاییەکانی جەماوەر دابینبکاتو قـەرەبـووی مـانـدووبـوونو قوربانیدانو شەونخونی هاوڵاتییانی ستەمدیدە بکاتەوە.

لە هاتنە پێشەوەیِ هەر کابینەیەکیشدا سەدان هەزاران بەڵێنی زەردو سەوزیان لـــەڕووی خزمەتگوزاریو ئـاوەدانـیو دادپـــەروەری بە خەڵک داوە، بـەڵام هەر ئـەوەنـدەی کـارەکـەیـان مەیسەر بـووەوە خواستەکانیان هاتووەتەدی دیواریکی بـــەرزو سنووریکی دووریـــان لەنێوان خۆیانو جەماوەردا دروستکردووە، ئەمەش بە پشتگوێخستنی خواستی جەماوەرو پاشگەزبوونەوەیان لە هەموو بەڵێنەکانیان کە بڕیتیبوون لە پیادەکردنی سینی دادپەروەریو خزمەتگوزاریو شەفافیەت لە خەرج و داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم بەهۆی ئـەوەی کە دەستووریکی تۆکمەو هەموارکراوی تایبەت بە خۆی نەبووە تاکو یاساکانی پشت بەستووبن پێی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆو ناوەند تووشی سەدان کێشەو گرفتی جۆراوجۆر بووەتەوە، چ لەڕووی سیاسیو سەربازییەوە چ لـــەڕووی ئـابـووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەوە، تاکو ئێستاش ئەو کێشەو گرفتانە هەروا بێ چارەسەر ماونەتەوە.

کەچی حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی هەرێم لە پرێکداو لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ڕەشنووسی دەستووریکی هەڵپرۆکاویان بە نەکوڵاویو بەبێتامو خوێ دەرخواردی جەماوەری کوردستان داو بە گوشاری هەردوو حیزبی دەسەلاتدارو لەماوەیەکی کەم دەرفەتدا کەوتە هەڵپەی تێپەڕاندنی ئەو دەستوورەی کە نە هاوڵاتییانی کوردستان بە دەقو بابەتەکانی نە پسپۆرانی بواری دەستووریو یاسایی بەڵێیان بۆ کردو نە مامۆستایانی زانکۆو شارەزاکان لە یاسادا پشتیوانییان لێکرد، کەچی پەرلەمانی بەسەرچووی کوردستان لەماوەی چەند ڕۆژێکدا تێپەڕاند.

بەڕاستی دەستووریکی وا هەر ماشەلای دەوێ ڕێگەی دوورو درێژی (١٨) ساڵی بەو چەند ڕۆژە بڕیو لە پرێکدا کردی بە کورێک، بەڵام کورێکی جەستە شێواوو بێزمان بێگوێ بێ دەستو قاچ، جا باشە دەبێت ئەو یاسایەی لەم دەستوورە لەدایک دەبێت چۆن یاسایەک بێت؟

دەستووریک دەنگدانی ئاڕەزوومەندانەی ئەندامانی پەرلەمانی بۆ نەکرابێت نەخرابێتە بەر دیدەی جەماوەرو کۆڕو سیمیناری لەسەر نەگیرابێتو تاووتوێی خاڵو بابەتەکانی نەکرابێت، دەبێت چ دەستووریک بێت؟ دەبێ هەرێم بەو هەموو کێشەو گرفتانەوە لەڕووی سنووری جوگرافیو میژوویی و مەسەلە سەربازییو ئابووریییەکان ئایندەکەی بە کوێ بگات؟

تـێـپـەڕانـدنـی ئـەم دەســتـــوورە بەو تەنگە نەفەسییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەلاتی ئێستای هەرێم ترسی لە ئایندەی گۆڕنکارییەکان هەیەو زەندەقی لە ئەنجامی هەلبژاردنەکان چووە، دەزانێت کە شەپۆلی دوای هەلبژاردنەکان بە خواستی کەشتی دەسەلاتەکەی ئەمان نابێتو ئەنجامەکانی هەلبژاردن لە بەرژەوەندییان نابێت، چونکە ئەمجارە جیاوازە لە جارەکانی دیکەو تەنیا خۆیان نین، بەڵکو چەندین قەوارەی سیاسییو لایەنی کـاراو چـالاک بەرۆکی پێگرتوون ئەمەش وایلێکردن کە زۆر تەنگەتاو بنو لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا لە بازاڕی ئەو پەرلەمانەدا دەستوورەکە هەراج بکەن.

گـوشـاری قـــەوارە سیاسییەکانو ڕکابەرەکانی ئەم دەسەلاتە وایکرد کە جگەلەو دەستووڕە کاڵو کرچە پەنا بۆ شتی دیکەش بەرن لەپێناو دەربازکردنی کەشتیەکەیان لە شەپۆلە بەهێزەکانی جەماوەرو ئوپۆزسیۆن، ئەویش بە هەراجکردنی فۆرمی دامەزراندنی هاوڵاتییانو بەڵێنی بێبنەما بە جەماوەر لە بازاڕەکانی کوردستاندا، ئەی باشە ماوەی ئەم چەندین ساڵە بۆچی وەڵامی جەماوەرتان نەدەدایەوەو بیرتان لە ژیانو گوزەرانی بێ مووچەیِ جەماوەر نەدەکردەوە؟ ئەی باشە (١٨) ساڵە بۆچی ئەم دەرگایەتان لەو خەڵکە هەژارە داخستووە؟

باشە ئێوە هەمان دەسەلاتی ساڵان نین کە ئێستا ئەوەندە بە بەزەییو بەخشندەن لەگەڵ هاوڵاتییانداو دەتانەوێت لە چەند ڕۆژێکداو کەمتر لە ڕۆژەکانی تێپەڕاندنی دەستوور ئەو هەموو فۆرمە هەڵاجکراوە بخەنە خانەی جێبەجێکردنەوە؟

ئەی باشە ئەو جەماوەرەی کە ئێستا بەڵێنی ئەو فۆرمانەیان دەدەنێ هەمان جەماوەرەکەی چەندین ساڵەی پێشتر نین کە داواکارییەکانیان دەخرایە سەبەتەی خۆڵەکانەوەو پێتان دەوتن دامەزراندن نییە؟ دیـارە ئەم بڕیارە بە یاسایەکی تایبەتو پشت بەستوو بە دەستووریکی چەند ڕۆژی خۆتان دەرکراوەو دەتانەوێت بەم سیناریۆیە کەشتی دەسەلاتی خۆتان لەناو هەلبەزو دابەزی شەپۆلە سەختەکانی دەریای ڕق ئەستوری جەماوەر دەربـاز بکەن؟ زۆر مەحالە.

ونبوون

* پێناسێکی باری شارستانی بە ناوی (بـارق گامی علوی) ونبووە، هەرکەس دۆزیویەتیەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ کتێبخانەی ڕەسەن لە دەربەندیخان.

* بـاجـێـکـی کـوڵـیـژی زانـسـتـە مـرۆڤـایـەتـیـەکـانـی زانـکـۆی کۆیە بەشی جوگرافیا پە نـاوی (شـێـروان ئیبراهیم ڕەســـول) ونبووە هەرکەس دۆزیویەتیەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی(٠٧٧٠١٥٤٧٢٥٩).


کۆمپانیای رۆژی نوێ
بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە
هەلێکی زێرین...
کۆمپانیای رۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆڵینگ)، هەر یەکەیەک بە رووبەری (١٠٩ م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، جێشتخانە، (٣) نوستن، مدخل، راڕەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).
نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە
١ ـ هاوڵاتی دەتوانێت بڕی (٢٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.
٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە
بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە
ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)
ناونیشانی ئۆفیسی کۆمپانیا :
تووی مەلیک - شەقامی سەرەکی - بەرامبەر ئامادەیی ئەهید جەمال ئایەر
0750 152 1717-0770 152 9392-0771 016 5555
rozhinwe@gmail.com
Rozhi Nwe Co.


NEW Sirwan Mineral Spring Water
زیاد لە 25 ساڵ ئەزمون
لە بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی دا
ئاوی کانزایی سیروان
لەکانیاوی بانی خێڵان
From famous Bany khelan spring 07480124442: بنکەی فرۆشتنی راستەوخۆ


هەرێمی کوردستانی عێراق دەنگدەدات
بنکەی دەنگدانت بدۆزەوە لە رێگای سەردان کردنی بریکاری خۆراك یان پەیوەندیکردن بە تەلەفۆنە خۆراییەکانی کۆڕەك ٢٠٢٠ ئاسیا ٧٧٧٧
رۆژی هەڵبژاردن ناسنامەیەکی ناساندن لەگەڵ خۆت ببە
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

بەرەو گۆڕا

٥٧

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی راگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

التغيير CHANGE گۆڕان

No. 18 Date. 16-7-2009 ١٦-٧-٢٠٠٩ ژمارە: (١٨)

بڕیارێکی گرنگ لە کۆمسیۆنەوە بۆ دەنگدەران

رێگەنادرێت هیچ دەنگدەرێک مۆبایل بباتە بنکەکانی دەنگدانەوە

بەهیچ شێوەیەک چاودێری دەنگدەرناکرێت کەدەنگ بەهەرلایەنێک بدات



سەنگەر جەمال
بەهادین یوسف

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیاردەدات بە رێگرتن لە بردنەژوورەوەی ئامێری مۆبایل بۆ بنکەکانی دەنگدان و قەدەغەکردنی چاودێریکردنی دەنگدەر، ئەوەش بۆ رێگرتنە لە ساختەکاری و ناچارکردنی هاوڵاتییان و هێزەچەکدارەکان بە دەنگدانیان بە لایەنێکی دیاریکراو.

دوای ئەوەی ترسی ئەوە بڵاوکرایەوە کە لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە بە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگەو کارمەندانی ئەودەزگایانە راگەیەنراوە لەرێی کامێرای مۆبایلەکانیانەوە چۆنێتیی دەنگدانەکەیان تۆمار بکەن، کۆمسیۆن بڕیاریداوە بۆ رێگری لەو فشارە رێگە لە بردنەژوورەوەی مۆبایل بگرێت بۆ بنکەکانی دەنگدان.

حاکم سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لە لێدوانێکیدا بۆ (بەرەوگۆڕان) ئەوەی راگەیاند کە بڕیاریانداوە بردنەژوورەوەی مۆبایل قەدەغەبکرێت بۆ بنکەکانی دەنگدان لەلایەن دەنگدەرانەوەو وتی: «بەشێوەیەکی گشتی لە دەنگدانی تایبەت و دەنگدانی گشتی بڕیارمانداوە ئامێری مۆبایل نەچێتەژوورەوە».

حاکم سەردار ئەوەشی خستەڕوو کە بەردەوام ئیجرائات وەردەگرن بۆ رێگری لە هەر کارێک کە کاریگەریی سلبی لەسەر پرۆسەی دەنگدان هەبێت و ئاماژەی بەوەشکرد کە هەفتەیەک لەمەوبەر بڕیاری ئەوەیانداوە کە رێگە بە بردنەژوورەوەی مۆبایل هیچ جۆرە ئامێرێکی دیکەی تەکنیکی نەدەن و بەهیچ شێوەیەکیش چاودێری دەنگدانی هیچ کەسێک ناکرێ و لەوێستگەی دەنگداندا دەنگدەر تەنها خۆی و خوا دەزانێت دەنگی بەکێ داوە

حاکم سەردار ئاماژەی بەوەشکرد کە هەموو ئەو ئیجرائاتانەی گرتوویانەتەبەر بۆ رێگرتنە لە ساختەکاریی لە هەڵبژاردنداو وتیشی: «بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکانی دەنگدان پەیڕەوێکی تایبەت دانراوەو بە چوار ئاست راهێنانی لەسەر دەکەین، بۆئەوەی جگە لەو پەیڕەوە فەرمانبەری بنکەی دەنگدان بواری ئەوەی نەبێت کە خۆی ئیجتیهاد بکات و رێگایەکی تایبەت بەخۆی بەکاربهێنێت، چونکە هەموو ئەو ئیش و کارانەی دەبێت لە رۆژی دەنگدان بیکات لە پەیڕەوەکەدا دیاریکراوەو بوارێکی وا ناهێڵێتەوە کارمەندی بنکە کارێکی وا بکات ببێتە هۆی ساختەکاری و دروستبوونی بارودۆخێکی نائاسایی».

بەپێی راگەیاندنێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، (١٣٢) بنکەی دەنگدان بۆ هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ناوخۆو بەندییەکان و نەخۆشخانەکان دەکرێنەوە بۆ ئەوەی (٧/٢٣) بەدەنگدانی تایبەت دەنگ بدەن و لەوژمارەیەش (١٢٠) بنکەی لەناوەوەی هەرێم و (١٢) بنکەی لە پارێزگاکانی بەغداو نەینەواو ئەنبار دەکرێتەوە بۆ دەنگدانی هێزە چەکدارەکان، کە ژمارەیان (١١٩) هەزارو (٤٠٢) دەنگدەری هێزە چەکدارەکان لەناوەوەی هەرێم و (١١) هەزارو (٩٢٣)کەس لەپارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان».

حەمدییە حسەینی سەرۆکی بازنەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: کۆمسیۆن هەموو پێداویستییەکانی دەنگدانی بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکردووەو جیاکردنەوەی ئەو دەنگانەش بە ئامادەبوونی نوێنەری کیانە سیاسییەکان و چاودێران و هۆیەکانی راگەیاندن دەبێت و کۆمسیۆن رێوشوێنی گرتۆتە بەر بۆ رێگرتن لەدەنگدانەوەی دووبارەی ئەو کەسانەی کە لە هێزە چەکدارەکانن و ناوەکانیان لەتۆماری گشتی دەنگدەران دەرهێنراوە، بۆ ئەوەی (٧/٢٣)، دوو رۆژ پێش دەنگدانی ئاسایی بەدەنگدانی تایبەت بەشداری دەکەن.

چەند خروقاتێکی دیکەی جەعفەر شێخ مستەفای وەزیری پێشمەرگە

بۆ ل٣

کوردەکانی دەرەوە لە پێناو گۆڕاندا دەگەڕێنەوە کوردستان

بۆ ل٤

٧/٢٥ هەولێرییەکان شۆڕشێکی سپی بەرپادەکەن

بۆ ل٥

بارەگای وەزارەتەکەی کردووەتە بنکەی بانگەشەکردن
چەند خروقاتێکی دیکەی جەعفەر شێخ مستەفای وەزیری پێشمەرگە

سبەی

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەناو وەزارەتی پێشمەرگە، جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، دەستیکردووە بە بەخشینەوەی پارە بۆ کرێنی دەنگی هاوڵاتیان.

ئەو سەرچاوەیە بە سایتی سبەی راگەیاند: «لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا، شێخ جەعفەر بڕی (٤٥٠) ملیۆن دیناری لە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگەو بەئیمزای عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت، وەرگرتووە بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی کۆمیتەو بنکەکانی بانگەشەی یەکێتی خەرجیبکات، هاوکات (٦٠٠) هەزار دۆلاریشی لە کۆمپانیای نۆکان وەرگرتووەو رۆژانە لە بارەگای وەزارەتەکەی دەیبەخشێتەوە بە مەبەستی کرینی دەنگی هاوڵاتیان».

وتیشی: «جگە لە پارە بەخشینەوە، وەزیری پێشمەرگە فەرمانی دەرکردووە بۆ کارمەندانی وەزارەتەکەی بۆ ئەوەی یەک هەفتە بەر لە دەستپێکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمان مۆڵەت بن بەو مەرجەی بچنە بنکەکانی بانگەشەی لیستی کوردستانو خەڵک هانبدەن بۆ ئەوەی دەنگ بەو لیستە بدەن».

ئاشکراشیکرد، ئەم فەرمانەی وەزیر لەلایەن ئەفسەرێک بەناوی عەقید بەختیار، کە بەرپرسی کۆمیتەی وەزارەتی پێشمەرگەیە، بە سەرجەم کارمەندەکان راگەیەنراووە.

هەر لە چوارچێوەی خروقاتەکانیدا، شەوی (٢٠٠٩/٧/١٢)، لە رووداوێکی بێپێشینەو چاوەڕواننەکراودا، وەزیری پێشمەرگە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پاسەوانەکانی، دابەزینە سەر شەقامی تووی مەلپکی شاری سلێمانیو کەوتنە وێژەی خەلکی ئاهەنگگێڕو جەماوەری لیستی گۆڕان.

هەمان شەو، وەزیرو پاسەوانەکانی سوکایەتیان بە ئەفسەرێکی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کردو لێیاندا.

جێی ئاماژەیە، بەشداریکردنی راستەوخۆی وەزیرو بەکارهێنانی وەزارەتەکەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی لیستێکدا بە گوێرەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن خروقاتە.


وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم

بۆ پشتیوانی لیستی گۆڕان

مامۆستایەکی قۆناغی بنەڕەتی: لیستی گۆڕان بۆی ئاشکراکردین هەر مامۆستایەک (١٠٢٧) دۆلاری مانگانە بەردەکەوێت

بەرهەم عومەر

نەوشیروان مستەفا، لە دەسپێکی پەیامەکەی خۆیدا لە بواری پەروەردەو فێرکردن، دێرە شیعرێکی (بەختیار زێوەر) خستووەتەڕوو کە دەڵێت:

لە بیرمە وەک شتی مەعلوم
مناڵ بووم عاشقی تۆ بووم
کە مامۆستام، لە ریز داینام، وتی: «ئەی خام،
بنووسە جوان
فیدات بم خاکی کوردستان»

پاش ئەوەش سوپاسی مامۆستایان کوردستان دەکات کە بەبێ مووچە دوای ڕاپەڕینی کورد لە عێراقدا، توانییان گۆڕانکاریی گەورە ئەنجام بدەن، ملمانەی بۆ دەسەڵاتی مەرکەزییەو بێ مووچە وانە بە قوتابیانی کوردستان بڵێنەوە.

پاش نیوەڕۆی ٧/١٤ لە گردی زەرگەتە، نەوشیروان مستەفا، (سەرۆکی لیستی گۆڕان)، لەگەڵ نزیکەی (٩٠٠) مامۆستای سنووری شاری سلێمانی کۆبوونەوە، مامۆستایانیش گفتوگۆیەکی بەرفراوانیان لەگەڵ سازکرد، بەگشتی مامۆستایانی بەشدار پشتیوانی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دەربڕی.

بەهار عەبدولخالق، مامۆستای باخچەی ساوایانی بەکرەجۆ، هەستمکرد قسەکانی کاک نەوشیروانو ئەو بەرنامەیەی لیستی گۆڕان داینواە بۆ گۆڕانکاریو ریفۆرمکردنی سیستمی پەروەردەیی زۆر دەگونجێت لەگەڵ خواستی سەردەما، ئەگەر بە دڵسۆزانە کاری تێدابکرێت، ولاتەکەمان زۆر بەرەو پێشدەچێت.

پەیامی (نەوشیروان مستەفا) بۆ گۆڕانکاریی لە سیستمی پەروەردەدا خۆی لە چوار خاڵدا دەبینێتەوە:

یەکەم: گۆڕەانی مامۆستایان بە جۆرێک باشبکەین هەموو توانای خۆیو کاتی کاری خۆی بۆ پەروەردە تەرخانبکات.
دووەم: چارەسەرکردنی گرفتی کەمی خوێندنگە دەخەینە سەروی پێویستیەکانو نەخشە دادەنێین بۆ ئەوەی سااڵنە بەپێی زیادبوونی پێویستیەکان بینای تازە بۆ خوێندنگەو مامۆستایان دروستبکرێت.
سێیەم: مناڵ لە باتی ئەوەی رۆژانە دوو سەعاتو نیو لە مەکتەب بمێنێتەوە لایەنی کەم (٧) سەعات لە مەکتەب دەوام بکات.
چوارەم: یەکێتی مامۆستایان ببێتە ڕێکخراوێکی پیشەیی کاراو چالاکو سەربەخۆ بۆ خزمەتی تۆڕی مامۆستایانو داکۆکی لە مافو خواستەکانیان.

بەهارەروەهاباسیلەخواستیمامۆستایان کرد کە زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ژیانی مامۆستا خۆشگوزەران بێت، کێشە سەرەکییەکانی بۆ چارەسەربکرێت لەلایەن دەسەاڵتەوەو چاودێری ئەو گرفتانەبکرێت کە لەلایەن پەرلەمانەوە کە دێتە بەردەم سیستمی پەروەردەی.

هەروەها وتی: «ئەگەر مامۆستا هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابینبکرێتو خزمەتی کەسایەتییەکەی بکرێتو بەها پیرۆزەکانی بۆ بگەڕێنرێتەوە، دەتوانێت ئەویش هەموو ئیهتمامەکانی بگێڕێتەوە بۆ خزمەتکردنی بواری پەروەردەییو زیاتر خزمەتی منداڵان بکات».

لە پەیامی (لیستی گۆڕان)دا ئاماژە بەوەکراوە کە بۆ ئەوەی لە کوردستاندا بواریپەروەردەبچێتەئاستیپێویستیەکانی کۆمەڵگاوە، دەبێت گرنگیەکی تایبەتی بە کەرتی پەروەردەو سیستمی پەروەردە بدرێ، چونکە کاروباری پەروەدە لە سەردەمی ئیستادا لەلایەنی مادیو لەلایەنی پەروەردەییەوە بە هیچ جۆرێک لە ئاستی پێویستیەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیدا نییە.

خالید حەمە ئەمین، بەڕێوەبەری دواناوەندی داریکەڵی، ئامادەسازی کۆبوونەوەکەی مامۆستایان لەگەڵ سەرۆکی لیستی گۆڕان، بە (بەرەو گۆڕان)ی ڕاگەیاند: ئێمە وەکو مامۆستایان پێمان خۆشبوو کە سەردانی کاک نەوشیروان بکەین، بەشداریش بکەین لەو گۆڕانکارییەی لیستی گۆڕان کردویەتییە بەرنامەی کاری خۆی.

خالید ئەوەشی خستەڕوو کە مامۆستایان بەردەوام خوازیاری گۆڕانکاریی بوون لە بواری پەروەردەدا، (لیستی گۆڕان)یشی بە لیستی هیواو ئاواتەکانی مامۆستایان وەسفکرد، چونکە لە بەرنامەیدایە کە بینای خوێندنگە زۆربکات، کەرەستەکانی خوێندن فەراهەمبکات، کاتی خوێندن بۆ خوێندکار زیاتربکات، خوێندکار بتوانێت لە دۆخێکدا بخوێنێت کە خۆی ئارەزووی لێ هەیە نەک ئەوەی ساغدەکرێتەوە بەسەریدا..

بەگشتی ئامانجەکانی لیستی گۆڕان لە چوار خاڵدا خۆی دەبینێتەوە:

١- دروستکردنی مرۆڤێک کە باوەڕی بەخۆیو ئیرادەی خۆی هەبێت. کەسێکی ترسنۆکو شەرمنو گۆشەگیر نەبێت. بتوانێت ئازایانەو ئازادی باسی خۆیو دونیایی خۆی بکات.
٢- پەروەردەکردنی مرۆڤێک کە دنیاو کۆمەڵگەی کۆمەڵو ناوچەی ژیانی خۆی بناسێت.
٣- پەروەردەکردنی بە زانستو زانیاری هاوچەرخو گرنگیدان بە فێربوونی زمانە زیندووەکانی دنیاو زمانە گرنگەکانی ناوچەکە.
٤- گرنگیدان بە فێربوونی کۆمپیوتەرو ئەوەی لە دنیادا پێی دەوترێت پیشەسازی زانیاریو فێربوونی زانستە نوێکان.

هەروەها نەوشیروان مستەفا لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژەیکرد بەوەی مامۆستایانی کوردستان شایەنی ئەوەن ڕێکخراوو سەندیکای چالاکی خۆیان هەبێت، گەیەنەرو داکۆکیکەری خواستەکانی مامۆستایانبێت بە دەسەاڵتو بەدوای کێشەو گرفتەکانیاندا بچێتو وتی: «لیستی گۆڕان بە تەواوی پشتگیریتان دەکات بۆ ئەوەی سەندیکای سەربەخۆی خۆتان هەبێت، لەژێر هەیمەنی هیچ حزبێکدا نەبێت».

خالید حەمە ئەمین، هەروەها باسی لەوەکرد کە پێشتر ئەو ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە، لە سالی (١٩٩٣)ەوە بەرپرسی کەرتبووە لەو یەکێتییەدا، بەاڵم (٣)ساڵ لەمەوبەر دەستی لەکار کێشاوەتەووە، هەروەها وتی: «لەبەر ئەوەی بڕوام پێیان نەبووەو نوێنەری مامۆستایان نەبوون، نوێنەری حیزبوون».

بەڕێوەبەرەکەی دواناوەندی داریکەڵی ئاماژەی بەوەکرد کە سالی رابردوو یاداشتێکی (٧) خاڵییان بەرزکردووەتەوە بۆ بەرپرسانی پەروەردە، بەاڵم سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایان وتیان ئەوانە نوێنەری مامۆستایان نین، ئەوانە دەیانەوێت ئاژاوە دروست بکەن، مامۆستایانیان بە «ئاژاوەگێڕ» وەسفکرد کاتێک داوای خواستەکانی خۆی دەکرد.

هەروەها ئەوەشی خستەڕوو کە مامۆستایان پێویستیان بە ڕێکخراوێکە کە چالاکو ئەکتیڤ بێتو خزمەتی مامۆستایان بکات، هەر بۆیە ئێمە لەو یەکێتییە جیابووینەوەتەوەو بڕیاری مانگرتنمانداوەو پشتیگیریی لە لیستی گۆڕان دەکەین، دەخوازین بە پشتیوانی لیستی گۆڕان، ئێمەو مامۆستایان ئاواتو خۆزگەکانمان بەدیبهێنین.

بەفرین سالار، لە قوتابخانەی هەڵۆی سەرەتایی، یەکێکبوو لە بەشدارەکانی کۆبوونەوەکە ئەوەی خستەڕوو کە لە کوردستاندا کۆمەڵێک هەنگاو نراوە بۆ بەرەو پێشبردنی سیستمی خوێندن وەکو سیستمی سویدی – نەرویجی، بەاڵم بەهۆی ئەوەی بینای قوتابخانەکانمانو کاتی دەوامکردنمان لێرە جیاوازە ئەو سیستمە جێگەی خۆی نەگرتووە، بەاڵم لیستی گۆڕان یەکێک لە پەیامەکانیو ئەو بەرنامەیەی لە بواری پەروەردەدا بەڵێنی داوە کاری لەسەربکات، زیادکردنی ژمارەی خوێندنگەکانە.

بەفرین هەروەها وتی: «بەرنامە پێشکەووتوەکانی سیستمی پەروەردە لە کوردستاندا تەنیا لە شارەکاندا جێبەجێ کراوەو منداڵی گوند نشینی لێبێبەشکراوە، وەکو نەبوونی دایەنگەو باخچەی ساوایانو شوێنی یاریگای منداڵانو قوتابخانەی شایستە، ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ چۆڵبوونی گوندەکانمان».

پەروین ئەکرەم، مامۆستای سەرەتایی، پێی وابوو منداڵانی کوردستان بە یەکسانی مافی خوێندنیان بۆ دابینناکراوە، لە هەندێک لە خوێندنگەی شارو لادێکاندا سەقفی بیناکە دڵۆپە دەکاتو دەرگاو پەنجەرەی پۆلەکە گەرماو سەرما گلناداتەوەو مەرجی تەندروستی تێدا نییە، بەتایبەتی لە گوندەکاندا کە ئەو گرفتانەی بە تەواوی تێدا زەقبووەتەوە ئەوەش بەشێکە لە شکستی ریفۆرمی پەروەردەیی.

پەروین ئاماژەی بەوەکرد کە لیستی گۆڕان بەو بەرنامەیەی کە هەیەتی دەتوانێت خزمەتی زۆر بە بواری پەروەردەو گوزەرانی مامۆستاو مافی قوتابی بگەیەنێت، جگە لەوەی لە ئێستاوە شەفافییەتێکی هێناوەتە نێو بوارەکەوەو تا ئێمە دەزانین هەر مامۆستایەک (١٠٣٧) دۆلاری مانگانە بەردەکەوێت، بەاڵم بۆ چی تائێستا ئەو بڕە زۆرە بە مامۆستاکان ڕەوا نەبینراوە، ئەگەر بۆ گیرفان پرکردنی بەرپرسانو خۆشگوزەرانکردنی منداڵەکانیان خەرجنەکراوە چی لێکراوە ئەو پارەیە؟


بەشێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەی مامۆستایان لەگەڵ نەوشیروان مستەفا
فۆتۆ بەرهەم

کاندیدەکانی لیستی گۆڕان

نەسرین جەمال:

کار بۆ هەڵسانەنەوەی کەسایەتیی ژنان و بەشداریکردنیان لەناوەندی دەسەڵاتدا دەکەین

سازدانی: هەناوغالی



بەرەوگۆڕان: ئێوە پێشتر ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی بوون، پێتوایە دەبێت چ گۆڕانێک بکرێت؟

* لیستی (گۆڕان) گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەی دەوێت لەپێناوی خۆشگوزەرانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵدا، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی کە هەموو ئەو کەسانەی تامەزرۆی گۆڕانن دەزانن دەبێت قۆناغ بە قۆناغ بێت کە قۆناغی یەکەم لە پەرلەمانەوە دەستپێبکەین، لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە گۆڕانێک لەم هەڕێمەدا بکرێت کە یاسا سەروەربێت، دەسەڵاتەکان لەیەکتری جیابکرێنەوە، هێندە حیزب کۆنترۆڵی حکومەت نەکات، دەبێت دەساودەست بە دەسەڵاتەکان بکرێت نەک هەمووی لای تاکەکەسێک کۆبکرێتەوە و ببێتە (دیکتاتۆر)، دەبێت شەفافیەت هەبێت لەڕووی داهاتو باجو پرۆژەتایبەتەکان، بەهەدەرنەدانی داهاتی کوردستان بۆ چەند گروپو کەسانێکی مشەخۆری دەسەڵات، چونکە سەروەتو سامان مافی خەڵکەو دەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ میللەت، گۆڕانێک کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی تێدا بێتەدی، کەواتە هێنانەدی ئاوات و ئامانجی گەلەکەمان تەنیا لەبەرنامەکەی لیستی گۆڕاندایە، لەم هەڕێمەدا تائێستا سیستمێک نەبووە بۆ بەڕێوەبردنێکی شارستانییانە، بۆیە لیستی گۆڕان لەپێناوی بەدامەزراوەکردنی ئەم هەڕێمەدا لەڕووی(سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو خزمەتگوزاریو... تاد) تواناکانی خۆی خستووەتەگەڕ.

بەرەوگۆڕان: ئەگەرچوونە پەرلەمان بەنیازن چی بۆ ژنان بکەن؟

* ئێمە دەزانین (لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان) لەپەرلەمان هەوڵی زۆریانداوە، بەڵام تائێستا کۆمەڵێک برگەی داواکارییەکانیان جێبەجێ نەبووە، بۆیە دەبێت لەپێناوی یەکسانیو نەهێشتنی ڕەشەکوژیی ژنانو هەڵساندنەوەی کەسایەتیی ژنانو بەشداریکردنیان لەناوەندی دەسەڵاتو بڕیاردا کاری جدی تری بۆ بکرێت، بۆیە من دەڵێم ئەم هەوڵو تێکۆشانە زیاتر لە لیستی (گۆڕاندا) خۆی دەبینێتەوە، چونکە لیستی گۆڕان پاڵپشتی ژنانەو ئەو پاڵپشتەشی بۆ بەرچاوی کامێراو ڕاگەیاندنو ڕووکەش نییە، بەڵکو بڕوایویە خەباتکردن لەپێناوی ئازادییەکانی ژناندا ئەڵقەیەکی دانەبڕاوە لە رزگارکردنی سەرجەم هاوڵاتییاندا.

بەرەوگۆڕان: ئێوە وەک کاندیدا ژنەکان، هەوڵدەدەن پێکەوە بەرنامەیەکو ئەجێندایەکی تایبەتتان هەبێت بۆکێشەکانی ژنان؟

* لیستی گۆڕان بەرنامەیەکی پتەوی داڕشتووە کە هیچ تاکێکی کۆمەڵگەی فەرامۆش نەکردووە بەتایبەتی (ژنان)، لەبەرنامەی لیستی گۆڕاندا، بەندی ٤٠٥ تا بەندی ٧٠٠ گرنگی زۆری بە ژنانو کچان داوە، ئێمەش وەک کاندیدانی ئەم لیستە پشتیوانی لەو بەندانە دەکەینو بەردەوام هەوڵی بۆدەدەین لەپێناو چەسپاندنیدا، لەداهاتووشدا لیستی گۆڕان سەرکەوتنی بەدەستهێنا کاندیدەژنەکانی لیستی گۆڕان لەگەڵ کاندیدەکانی دیکەی ناو پەرلەمان هەماهەنگییەکی باشیان هەبێت بۆ داکۆکیکردنو چەسپاندنی مافەکانی ژنان، بە مەرجێک ئەو کاندیدانەی دیکەی ناو پەرلەمان پابەندی حیزبەکانیان نەبن.

بەرەوگۆڕان: چۆن بانگەشە بۆ لیستەکەتان دەکەن؟

* وەک هەموو لیستو لایەنەکانی دیکە بانگەشەمانکردووە، بانگەشەیەکی شارستانی دوور لە توندوتیژی، هەرچەندە لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە چەندین کاری نەشیاوو هەڕەشەو توندوتیژی کراوەتە سەر لایەنگرانو هەوادارانی (لیستی گۆڕان)، بەڵام جەماوەر هەمیشە خۆڕاگربووەو ئەو کرداڕە دزێوانە نایانترسێنێتو ڕۆژ بەڕۆژ هەستو سۆزیان زیاتردەبێت، وەک هەموو لیستەکانی دیکە ئێمەش مافی خۆمانە وەک وڵاتانی دەرەوە بانگەشە بۆلیستەکەمان بکەین، بۆچی بۆئەوان عەیب نییە دەچنە سەر شەقامەکان کەچی بۆ ئێمە عەیبەیە؟ بۆچی کاتێک (ی.ن.ک)و(پ.د.ک)بەلیستی جیاواز دابەزین بانگەشە عەیب نەبوو؟ بۆچی کاتێک مام جەلال بوو بەسەرۆک کۆمار، چوونە سەرشەقام تابەیانی عەیب نەبوو؟ ئێستا بۆ دەبێت بانگەشە بۆلیستی گۆڕان عەیبە بێت؟ وەک کاندیدێکی ژن، داوادەکەم بۆچەسپاندنی پەیامی ڕاستەقینەی گۆڕان کاری بەردەوام بکەین بۆ ئەو لیستە، چونکە تەنیا لیستە کە بتوانێت باشترین داکۆککاری بکات لە سەر هەموومافەکانی خەڵکی کوردستان.

پرۆفایل:

نەسرین جەمال مستەفا

ساڵی ١٩٦٠ لەدایکبووە

قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووە

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە

ساڵی ١٩٨٢ گیراوەو پاشان ئازادکراوە

ساڵی ١٩٨٤ ئەندامی کۆنفرانسی ٣ی کۆمەڵە بووەو ئەندامی کۆنگرەی ١و٢ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە

دواجار بووە بە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو لەڕۆژی ٢٦-٥-٢٠٠٩ دەستی لەکارکێشاوەتەوە

ئاهەنگ نەقشبەندی:

هەوڵدەدەین یاسا کۆنەکانی بەڵێندەرایەتی بگۆڕین



بەرەوگۆڕان: وەک کاندیدێکی لیستی گۆڕان ئەگەرچوونە پەرلەمان بەنیازن چی بکەن بۆ مەسەلەی ژنان؟

* بەدڵنیاییەوە ژنی کورد پێویستی بە زۆر گۆڕانکاری هەیە چ لە بواری ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان هەندێک یاسا کە لە هەموو دونیادا بەکاردێت بۆ ئەو ژنانەی کە منداڵیان زۆرە یان منداڵیان کەمە، ئەم حاڵەتە لە هەموو دونیادا هەیە، ئەو ژنانە لەبەرئەوەی ماندوون پێویستە جۆرێک یاسای تایبەت هەبێت، بۆ ئەوەی هانیان بدات کە بتوانن سەربەخۆیی ئابووریان هەبێت.

ئێمە هەوڵدەدەین بەرنامەشمان وایە ژنی کورد بگەیەنینە ئەو ئاستەی لە وڵاتانی پێشکەوتوو چیدەکەنو چۆن سەربەخۆیی ئابووریان هەیە، بۆ ئەوەی لە لایەک کە سەرقالی کارکردنە، لەلایەکی دیکەوە مافی نەخورێت. ژن چەند سەربەخۆیی ئابووریی خۆی هەبێت ئەوەندە لەبواری دەروونیو کۆمەڵایەتی ئاسوودەدەبێتو بەرهەمی زیاتر دەبێت لەو ژنەی کە هیچ دەرامەتێکی ئابووری نییە.

بەرەوگۆڕان: وەک کاندیدێکی ژن، تاچەند پێویستە پێکەوە بەرنامەیەکی تایبەتتان هەبێت بۆکێشەکانی ژنان؟

* پێویستیشەو پێویستیش نییە، ئێستا دنیا واگۆڕاوە کێشەی ژنو پیاو بووە بەیەک.

بەرەوگۆڕان: وەک ئەندازیارێک لەبواری کارەکەتدا ئەو گۆڕانکارییانە چین کە پێویستە بکرێن؟

* من وەک ئەندازیاری شارستانی کە ماوەی ٢٩ ساڵە ئەندازیارم لەکەرتی تایبەتو حکومیش ئیشمکردووە، ئێستا ئەوەی من دەیبینم کەپێموایە لە بواری کارەکەی خۆمدا بکرێت ئەوەیە زۆر یاسا هەیە بەسەرچووەو زۆر تایبەتمەندێتی باوی نەماوە لەبواری کاردا، زۆر پرۆگرام هەیە خەڵەڵەو ناگونجێت لەگەڵ ئێستادا، هەندێک گەندەڵی ڕوودەدات لە هەندێک بواری بەڵێندەرایەتیو گرێبەستەکاندا کە پێشتر نەبووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێنمەوە بۆ حکومەتو ئەو دەزگایەی کە یاسا دادەنێت، ئەمە کێشەیەکی گەورەیەو پێویستی بە چارەسەرە، بۆیە پێویستە یاساکان بگۆڕدرێن، بەتایبەت کاتێک کە یاسای وڵاتی ئێمە زۆر کۆنەو هی ساڵی هەشتاکانی حکومەتی عێراقەو زۆڕ کەم دەستکاریکراوە لە یاسای پۆلێنکردنو بەڵێندەرایەتیو مەرجدانان، ئێستا لە هەموو دونیادا باوە پابەندن بەیەک یاسای بەڵێندەرایەتییەوە، ئەو وڵاتانەی کە مەرجەکانی بەڵێندەرایەتییان تێدایە، بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوی فیدکو ئەوەش دەستکەوتێکی گەورەیە، بۆیە پێمباشە کوردستانیش بێبەش نەبێت لەو بە ئەندام بوونە.

بەرەوگۆڕان: وەک کاندیدێکی ئەم لیستە، چۆن بانگەشە بۆلیستی گۆڕان دەکەیت ؟

* وەک کاندیدێکی لیستی گۆڕان پێشئەوەی باسی هەڵبژاردن بکرێت، دەنگێکی نارازیی زۆر هەبوو، ئێستاش لەکوردستاندا کەشەکە خۆی واخولقاوە خەڵک هەر ئەوەی ماوە لەماڵ بێتە دەرەوەو بچێت دەنگبدات کە دەنگدانیش ئەرکێکی نیشتمانیو دینییە، پێویستە خەڵک خۆی بێبەش نەکات لەو دەنگدانە بۆئەوەی گەر شتێکی بۆ بە دەستهات لە داهاتوودا بڵێت ئەوە دەنگی خۆم بووە، بۆیە بڕواموایە گەر پڕوپاگەندەش نەکەین بۆ لیستەکەمان ئەوا کەشێکی گۆڕان دروستبووە.

*** ئێمە هەوڵدەدەینو بەرنامەشمان وایە ژنی کورد بگەیەنینە ئەو ئاستەی کە سەربەخۆیی ئابووریان هەبێت**

*** پێویستە خەڵک خۆی بێبەش نەکات لە دەنگدان بۆئەوەی گەر شتێکی بۆ بە دەستهات لە داهاتوودا بڵێت ئەوە دەنگی خۆم بووە**

پرۆفایل:

ئاهەنگ عارف نەقشبەندی، لە شێخەکانی خانەقایە لە هەولێر.

ساڵی ١٩٥٦ لەدایکبووە

دەرچوی کۆلێژی ئەندازیاریی شارستانییە لە زانکۆی موسڵ، لەساڵی ١٩٨٠.

چەندین پۆستی حکومیو کەرتی تایبەتی وەرگرتووە

قادر نادر:

خەڵکی هەولێر ئەمجارە شۆڕشێکی سپی ئەنجامدەداو لیستی گۆڕانیش بەرفراوانترین لیستە



سازدانی: دەشتی بەرزەواری

ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەندی کوردساید پێیوایە لیستی گۆڕان لە هەرێمی کوردستاندا ئەکتیڤترین لیستەو بەرفراوانترین لیستەو لەناو خودی حیزبی دەسەڵات هاتووەتە دەرەوە.

قادر نادر، ئەندامی بەڕێوەبردنی ناوەندی (کوردساید) لەم دیدارەی بەرەوگۆڕاندا باس لەوە دەکات لیستی گۆڕان توانیویەتی یەکێتیو پارتی لە لوتکەی ئەهرامەکانەوە بهێنێتە خوارەوەو باس لە بودجە شاراوەکانی ناو بوخچەی ئەو دوو حیزبە بکات.

بەرەو گۆڕان: چۆن دەروانیتە پرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان؟

– لەدوای راپەڕینەوە ئەوە یەکەم تاقیکردنەوەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، جگە لە هەڵبژاردنەکەی ٩٢ کە گەرموگوڕییەکی زۆر بە خۆپەوە ببینێت، چونکە سەرجەم ئاکامی هەڵبژاردنەکانی کە بینیمان دیاربوو، کە دوو حیزب بالادەستییان هەبوو، واتە پێشتر دەزانرا ئەنجامەکان چۆن دەبنو شتێکی نوێیان پێ نەبوو بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام ئەوە یەکەم جارە خەڵک چاوەڕوانی شتێکی نوێ بکات، لەبەرئەوەی یەکەم نارەزایەتی خەڵک گەیشتووەتە لوتکە، دووەم کۆمەڵێک لیست پەیدابوون بەتایبەتی لیستی گۆڕان کە ئەکتیڤترین لیستەو بەرفراوانترین لیستە کە لەناو خودی حیزبی دەسەڵات هاتووەتە دەرەوە، رکابەری بەهێزی ئەو دوو پارتەی گۆڕەپانی کوردستانەو توانیویەتی گۆڕانێک لەناو خودی ئەو دوو حیزبە بکات بەوەی کە توانیویەتی لە لوتکەی ئەهرامەکانەوە بیان هێنێتە خوارەوەو باس لە بودجە شاراوەکانی ناو بوخچەی ئەو دوو حیزبە بکات بە واتای ئەوەی توانیویەتی گۆڕانێک لە بارودۆخی سیاسی کوردستاندا بکات.**

بەرەو گۆڕان: ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە داهاتوودا چۆن دەبینی؟

– لەبەرئەوەی نارەزایەکانی خەڵک زۆرن هێشتا تەواو ڕوون نییە نارەزایەتیەکانی خەڵک لە کوێ دەوەستێ، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە ئاکامێکی نوێی دەبێت، بۆیە لە هەموو بارەکان دڵنیام ئەو هەڵبژاردنە شتێکی نوێی پێیە، ئەو شتە نوێیەش پۆزەتیڤتر دەبێت بۆ کورد بە حوکمی ئەوەی ئەو کۆمەڵە دەنگانەی کە دەگەنە پەرلەمان دەنگی نوێو ریفۆرمخواز دەبن کە دەبنە مایەی گۆڕان لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، ئەو پەرلەمانە کۆنەی جاران نامێنێت، بۆیە پێموایە ئەو دەنگانە گۆمەکە دەشڵەقێنن ئەوەش لە ڕۆژگاری ئایندەدا باشتر بەدیار دەکەوێت.

بەرەو گۆڕان: پێتوایە سەرهەڵدانی لیستی گۆڕان پێویستییەکی مێژوویی یان لەئەنجامی ململانێو ناکۆکی نێوان تاکەکانی سەرکردایەتی حیزبێک هاتووەتە ئاراوە؟

– هەردووکیانە، ئێمە زۆربەمان لەدوای (١٩٩٣) گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە حیزبە کوردییەکان بەتایبەتی پارتیو یەکێتی ئەو دروشمە رەنگاورەنگانەی کە لە شاخ هەڵیانگرتبوو نەیانتوانی لەناو شاردا ببن بەخاوەنی ئەو دروشمو پەیامانە، بەڵام لەهەموو بارێکدا دەبێت لەدوای چوارساڵ حوکمکردن هەڵسەنگاندن بۆ حیزبی دەسەڵاتدار بکرێت، لە هەموو وڵاتێکی دیموکراتیدا چوارساڵ پێوەرە بۆ ناساندنی حیزب، بەڵام لە بەڕێکردنی چوار خولو نیوی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە بینیمان ئەو دەسەڵاتە لەبری ئەوەی کەسایەتی کورد ڕاستبکاتەوەو جارێکی دیکە دروستیبکاتەوە، ساڵ بەساڵ کەسایەتی تاکی کوردی زیاتر تێکشاندو زەلیلی کرد، بۆیە گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە زەرورەتێکی مێژوویی بوو. ئەم دەسەڵاتە لە (١٨) ساڵی ڕابردوو نەیتوانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان بەرقەراربکات، وڵاتی کوردستان بوو بە وڵاتی کۆمەڵێک بەرپرسو مافیا نەک وڵاتی خەڵکی هەژار نەک وڵاتی خەڵکی هەڵەبجەو کەسوکاری ئەنفالەکان، بۆیە هاتنە ئارای لیستی گۆڕان لەناو ئەو بۆشاییەدا بووەتە زەرورەتێک، لیستی گۆڕانیش توانیویەتی ئەو بۆشاییەی کە هەیە بقۆزێتەوەو وەک ڕکابەرێکی سیاسی بەهێز هەرچەندە ئەوە سەرەتایە بۆ لیستی گۆڕان لە داهاتوودا کارەکانی لیستی گۆڕان ئەوە ڕوونەکانەوە کە تاچەند توانیویانە ببن بە زەرورەتێکی مێژوویی. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە، پێموایە ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ دروستبوونی لیستی گۆڕان، چونکە کارەکتەرە سەرەکیەکانی ناو یەکێتی هەوڵیاندا گۆڕانکاریو چاکسازیی لەناو یەکێتی بکەن، بەڵام ئەوان وەک مرواریییەکی ونیان لێهات لەناو ئاوێکی لێخندا، واتە لە سەرچاوەکەیەوە کە گەندەڵە ڕیگەیان لێگیراو هیچ بواریکیان بۆ نەهێشتنەوە تاکو چاکسازیی بکەن ناچار هاتنە دەرەوە تاوەکو لە دەرەوەی یەکێتی چاکسازی بکەنو توانیویانە سود لە داخوازیەکانی گەل وەربگرنو بیکەن بە دروشمی خۆیان، بەڕاستی ئەگەر گۆڕان لە داهاتوودا لەئاستی ئەو داخوازیانەدا بێت شکستێکی مێژوویی بەم دوو حیزبە دەهێنێت.

بەرەو گۆڕان: لیستی گۆڕان دەتوانێت چی بکات یان دەبێت چی بکات؟

– مرۆڤ ئەگەر بە ویژدانەوە قسەبکات لیستی گۆڕان تا ئێستا کۆمەڵێک خاڵی پۆزەتیڤی هەیە هەرئەوەشە وایکردووە کۆمەڵێک خەڵکی باش لەسەر هەموو ئاستەکان لەخۆی کۆبکاتەوە بەتایبەتی ڕۆشنبیری یاخی لە دەسەڵات، ئەوەی کە زۆر گرنگە بەلای منەوە ئەوەیە لیستی گۆڕان توانی زللەیەک لەو دوو حیزبە بدات و لە خەویان هەڵسێنێت بۆئەوەی بەخۆیاندا بچنەوەو لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەی کە پەیڕەویان دەکرد هیچ ڕێزێکیان بۆ خەڵک دانەدەنا، ئەو دوو دەسەڵاتە ئێمەیان بەرەو قۆناغێک دەبرد وەک دوو دەسەڵاتی کوەیتیو سعودی کە دوو بنەماڵە دەسەڵاتی تەواویان بەسەر وردودرشتی ئەو وڵاتە چەسپاندبوو، بەڵام گۆڕان بەهاتنە ناوەوەی گۆڕەپانی یارییەکە توانی هەژانێک لەناو خەڵکو لەناو دەسەڵاتیش دروستبکات، گۆمەکەی وا شڵەقاند کە هەموو ئەوانەی ئارەزووی مەلەی سیاسییان هەیە بێترس مەلەبکەن، واشی لەم دەسەڵاتەی ئێستای کوردستان کرد هێندە بێباکانە مامەڵە لەگەڵ خەڵک نەکەن، سەرۆک کۆماری عێراقی ناچارکرد بێتەوە سلێمانیو پێشوازی لە خەڵک بکات، کە پێموایە سەرۆک کۆمار لە هەموو ژیانی خۆی هێندەی ئەم دوو مانگە لە سلێمانی نەسوڕاوەتەوەو پێشوازی لە خەڵک نەکردووە. دەکرێت بڵێین ئەو هەژاندنەی گۆڕان کردی لەو ماوە کورتەدا ترسو دڵەڕاوکێی لە دڵی ئەو دوو حیزبە دروستکردووە بەوەی دەڵێت «کاکە خەڵکێکی زۆر هەیە بە ئێوە دەڵێ نەخێر»، بەڵام لێرەدا هەندێک خاڵی نێگەتیڤ هەستپێدەکرێت کە پێویستە لیستی گۆڕان حسابی زۆر جدییان بۆبکات، ئەویش یەکەم دەبێت پەردەکان زۆر تەنک بن خەڵک لەو دیوەوە هەموو شتەکان ببینێتو پێویستە ئەوانەی لە لیستی گۆڕان بەرپرسن دارایی خۆیان ئاشکرا بکەنو شتی نوێتریان لە بواری ڕاگەیاندنی دیموکراتی پێبێت. دووەم لەبەرامبەر پرسە نەتەوەییەکاندا ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان زۆر کزەو خەڵکی هەندەران تێڕوانیان وایە کە لیستی گۆڕان لەبەرامبەر پرسە نەتەوەییەکان کەمترین بەرنامەی هەیەو زۆرترین قورسایی چالاکیان خستووەتە سەر کێشەی گەندەڵی، لەکاتێکدا ئازاری ئێمەی کورد تەنیا گەندەڵی نییە، لەگەڵ گەندەڵیشدا کێشەی نەتەوایەتی کە دیارە یەکێک لە ئازارە هەرە بەسۆکانی ئێمە بەتایبەتی کوردانی هەندەران پرسی نەتەوایەتیە، بۆیە دەڵێم ئەگەر لیستی گۆڕان لە ئێستاو داهاتوودا شتێکی باشتری لە بواری پرسە نەتەوایەتییەکانو دیموکراسی پێنەبێت نموونەیەکی جوانتر پیشان نەدات لەو دەسەڵاتەی کەئێستا هەیە بەڕاستی خەڵک ڕووبەڕووی کارەسات دەکاتەوەو تووشی ڕەخنەی توندی جەماوەر دەبێتەوە، دەبێت جەماوەریش فێری ئەوەبێت ئەگەر هاتوو لە داهاتوو لیستی گۆڕان فاوڵی کرد، کارتی زەردی پیشان بدات، ئەگەر دووبارەی کردەوە کارتی سووریشی بداتێ، بۆئەوەی خەڵک عاشقی بەرنامەی گۆڕان بێت نەک لیستی گۆڕان.

بەرەو گۆڕان: لە هەولێرو دهۆک کەمتر باس لە لیستی گۆڕان دەکرێت، ئەوە بۆچی دەگێڕیتەوە؟

– ئەوەی کە پێویستە لەئێستادا بەرپرسانی لیستی گۆڕان بیکەن دەبێت بچنە قوڵایی جەماوەرەوە بەتایبەتی نەوشیروان مستەفا دەبێت لە گردەکە بێتە خوارەوە بۆ ناو جەماوەرو کۆڕو سمینار بۆ خەڵک بگێڕێت هەروەک بەرپرسانی لیستی کوردستانی لەناو خەڵک دەیگێڕن، هەرچەندە بۆ لیستی گۆڕان هەندێک ڕێگریی هەیە، بەڵام تۆ کە دەتەوێت گۆڕان بکەیت دەبێت نەترسی لەو ڕێگریانەی کە دێنە پێشت، هاتنی نەوشیروان بۆ هەولێر کاریگەری زۆر زۆری دەبێت لەسەر مەعنەویاتی خەڵکی هەولێر، چونکە لە (١٩٩٦) کە پارتی هاتەوە بەر جەبەروتێکی ترس هاتەوە ئەو ترسەش ڕۆژ بەڕۆژ لە ناخی خەڵکی ئەم شارە گەورەتر بوو، ترس بووەتە تەمێک لەسەر شاری هەولێر، بەڵام ئەوە مانای وانییە خەڵکی هەولێر هەر بێدەنگ دەبێت، پێموایە لەسەر سندوقی دەنگدان خەڵکی هەولێر شۆڕشێکی سپی دەکات زۆر بە هێمنی ئەو گۆڕانەی کە خۆی دەیەوێت دەیکات. من ئەوەندەی لەناو خەڵکی هەولێر هەستی پێدەکەم جەماوەرێکی یەکجار زۆر ڕووی لە لیستی گۆڕان کردووە، بەڵام ئەو جەماوەرە پێویستی بەپاڵپشتی مەعنەوی لیستی گۆڕانە تاوەکو بتوانن دەنگەکان بپارێزن تا ڕۆژی دەنگدان، چونکە جەماوەری لیستی گۆڕان زۆرترین ئەو خەڵکانەن کە ڕەخنەگری دەسەڵاتن، لەوانەیە بەهۆی هەندێک بانگەشەی سۆزداری زۆرێک لەو دەنگانە ڕایان بگۆڕێت، ئەوە لە ئەوروپاش بوونی هەیە دەبینین بەهۆی ڕوودانی کێشەیەک دەنگدەر ڕای خۆی دەگۆڕێت لەسەر لیستێکی دیاریکراو. ئێمەی خۆرهەڵاتی هەمیشە پێویستمان بە یەکێک هەیە کە وەڕەمان بەرز بکاتەوە هەر ئەوەندە یەکێک هەبێت ئەو مۆمەی لیستی گۆڕان بە شقارتەکەی خۆی دابگیرسێنێتو در بە شەوەزەنگ بدات، واتە دەبێت ڕۆحی مۆمەکە بگاتە هەولێر نەک هەر وێنەکەی.

بەرەو گۆڕان: تۆ پێتوایە دەسەڵات بەئەنجامی هەڵبژاردن رازیبن ئەگەر هاتوو لەم هەڵبژاردنەدا سەرنەکەوتن؟

– بەدڵنیاییەوە پێتدەڵێم نەخێر، چونکە ئەو دوو حیزبە ئەوە بۆ نزیکی پەنجا ساڵە شەڕ لەسەر دەسەڵات دەکەن ئەستەمە هەروا بە ئاسانی قبوڵی دۆڕان بکەن، هەرچەندە ئێستا هاوکێشەکان وەک هاوکێشەکانی ساڵانی (١٩٩٥) نییە شەڕی ناوخۆ دەستپێبکەنەوە، چونکە هەرشتێک بکەن کارەساتێکی گەورە بەسەر خۆیانو خەڵکدا دەهێنن ئەمریکا لە ناوچەکەیەو چاودێرێکی زۆر هەیە، میدیایەکی زۆر لە ناوچەکەدا هەیە، میدیای کوردی ئازاد پەیدابووەو ڕەوەندێکی کوردی زۆر لە دەرەوەی وڵات چاودێری ئەو هەڵبژاردنە دەکەن ئەمانەش بێدەنگ نابن، بەڵام دیسان دەسەڵاتی کوردی ئەگەر هەستبکات دەسەڵاتی لێ دەسەنرێتەوە کێشەی زۆر دروستدەکات، جا ئەو کێشانە چۆن دەبێت ئایا وەک ئێران یان جۆرێکی دیکە ئێمە جارێ نازانین، بەڵام وەک پێشتر وتم ئەگەر پێشێلکاریەکان بەمشێوەیە بۆیان بچێتەسەر ساختەکاری زۆر زۆر دەکرێت لەپێناوی مانەوەی دەسەڵات، کاکە ئەوان عاشقی دەسەڵاتن ناتوانن دەستبەرداری بن.

> **مرۆڤ ئەگەر بە ویژدانەوە قسەبکات لیستی گۆڕان تا ئێستا کۆمەڵێک خاڵی پۆزەتیڤی هەیە هەرئەوەشە وایکردووە کۆمەڵێک خەڵکی باش لەسەر هەموو ئاستەکان لەخۆی کۆبکاتەوە**

کوردەکانی دەرەوە لەپێناو گۆڕاندا دەگەڕێنەوە کوردستان

«کوردستانییانی دەرەوە زۆر بە پەرۆشەوە پشتگیری و لایەنگیری لە لیستی گۆڕان دەکەن»



ڕەوەندی کورد لە هەندەران

پشتیوان سەعدوڵڵا

بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکەی (٢٥)ی تەمووزداو لەپێناو دەنگدان بە لیستی گۆڕان ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ کوردستان گەڕاونەتەوەو کەمپەینێکیان بۆ پشتگیری لە لیستی گۆڕان کردووەتەوە.

نزیکەی (١) ملیۆن کورد لە ئەورووپاو وڵاتانی دیکە دەژین، هەرچەند بەپێی هەموواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانداو، ئاماژە بەوەکراوە دەبێت کوردەکانی دەرەوەی هەرێم بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام بە بیانووی کەمی کات کوردستانییانی دەرەوە لە مافی دەنگدان بێبەشکراونو ناتوانن دەنگبدەن، ئەو هەنگاوەش بووەتە هۆی نیگەرانیو نارەزایی ڕەوەندی کوردستان لە هەندەران.

لە پەیامو بەرنامەی لیستی گۆڕاندا ئاماژە بەوەکراوە، کوردستانییانی دەرەوەی هەرێم، لە وڵاتەکانی ئەورووپا، ئەمریکا، کەنەدا، ئوستراليا، وڵاتانی دراوسێو کیشوەرەکانی دیکەی جیهان، سامانێکی مرۆیی بەنرخی ئەم هەرێمەن، بەشێکی زۆریان هەڵگری ئەزموونی فیکری، شارستانی، تەکنیکیو لێهاتوویی زمانەوانی ئەوتۆن کە دەکرێت خزمەتی گەورە بە هەرێمو ئەزموونی حوکمڕانیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵگەی شارستانیی ناوخۆ بکەن، لیستی گۆڕان بڕوای وایە کە پێویستە هەموو کۆششێک بخرێتەگەڕ لەپێناو دروستکردنی پردی پەیوەندیی بەهێز لەنێوان حکومەتی هەرێمو ڕەوەندی هەندەران، دەبێت هەموو ئەو بڕیارو ئاکارە کۆمەڵایەتیو بیرۆکراتیانە هەڵبگیردرێن کە کۆسپ بۆ بەشداریی ئەوان لە بنیاتنانی وڵاتەکەیاندا دروستدەکەن، زەمینەی مادییو مەعنەویی تەواویش بڕەخسێنرێت بۆ ئەوانەی بڕیاری گەڕانەوە دەدەن، بەڕێزەوە لە وڵاتی خۆیاندا پێشوازییان لێبکرێت، لە حکومەتو کۆمەڵگەو زانکۆکاندا جێگەیان بکرێتەوە.

بە هەموو ئەو بڕیارو ڕێنماییو ئاکارە بیرۆکراتیانەی کە هاندەر نین بۆ بەشداریی ڕەوەندی دەرەوە لە بواری ڕۆشنبیری، سیاسی، زانستیو تەکنۆکراتی لە حکومەتو دامودەزگاکانی هەرێمدا.

بەهۆی بێبەشبوونیان لە مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمدا کە وا بڕیارە ٧/٢٥ ئەنجامبدرێت، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەشێک لە کوردەکانی دەرەوە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکە گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمو هەروەها تێیدا هاتووە «پێداچوونەوە ژمارەیەکی زۆریشیان پشتگیری خۆیان تائێستا ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکانەی بۆ لیستی گۆڕان دەربڕیوە.

د. سەیوان عەلی، کە نیشتەجێی وڵاتی سویدەو زیاتر لە مانگێکە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، یەکێکە لە هەڵسوڕاوانی کەمپەینی پشتگیری لیستی گۆڕان، بە بەرەو گۆڕانی ڕاگەیاند: ماوەی چەند مانگێکە کوردەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستانو ئێمە کۆمەڵێکین لەو کەسانەی کە هاتووینەتەوە بۆ کوردستان بە باشمانزانی کەمپەینێک بۆ ئەو مەبەستە بکەینەوە، ماوەی چەند ڕۆژێکیشە لە شاری سلێمانی بنکەیەکمان کردووەتەوەو کەسانێکی زۆر سەردانی دەکەن و پشتگیری خۆیان دەردەبڕن بۆ لیستی گۆڕان.

د. سەیوان عەلی، کە نیشتەجێی وڵاتی سویدەو زیاتر لە مانگێکە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، یەکێکە لە هەڵسوڕاوانی کەمپەینی پشتگیری لیستی گۆڕان، بە بەرەو گۆڕانی ڕاگەیاند: ماوەی چەند مانگێکە کوردەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستانو ئێمە کۆمەڵێکین لەو کەسانەی کە هاتووینەتەوە بۆ کوردستان بە باشمانزانی کەمپەینێک بۆ ئەو مەبەستە بکەینەوە، ماوەی چەند ڕۆژێکیشە لە شاری سلێمانی بنکەیەکمان کردووەتەوەو کەسانێکی زۆر سەردانی دەکەن و پشتگیری خۆیان دەردەبڕن بۆ لیستی گۆڕان دەربڕیوە.

د. سەیوان عەلی، کە نیشتەجێی وڵاتی سویدەو زیاتر لە مانگێکە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، یەکێکە لە هەڵسوڕاوانی کەمپەینی پشتگیری لیستی گۆڕان، بە بەرەو گۆڕانی ڕاگەیاند: ماوەی چەند مانگێکە کوردەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستانو ئێمە کۆمەڵێکین لەو کەسانەی کە هاتووینەتەوە بۆ کوردستان بە باشمانزانی کەمپەینێک بۆ ئەو مەبەستە بکەینەوە، ماوەی چەند ڕۆژێکیشە لە شاری سلێمانی بنکەیەکمان کردووەتەوەو کەسانێکی زۆر سەردانی دەکەن و پشتگیری خۆیان دەردەبڕن بۆ لیستی گۆڕان دەربڕیوە.

د. سەیوان عەلی، کە نیشتەجێی وڵاتی سویدەو زیاتر لە مانگێکە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، یەکێکە لە هەڵسوڕاوانی کەمپەینی پشتگیری لیستی گۆڕان، بە بەرەو گۆڕانی ڕاگەیاند: ماوەی چەند مانگێکە کوردەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستانو ئێمە کۆمەڵێکین لەو کەسانەی کە هاتووینەتەوە بۆ کوردستان بە باشمانزانی کەمپەینێک بۆ ئەو مەبەستە بکەینەوە، ماوەی چەند ڕۆژێکیشە لە شاری سلێمانی بنکەیەکمان کردووەتەوەو کەسانێکی زۆر سەردانی دەکەن و پشتگیری خۆیان دەردەبڕن بۆ لیستی گۆڕان دەربڕیوە.

لە دەرەوە گەڕاونەتەوە پەیوەندییان پێوەکردووین، ڕۆژانەش بە بەردەوامی لە زیادبوونداید.

بۆ پیشاندنی پشتگیری لە لیستی گۆڕان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا دەیان کەمپەین کراوەتەوەو پشتگیری کوردستانیانی دەرەوە بۆ لیستی گۆڕان بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە لیستی گۆڕان تاکە لیستە کە دەتوانێت گۆڕانکاری لە کوردستاندا دروستدەکات».

ناوبراو دەڵێت: «ئەوانەی کە لە ئەورووپاو وڵاتانی دیکەوە هاتوونەتەوە بۆ هەڵبژاردن بکەن، دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، جگە لە کەمپەینی کوردستان، لە ئەوروپاش دەیان کەمپەین بۆ پشتگیری لە لیستی گۆڕان کراوەتەوە». وتیشی: ئەو خەڵکانەی کە لە دەرەوەی کوردستان ژیاون، دیموکراسیەتی وڵاتانیان بینیوەو حەزدەکەن وڵاتەکەی خۆمان بەشێوەیەکی دیموکراسییانەو ئازادانە هەڵبژاردنی تێدابکرێت، گۆڕانکاری لە سیستمی ئیداریدا بکرێت، بۆیە زۆر بە پەرۆشەوە پشتگیریو لایەنگیری لە لیستی گۆڕان دەکەنو بە لیستێکی خاوەن بەرنامەیەکی زۆر باشو نوێنەری میللەتی دەزانن.

لەنەمسا، کۆمیتەی پشتگیریی لە لیستی گۆڕان ڕاگەیەنرا

سبەی

دوای دەستەکارکێشانەوەی یەک لەدوای یەکی ژمارەیەک لەکارگێڕو کادیرو ئەندامانی ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی نەمسای (ی.ن.ک)و پشتگیریی کوردستانییانی ئەم وڵاتە لە لیستی گۆڕان، ٢٠٠٩/٧/١٤ کۆمیتەی پشتگیریی لە لیستی گۆڕان لەنەمسا ڕاگەیەنرا.

مەبەست لە پێکهێنانی ئەم کۆمیتەیە بۆ باشتر ڕێکخستنی کاروبارەکانو خۆئامادەکردنە بۆ چالاکییەکانی داهاتوو.

ئەمەش ناوی دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆمیتەکەیە:

١. ڕەنج عومەر سدیق
٢. کەمال حەسەن میرزا ڕەشید
٣. پۆلای موهەندیس
٤. بەشیر مەحمود(ڕەوەند)
٥. کامەران حەسەن (کامەران قەلادزێی)
٦. دانا سەعدی مەحمود
٧. سیروان ڕەئوف ئەحمەد
٨. توانا سەعدی مەحمود
٩. کاوە حەمە ئەمین
١٠. هێمن کەمال شاکر
١١. عادل کافڕۆشی

بۆ زانیاریی زیاترو تۆمارکردنی ناوەکانتان بۆ پشتگیریی لە لیستی گۆڕان، تکایە پەیوەندی بەم ئیمەیلو ئەدرێسەوە بکەن:

Gorran57-austria@live.de

ناوی ئەوانەی تاوەکو ئەمڕۆ لە کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) لەنەمسا دەستیانلەکارکێشاوەتەوە، لەگەڵ ناوی ئەو کوردستانییانەی پشتیوانیی لە لیستی گۆڕان دەکەن.

بۆ بەشداریکردنتان لەگروپەکانی (پزیشکان، ئەندازیاران، پارێزەران، مامۆستایان، گەنجان)ی پشتگیریی لەلیستی گۆڕان تکایە پەیوەندیی بەم ئیمەیلانەوە بکەن:

بانگەواز

گەنجان:
Genjani_goran@hotmail.com

مامۆستایان:
Mamostayany-goran@yahoo.com
Mamostayany-goran@hotmail.com

پارێزەران:
parezaranygorran@gmail.com

پزیشکان:
angedoctors2009@yahoo.com

ئەندازیاران:
gorran.eng@gmail.com
gorran.engineering@yahoo.com

هونەرمەند تێکۆشەر نەجات: با بەیەکەوە بڵێین بەسە خێڵایەتی دواکەوتوویی بەڵێ بۆ گۆڕانو نوێخوازیی

سازدانی: ساڤۆ عەبدوڵڵا

هونەرمەندی شێوەکار، تێکوشەر نەجات، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خاوەنی شێوازێکی تایبەتەو کاری ئینەستلەیشن دەکات لە بواری شێوەکاریدا، لەم چاوپێکەتنەدا داوادەکات دامەزراندنو پارە بەخشینەوە نەمانکاتە کەسێکی نەخۆشو ناتەندروست.

بەرەوگۆڕان: ئەم هەڵبژاردنە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشتر؟ هونەرمەندان چۆن دەتوانن رۆڵی خۆیان بگێڕن تیایدا؟

– سەرەتا بەپێویستی دەزانم کە بڵێم ئەم هەڵبژاردنە جیاوازترە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوتر، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئێستای کوردستانو عێراقو بەشداریکردنی چەند لیستو قەوارەیەکی تازەو دەرکەوتنی بیروڕای جیاواز لە هەندێک بەرنامەی لیستەکاندا دروستبووە. هەموو تاکێک کە بەشداری هەڵبژاردن دەکات مەبەستیەتی بوونو دەنگی خۆی بدات لەپێناو ئەوەی داهاتوویەکی باش بۆ خۆیو نەتەوەکەی دابینبکات، هونەرمەندانیش وەکو بەشیک لە کۆمەڵگا کاریگەری خۆیان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا.

بە بیروڕای من هونەرمەندان توانایان هەیە کە رۆڵێکی کاریگەرو راستەوخۆ ببینن لە هەڵبژاردنەکانداو خەڵک هانبدەن بڕۆن بۆ هەڵبژاردنەکانو ئەوەی لەسەریانە وەکو ئەرکێکی نیشتمانی بەڕێوەی بەرنو داکۆکی لە مافو داواکارییەکانی هەموومان بکەن، تێبکۆشن لەپێناو رۆشنکردنەوەی هەموو کوچو پەنایەکی ئەم خاکەو هەوڵبدەن هەموو ئەو گرێ کوێرانە بکەنەوە کە ئێستاو داهاتوومانی پێوە بەندە.

بەرەو گۆڕان: ئێستا ئێمە لەبەردەم هەڵبژاردنداین، لەم هەڵبژاردنەشدا چەندین لیستو قەوارەی جیا بەشداری دەکەن، وەک هونەرمەندێک پەیامتان چییە بۆخەڵکو پێتوایە بە بەشداریکردنی هاوڵاتیان دەتوانن ئەم سیستمە سیاسییە بگۆڕن؟

– من بە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی دەزانم کە پارێزگاری لەم خاکە بکاتو بەرەوپێشی بباتو رێزی لێبگرێتو لە دوژمنو جاسوسو خۆفرۆشو ناحەزو گەندەڵو دزو کەسانی نەشیاوو داوێنپیس پاکبکاتەوەو نەهێڵن ئەوانە یاری بە چارەنووسیان بکەن.

داوا لە هەموو لایەک دەکەم دەنگی خۆتان با هی خۆتان بێت، هیوادارم نە پارە نە زەوی نە دامەزراندن نەبێتە پەردەو بدرێت بەسەر چاوتاناو لە کەسێکی تەندروستەوە ببنە کەسێکی نەخۆش، دەنگی ئێوە دەتوانێت بۆ ئێستاو بۆ داهاتوو گرنگە، دەنگی ئێوە مێژووی نەتەوەیەک بگۆرێت، بە دەنگی ئێوە یاسا دەتوانێت بەرقەراربێتو هەموومان مافمان هەبێتو جیاواز نەبین، دەنگی تۆ دەتوانێت داهاتووی خۆتو منداڵو خوشکو براو نەتەوەکەت بگۆڕیت.

بەلای منەوە هەموو نەتەوەیەکی زیندوو توانای گۆڕانو نوێکردنەوەی هەیە، لێرەوە با ئێمەش نەتەوەیەکی زیندووبینو با ئێمەش بە پەنجەکانمان دەنگی ناڕەزایی هەڵبژێرینو سیستمو شێوازی دەسەڵاتو بەڕێوەبردن بگۆڕین، با بەیەکەوە بڵێین بەسە خێڵەکایەتیو دواکەوتوویی، بڵێین بەڵێ بۆ گۆڕانو نوێخوازیی.



پێشێلکارییەکانی لیستی کوردستانی بە وێنە



فۆتۆ: گۆڕان عوسمان





فۆتۆ: گۆڕان عوسمان



فۆتۆ: سەلام حاجی کەریم

بەرەو گۆڕان
بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە
لیستی گۆڕان بۆ رووماڵکردنی
پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

«بۆ شالیاری هەربییەی کوردستان»

لەتیف فاتح فەرەج



جەنابی مەعالی شالیار، قوماندای سوپای سەف وەستاوی کوردستان لەژێر رایەی بەرز بێ وەتەن بە عیلمو فەن، ئەنگۆ کە بابەلباب پێیەکتان لەنێو خەباتو بەرەنگاریدا بووەو باپیرت، شێخ عەلی قەلبەزە تفەنگی بەڕووی ئەو ئەنگلیزو مەنگلیزەدا بەرز کردووەتەوەو بە ماوزەرەوە ئاوەلسەفەری مەلیکی کوردستان بووە لە شەڕی ئاوباریکدا، ئەو حەکایەتەم بە تولو تەفسیل لە خەلکی خودانکەرەمو میواندۆستی قەلبەزە ژنەفتووە، کورتو موختەسەر چ خێرە لەو تووی مەلیکە مەعالیتان دەکەونە وێزەی کوردستانییەکو کوێت دێشێ بگرە بیرازی دەکەن، شالیاری موعەزەم سەرداری سوپای شان پڕ لە ئەستێرەو بریقو باقی کوردستان، چەند خەنی دەبووین، لەو بەزمی نائیب دیاریکردنەدا، دەبوو ئێوە شالیاری حەربییەی هەموو میللەت بوونایەو بە یەکچاو لە خاسو عامتان دیقەت دابا، ئەوکارە بووە یان نەبووە، من تەمەننای ئەوەم دەکرد ئێوە شالیاری نێو خەونەکانی نالیو سالمو کوردیو شێخ رەزای تالەبانی، پەتی تەحەمولتان ئەستور باو لەباتی بەدرۆخستنەوەی گلەییو هاواری دۆستو عەزیزانی وەتەن، گوتبات، ئەگەر لە سایەی حکومەتداری ئێمەدا هاوخوێنێک لێیدراوەو ئازای بەدەنی ئەنجن ئەنجن کراوە، ئەوە ئێمە تەلەبی عەفوو لە میللەتی خاوەن عەفووی خۆمان دەکەینو لەبەر خودای رەبولعالەمین دەپارێینەوە لە گوناحی گەورەو گچکەمان خۆش بێت، دەستی خۆشت بە سەری ئەو هاوخوێنە عەزیزانەدا دەهێنا کە بالآیان خەلتانی خوێن کرابوو، شالیاری موعەزەم جەنابی وەزیری حەربییە، ئەی ئەو کەسەی حاجی قادری کۆیی پێتدەلا «ئەسبابی شەڕ پەیاکە تۆپو تفەنگو هاوەن» بۆ خاتری ئەللا حاجی تۆپو تفەنگو هاوەنو ئەسبابی شەڕی بۆ رووبەڕووبوونەوەی داگیرکارو ئەوانەیە کە دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووەو پارچەیەکی گەورە لە قەلبی کوردستانیان ناوناوە مەناتیقی موتەنازیعە عەلەیهاو لەو حدودو مدودەشەوە جاروبار تۆپو ناپالمو خومپارەمان پێوە دەنێن، مەعالی وەزیر ئێوە لە ئێمەومانان شارەزاترو دنیادیدەترن، دەزانن لەو کەیفو سەفای نائیب دیاریکردنەدا حکومەت دەبێت بێتەرەفو حکومەتی هەمووان بێت، ئەوەی لە تووی مەلیک قەوماوەو لە نەوەی هاوسەفەریکی مەلیکی دەگێڕنەوە، ئێمەی خەمخۆرانی ئەم نیشتمانە تەواوێک عاجزو دلگران دەکات، هەر نا، هەر نا لەبەرئەوەی سولەیمانی کەدارو مولکی بابان بوو بەر لە دەیان سالّ لەمەوپێش جێگەو مەکانی مەلیکێک بووە کە شوعەراو ئودەباو مونەوەرینی ئەو عەسرەی کورد نەقدی تونديان کردووەو ئەویش بە دڵی فراوانو لێوی بەخەندەوە فەرمویەتی ئێمەو ئەوان خالوخوارزاین ئەوە تەنقیدم دەکەن، قوربان بە قەولی پیرەمێردی پیرەمەردی فەیلەسوف «سوراحی سەر فروودێنێ لە بۆ پیالە کە تێکا بۆی» لوتف بفەرمو سەردانێکی مالی ئەو غەزەتەکارانە بکەن کە بینینیان بەو وەزعەوە لە شاشەی ئەو دەعبا ئەجنەبیەوە دڵ بۆیان دەبێتە ئاو...

لیستی گۆڕان بۆ ئایندەیەکی گەش



سەردار کورده رەواندوزی

دەنگدانو بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ئەرکێکی نیشتمانی پیرۆزەو پێویستە تەواوی چینو تۆژەکانی کۆمەڵ بەشداریەیەکی کارا بکەن لەم پرۆسەیەداو دەنگ بەو لایەنە بدەن کە لەپێناوی ماف و خواست و داخوازییەکانیان کاردەکات، دەبێت تاکی کورد هەرگیز ئەم هەلە زێڕینە لەدەست خۆی نەداتو لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە وەفاداریی خۆی بەرامبەر بەخاکو گەلەکەی بسەلمێنێتو تەواوی ناکۆکیو ململانێکانی لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە یەکلایی بکاتەوەودەبێت هاوڵاتیان ئەوە بزانن کە ئەم پرۆسەیە جیاوازی تەواوی هەیە لەگەڵ پرۆسەکانی دیکەی هەڵبژاردنو زۆر تایبەتمەندو چارەنوسسازەو چارەنووس و ئایندەی نەتەوەیەک بەندە بەم هەڵبژاردنەووە بچوکترین کەمتەرخەمی لەم بارەوە زیان لەدواڕۆژو ئەزموونی ئەم هەرێمە دەدات، هاوکات لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە لەکاتی بەشداریکردنیدا خۆیندنەوەیەک بۆ رابردوو بۆ لیستو قەواڕە سیاسییە بەشداربووەکان بکاتو ژیرانە ڕەشو سپی لەیەک جیابکاتەوەو دەنگ بەو لیستە بدات کە داکۆکی لە مافەکانو لە ئایندەی دەکات، نابێت بەهیچ شێوەیەک بیر لە بەرژەوەندی شەخسیو بیر لە پارەوپولو پلەوپایە بکاتەوەو هەڵبخەڵەتێت لەپێناوی شتی لاوەکیو کاتیی یان لەپێناو بەدەستهێنانی ئیمتیازاتو بابەتی لەو جۆرە، لەبەرئەوەی پێشبینی دەکرێت کە دەسەلآت لەپێناوی مانەوەی خۆیدا پەنا بۆهەموو جۆرە وەسیلەیەکی مادیو مەعنەوی بەرێتو ئەوان لەسەر ئەوجۆرە کلتورە ڕاهاتوون، هەربۆیە هۆشیاری تاکی کورد زۆر گرنگەو دەبێت مامەلەکردنمان لەگەڵ ئەم ڕەوشو بارودۆخە ناسکەدا بەشێوەیەکی مەنتقیو حەقانی بێتو ئەو دەرفەتە لەدەست خۆمان نەدەین کە چارەنووسی هەمووانی پێوە بەندە، بۆئەم مەبەستەش پێویستە دەنگ بەلیستی گۆڕان بدەین کە بەڕێز کاک (نەوشیروان مستەفا) سەرۆکایەتی دەکات و ئەو لیستەی کە تاوەکو ئێستا توانیویەتی تەواوی چینو توێژو پێکهاتەکانی کۆمەڵ بەبێ جیاوازی لەیەک کۆبکاتەوەو هەوڵدەدات لەپێناوی چەسپاندنی ئازادیی و دیموکراسیو دابەروەریی کەئەمەش خەونی لە مێژینەی هەموو هاوڵاتیەکی دڵسۆزو بەوەفای ئەم هەرێمەیە، لیستی گۆڕان کە تاکە لیستی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازو ریفۆرم خوازەکانە، نوێنەری ڕاستەقینەی جەماوەرە لەناو کایەو پێکهاتەکانی کۆمەڵداو لیستی سەرجەم خەڵکی کوردستانە، لیستی گۆڕان کە هەوڵدەدات لەپێناوی بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی و فەسادی ئیداری شێوازێکی نوێی خەباتی سیاسی نموونەیی بۆ گۆڕانی نەخشەی دەسەلآتی سیاسی لە کوردستانداو هێنانەکایەی سیستمێکی مۆدێرنی سەردەمیانە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەلآتی یاساو داد لەو هەرێمەدا، ئەم لیستە کە هەوڵدەدات لەپێناوی گەڕاندنەوەی سەروەریی بۆ هاوڵاتیان لیستی گۆڕان کە تێدەکۆشێت لەپێناوی جیاکردنەوەی حکومەتو پەرلەمان لەکاری سیاسیو حیزبی کاردەکات بۆ هێنانەکایەی پەرلەمانێکی شەرعیو سەربەخۆو حکومەتێکی کاراو ئەکتیڤ، کە بتوانێت بەشێوەیەکی تەندروست خزمەت بەچینو توێژەکانی کۆمەڵ بکات بەبێ جیاوازی ڕەگەزیو نەتەوەییو ئایینی، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەڵبژێردراوی نموونەیی ناوچەکە بێت، بۆیە پێویستە هاوڵاتی کورد هەرگیز ئەو هەلە مێژووییە لەدەست خۆی نەداتو بە گەرموگوڕی پێشوازیو بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکات، بۆئەوەی هێزو ئیرادەی خۆی لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە بەرجەستەبکاتو زەمینەی دیموکراسیەت بۆ داهاتوو دواڕۆژی نەوەکانی مسۆگەر بکات، ئەو هیواو ئاواتانەشی بەتەنیا بە ڕێگای دەنگدان بەلیستی گۆڕان بەدیدەهێنێت، لەبەرئەوەی ئەو لیستە داکۆکیکەری ڕاستەقینەیە لە ماف و خواستو داخوازییەکانی گەلەکەیو بە تەنیا لیستی گۆڕان دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو هەموو قەیرانو کێشەو گرفتانە ببێتەوە کە لەسەر ئەرزی واقیعدا هەن، لیستی گۆڕان کە هەڵقوڵاوی ناخی ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگایە، لیستی داوارەواکانی خەڵکی کوردستانە، بۆیە بە ئەرکێکی نیشتمانیو پیرۆزی سەرشانی هەموو تاکێکی دڵسۆزو بە ئەمەکی ئەم وڵاتەی دادەنێین کە بەگیانو هەستێکی بەرزی مرۆڤانە کار بۆ سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەنو بەدڵێکی گەورەی پڕ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەخاکو بەخوێنی شەهیدان بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەنو سەرجەم خەونە بەدینەهاتووەکان لەڕێی سندوقەکانو بەڕێگای دەنگدان بەلیستی گۆڕان بەدیبهێنێتو دواڕۆژو ئایندەیەکی گەش بۆ گەلەکەی مسۆگەر بکات..!!

Sardar_kurda73@yahoo.com

سکاڵای کچە شەهیدێک

سانا عەلی بابەکر

من ناوم « سانا»یەو کچی شەهید علی بابەکرم کە شەهیدی سەنگەرە، بە ناوی خۆمو هەموو ئەو منالآنەی لە ئاستی مندان داوا لە بەڕێز (مام جلال) سەرۆک کۆماری عێراق دەکەم ئاوڕێک لەو منالە شەهیدانە بداتەوە کە باوکیان بەهۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە شەهیدکراوەو لەلایەن ئەم حیزبەشەوە هیچ ئاوڕێکیان لێنەدراوەتەوەو تەنانەت هەر ناویشیان نەماوە ....

من یەکێکم لەو کچە شەهیدانەی کە تەمەنم نۆ مانگ بووە باوکمیان شەهیدکردووەو تەنیا بە ڕەسم توانیومە باوکم ببینمو ئێستا لە پۆلی چواری ئامادەییمو حکومەت هیچ ئاوڕێکی لێم نەداوەتەوە، نەک تەنیا من، بەڵکو هەزارەها منالی وەکو من کە ئەوانیش منالی شەهیدانن هیچی وایان بۆ نەکراوە، بەڵام کەسی وا هەیە لەسەر خوێنی شەهیدەکەی پۆستی باڵای دەدەنێو سەرۆک کۆمار بەجیاو دکتۆر بەرهەم بەجیا سەیارەی دەدەنێ شوقەی زەکەریاو خانوی (٥٠) دەفتەریو چەندین پارچە زەوی پێدەبەخشن، لەهەمانکاتدا شەهیدانەکەیان (٥,٥٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆنو نیوە لەگەڵ ئەوەی لە هەموو کوردستان بەپێی یاسای شەهیدان کە شەهید وارسی نەما شەهیدانەکەی دەبڕن، کەچی خێزانێکی زۆر کەم لەو دەوڵەمەندانەی کە هەموو شتێکیان بۆکراوە وارسیشی نەماوە کەچی شەهیدانە قەبەکەی هەر وەردەگرن واتا حکومەت لەبەر ئەوان هەر ئاگای لەوانیتر هەر نەماوە. ئەوان لە گەورەترین قەسردا دەژینو خۆشترین ژیانیان هەیە، بەڵام ئێمە یەک لە سەدی ئەوانمان بۆ نەکراوە خۆ ئەوانیش هەر وەکو ئێمەوان، ڕاستە باوکیان کەسێکی شۆڕشگێڕو ناودارباوە، بەڵام خۆ ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت خۆپنی باوکی ئێمە سپی بێو ئەوانیش سوور یاخود منالەکانیان لە ئێمە چاکترو زیرەکترن.

لەهەمانکاتدا منالی وا هەیە باوکی پێشمەرگە بووە، بەڵام لە ئەوروپا لە مالی خۆیدا مردوە کەچی بە شەهیدی میللەت ناویان بردوەو ئێستا منالەکانی لە خۆشترین شوێنو خۆشترین ژیاندا دەژین.

بۆچی دەبێت جیاوازی هەبێ لەنێوان منو ئەواندا؟

بۆ دەبێت ئەوان لە خۆشترین شوێندا بژینو منیش لە شوێنێکی ئاسایدا؟

بۆچی ئەوان لە خوێندنگەی نموونەییدا بنو ئێمەش لە خوێندنگەیەکی ئاساییدا بخوێنین کە زۆریش لەوان زیرەکترین؟

بۆچی ئەوان بە باشتر لە ئێمە ناسراون لەکاتێکدا لەوانەیە ئێمە زۆر لەوان بە تواناتر بین بۆ خزمەتی میللەتەکەمان؟

من وەکو هەموو کوردێک حەز دەکەم شانازی بکەم بە نەتەوەکەمەوە لای کەسانی بێگانە، بەڵام چۆن دەتوانم شانازی بکەم بە کوردەوە لەکاتێکدا ئەو هەموو جیاوازیە هەیە لەنێوان شەهیدەکاندا، نەک تەنیا لەناو خەڵکە ئاساییەکەیدا.

ئەمانە هەموو شتێک نییە کە جیاوازی نێوان منو ئەوانەی دیکە دەربخات، بەڵکو ئەمانە تەنیا لە سەدا یەکیەتی، دڵنیام ئەگەر لەسەدا نیوەیشی پرسیارم بکردایە ئێوە ناتوانن جوابی بدەنەوە، چونکە خۆتان چاکدەزانن ئەم قسانەی من هەقن، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا هەموو ڕاستیەکان شاراونەتەوە، تەنیا یەک وەڵامی ڕاستیش نەماوە...

لە کۆتاییدا من داواتان لێناکەم خانوی خۆشبەدن بە منو بچمە خوێندنگەی نموونەیی یاخود من بە باشتر بزانن لە ئەوانیتر، بەڵکو داواتان لێدەکەم هیچ جیاوازیەک نەبێت لەنێوان منداڵی شەهیداندا وەکو یەک سەیربکرێین.





هاوڵاتی حەسەن مستەفا قەرەداغی خاوەنی نوسینگەی خۆشنوسی نامۆ تابلۆیەکی دروستکراوی دەستی خۆی پێشکەش بە لیستی گۆڕان دەکات

(گۆڕان) شکێنەری بتەکان

محەمەد شێخ فاتح



هەژدە ساڵە بێدەنگییەکی سامناک، جەماوەرێکی بێدەنگ، کەشێک دوور لە هەر گۆڕانو نوێبوونەوەیەک بالی کێشابوو بەسەر ئەم هەرێمەدا، بە جۆرێک چەقبەستوویی زالبووبوو بەسەر پێکهاتەی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئەم ناوچەیەدا، کە ئومێدی هەر جموجوڵێکی لە ناوچەکە بڕیبوو.

دوای ئەو مێژووە مەترسیدارە، هیوایەک بەرێوەیە، هیواکە دروشمی (گۆڕان)ی لە هەگبەیدا هەڵگرتووە، هاوکات هەڵەیەکی کوشندەیە کە پێمانوابێت ئەو جەماوەرەی کە هەیەو داوای گۆڕان دەکات لە دەوری لیستێک یان کەسێک کۆبووبێتنەوە، بەڵکو ئەوان لەدەوری دیاردەو حاڵەتێکی گشتگیرو دەستەجەمعی کۆبوونەتەوە. هەمیشە لە هەر پرۆسەیەکی سیاسی گشتیدا، پێویستەکات کەسێتییەکی کاریزمی‌و رەنگو لۆگۆیەک هەبێت، تا هەواداران بیکەن بە هێما بۆ ئیشەکەیان، راستە لە ئێستاشدا، جەماوەرێکی ئێجگار فراوانی دڵگەرمی زۆر تووڕە لە دەوری رەنگێکی نیللی‌و مۆمێکو کەسێتی نەوشیروان مستەفا کۆبوونەتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، گۆڕان دەستیپێکرد. ئەو بتانەی هەژدە ساڵە ماکیاژیان بۆ دەکرێت‌و خزمەتدەکران، ساڵ لە دوای سات دەشکێنرێن‌و هەپروون دەکرێن، هەموو ئەو پیرۆزییانەی کە هەموو کەسێک لەو ئاستەدا نەبوو تەنانەت ستایشیشیان بکات، ئێستا نەفرەت دەکرێن. بارەگای ئەو حیزبانەی کە رێبواران بە سلەمینەوەوە بە بەردەمیاندا تێدەپەڕین، ئێستا بە بلندگۆ گەنجان بە بەردەمیاندا دەڕۆن و بە دەیان دروشمو بە دەنگی بەرز بوونی خۆیان دەسەلمێنن. ئەو بەرپرسانەی کە بە هەژدە سکرێترە نەدەگەیشتینە لایان ، ئێستا کە دەستیش ماچ دەکەن، پێیاندەوترێت، ماچی مەکەن‌و شانازی مەکەن بە دەست ماچکردنماندەوە. دۆستانی سێبەرو کورسی، ئێستا لە بازاڕو لە بەرهەتاودا، لە دەشت‌و دەروو لەسەر گۆڕستانەکاندا دەبینرێن، ئەو کەسانەی کە تا دوێنی بە کردەوە دەیانسەلماند، کە ئەوان «شەعبوڵڵاهی ئەلموختارن» ئێستا بوون بە خزمانی جاف‌و گۆران.

ئەوان کە ئەم هەرێمەیان خستە خوار هێلی هەژاریی‌و نەیانتوانی لە راپۆرتی رێکخراوە نیودەوڵەتییەکاندا هەرێمی کوردستان لە ریزی پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵکار پێیەک بهێنن دواوە، ئێستا پەلە پرۆژێی خزمەت‌و ئاوەدانکردنەوەو دروشمی نوێبوونەوە بەرز دەکەنەوە. ئەو بەرپرسانەی کە تەنیا چەند کەسێکی تایبەت بۆیان هەبوو لە کۆرو کۆبوونەوەکاندا پرسیاریان لێبکات، ئێستا سەرباری بەخشینەوەی (٤٢٠) هەزار دۆلار، بەڵام هونەرمەندان پێیان دەڵێن: «دەنگ بدەین بە شەیتان نایدەین بە ئیوە» بازرگانان پێیان دەڵێن: «دەستتان خستووەتە بینەقاقای بازاڕ»، بێوەژن‌و ژنە ئەنفال پێیان دەڵێن: «نەیەن بەم ناوەدا، هەموو قسەکانتان درۆیە»، بەڵام ئەوان هەر قەبولیانەو سنگیان ئێجگار فراوانە، کەواتە دنیا گۆڕاوە.

دەکرێت، کورسییەکانی پەرلەمان ببنە پنتێک بۆ گۆڕان، بەڵام ئەوە رای شەقامو جەماوەرە، کە ئەو گۆڕانە دەکەن، ئەو هۆڕین‌و هوتاف‌و رقی پیرۆزی خەڵکەیە، کە گۆڕان دەکات، چونکە ژمارەی کورسی گرنگ نییە، بەڵکو دانیشتووی سەر کورسییەکان گرنگن، لەبەر ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە سەدوو یانزە کورسییەوە بە نوێنەرانی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە، نەتوانرا گۆڕان بکرێت، بۆیە گۆڕان ئیرادەیە نەک کورسی، هەر بۆیە دەبێت لیستی گۆڕان‌و جەماوەرەکەشی بەدەر لە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن خۆیان بە براوە بزانن، چونکە براوەن.

کۆیەش ریفراندۆمی خۆی کرد

فۆتۆ: ئاری سابیر